

فازڵ میرانی لە وتارێکیدا بە بۆنەوەی ١٦ی ئابەوە...

## پارتی گوێ بە پروپاگەندەی دوژمنان نادات ڕووبەڕووکارێکی بەهێز و ڕەسەنە و سەرکێشی ناکات و سەرکردایەتی دەکات و کەس سەرکردایەتیی ئەو ناکات


گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٢٨)- (١٥)ی ئابی ٢٠٢٢


# پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەیەکی نیشتمانییە بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی

تەنیا کاریزمای مستەفا بارزانی توانیویەتی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە

ڕابەری کاریزما لە ناو هەناوی مێژووی نەتەوەدا پارتی سیاسی دادەمەزرێنێت، بەڵام سیاسەتمەدار لە ناو مێژووی ئایدیۆلۆژیادا



## بەشێک لە راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی دەیەم ١٩٨٩


# چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا


٢٩




بێگومان مێژووی کیانی سیاسی عێراقی لە (١٩٢١)ـەوە شاهیدە کە لە دوو قەومیەتی سەرەکیي عەرەب و کورد پێک هاتووە، لەگەڵ کەمایەتییە نەتەوەییەکانی، کە بەداخەوە تا ئێستاش ئیستقراری بەخۆیەوە نەبینیوە، چونکە نە موشکلەی حوکمێکی دیموکراتی بە ئسلووبێکی دیموکراتیی ئازاد لە عێراق بۆ بەرژەوەندەیی گەلانی عێراق حەل کراوە و، نە موشکلەی کوردیش کە گەورەترین موشکلەیە لە عێراقدا لە بەرژەوەندیی کیانی سیاسیي موشتەرەکی عێراقی و، بەرژەوەندیی هەردوو قەومیەی سەرەکی حەل کراوە، بۆیە پێویستە هەردوو موشکلەکە بە ئسلووبێکی دیموکراتیی ئازاد و سلمی و بە ئیختیار و ڕەزامەندیی گەلانی عێراقی و میللەتی کورد حەل بکرێن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کارگێڕییەوە، بەرەو پێشەوە بچن و، ببڕاییبڕ کۆسپ و تەگەرە نەمێنێت لە پێشکەوتن و خەمڵاندنی کیانی سیاسیی هاوبەشیاندا، واتا دەسەڵاتی سیاسی و حوکمێکی دیموکراتی، لەلایەن هەردوو قەومیەتی سەرەکی بە چاکترین شێوە لە هەیکەلی تەنزیمی ڕژێمی دواڕۆژی تازەیاندا، خۆیان بنوێنن و هەردوو قەومیەت هەست بکەن کە ئەم کیانە سیاسییە هاوبەشە، فعلەن موشتەرەکە بۆ هەردووکیان، لەگەڵ ڕەچاوکردن و دابینکردنی مافەڕەواکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بەباشی، بەپێی سەرەتاکانی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان کە نموونەی چارەسەرکردن و دابینکردنی لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا هەیە، واتا لەژێر باڵی ئاشتییەکی دادپەروەرانەدا، بە کامەرانی و ئازادی و دیموکراتی و تێروتەسەلی بژین و برایەتیی مێژوویی و ئیسلامی و خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب بەهێزتر بێت و تیخی تێکۆشانی هاوبەشیان چاکتر مشتوماڵ بکەنەوە، تاوەکوو عێراقێکی دیموکراتی و ئازاد بە گشتی و، کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بەتایبەتی، ببن بە قەڵای سەختی گیان لەسەر لەپی دەستیان دژ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕەجعیەتی ناوچەکە کە بەمەش چاکترین ئاڵقە دەخرێتە زنجیرەی خەباتی میللەتانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی سەر زەمین و ئینسانییەت، لەپێناو پاراستنی و چاکتر چەسپاندنی ئاشتی جیهانی و، چارەسەرکردنی نیزاعاتی ئیقلیمی لە ڕێگەی گفتوگۆی ئاشتیخوازانەدا، لەبەر تیشکی بیرکردنەوەی سیاسیی تازەی جیهاندا.

چاپکراوی نوێ





## کتێبی:

# بەیەکەوە ژیان لە کوردستان.. دیدو تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان

**(کوردستان نموونەیەکی جوانە بۆ پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی و هەمیشە گەلی کوردستان شانازی بەوە کردووە کە ئەم فەرهەنگە زۆر کۆنەو دەبێ بپارێزرێت و دنیاش بزانێت کە کوردستان وڵاتی پێکەوە ژیانە).**

**سەرۆك مسعود بارزانی**

بە ئامادەبوونی بەڕێزان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی و ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەك لە وەزیرو بەرپرسانی ئیداری و حزبی و نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتە ئایینییەکان لە کوردستان و جەماوەرێکی زۆر، ڕێوڕەسمی ناساندنی کتێبی (بەیەکەوە ژیان لە کوردستان.. دیدو تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە بارەگای دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، لەم ڕێوەڕەسمەدا بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد، هەروەها مەتران بەشار وەردە سەرۆکی ئەساقیفەی ئەبریشەی کلدان لە کەنیسەی مار یوسف، دواتر دکتۆر







عەبدوڵڵا مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وتاریان بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

جێگەی باسە کە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و گۆڤاری (گوڵان)، پڕۆژەی چاپکردنی کتێبی (بەیەکەوە ژیان لە کوردستان.. دیدو تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان) یان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ئامادە کرد، (گۆڤاری گوڵان)یش بە شانازییەوە لە چوارچێوەی زنجیرە بڵاوکراوەکانیدا ئەرکی ئامادەکردن و دیزاینی بە هەردوو زمان و وەرگێڕانی بۆ بەرگە عەرەبییەکەی و چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ. ئەو وتارو دیدارانەی لەم کتێبەدا بە زمانی کوردی و عەرەبی چاپکراون، پێشتر لە گۆڤاری گوڵان بڵاوکراونەتەوە.

لەم کتێبەدا بە جیاوازیی ئایین و ئایینزاکانەوە ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی و بەرپرسان لەمیانی وتارو دیدارەکانەوە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربارەی بەیەکەوە ژیان لە کوردستان دەربڕیوە.

لەم ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی ڕێزلێنان و دیاری پێشکەش بە بەشداربووان و نوێنەرانی پێکهاتە ئاینییەکان لە کوردستان کرا، هاوکات لە کۆتاییدا کتێبی (بەیەکەوە ژیان لە کوردستان.. دیدو تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەسەر ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە دابەش کرا.

سەعید جردو مەتۆ :



## بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، ئێزدییەکان شانازی بە فەلسەفەی مەلا مستەفا بارزانی-یەوە دەکەن

بواز ئەتزیلی :



## زۆرێک لە پشێوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زادەی داڕووخانی دەوڵەتن

دەریا قادر




## رۆژنامەگەریی پیشەیی لە زەمەنی سۆشیال میدیادا

کەریم سلێمان



## میرو بابەشێخی رەحمەتی و جڤاتی رۆحانی و بیرمەند و شێخانی ئێزدی بۆ ریفراندۆم پاڵپشتی سەرۆک بارزانی بوون

جون توفێل درەیەر :



## چین دەیەوێت بە گوشاری ئابووری تایوان ناچار بە خۆراددەستکردن بکات





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

دکتۆر هومام ئەلشەماع :



حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر مامەڵەی لەگەڵ دۆخی ئابووری و قەیرانەکان کردووە

ئایا دەرچووی زانکۆکان دەتوانن پێداویستەکانی بازاڕ پڕ بکەنەوە



سامسۆنگ شاشەیەکی تایبەت بەرهەم دێنێ



باینجان هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێش






ئەحمەد سالار بە خۆر دێتەوە ئاسمانی شار شانازییەک تۆمار دەکات

شایی ئومێد :

حەز و خولیا بۆ هەر کارێک وا دەکات ئاسانتر بەربەستەکان تێپەڕێنیت



# ١٦ی ئاب

## یاد و ناوەخنی ڕەوت و ئاراستە







# فازڵ میرانی

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەو پێیەی کە پێشمەرگەیەکی پارتیمانم، بۆیە بۆ نووسینی وتارێك لەسەر یادی دامەزراندنی حزب، وا پێویست دەکات کە من بەو وشانە دەست پێ بکەم، کە بانگەوازێکە و پێی ڕاهاتووین لە بەیاننامەکانی خەباتماندا، بۆیە ڕوو لە سەرچاوە شەرعییەکانمان دەکەم و، بەمە دەست پێ دەکەم:

ئەی گەلی کورد لە بەشەکانی کوردستان..

کەسوکاری شەهیدانی نەوە دوای نەوە بە درێژایی مێژووی خەباتی شکۆدارمان، ئەی ئەو ڕۆحانەی بە دڵنیایی و ڕەزامەندییەوە بۆ لای یەزدان گەڕانەوە، دوای ئەوەی بەهادارترین شتیان کە خوای گەورە پێی دابوون، لە پێناو ئازادیدا کردە قوربانی.

بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانیی زیندوو لە ویژداندا

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەت و فراکسیۆنەکەی پەرلەمان و نوێنەرانی لە دەسەڵاتی فیدراڵیدا

پێشمەرگەی کوردستان، ئەوانەی دەستتان لەسەر پەلەپیتکەی چەك خاونەبووەوە بۆ داکۆکیکردن لە پیرۆزییەکانی بارەگاکانی حزب و لق و نووسینگە و یەکێتییە تێکۆشەرەکانی.

ئەوەتا پارتەکەتان پارتی دیموکراتی کوردستان، مۆمێکی تازەی تەمەنی دادەگیرسێنێت، پارتەکەی ئێوە کە لە ناخی ئەم نەتەوەیەماندا لە دایك بووە، بە خێرایی بڵاوبووەوە و ئاڵای زەردی بەرزکردەوە، کە لە سەڵاحەددینی ئەییووبی بۆی ماوەتەوە.

شانازی باڵی بەسەر ئاسۆدا کێشاوە، داستانێکە لە ژیانی هەمووماندا بەرجەستە دەبێت، هەر لەوەتەی مستەفا بارزانی زانست و چەکی هەڵگرتووە بۆ بەرهەڵستیی ستەم و زۆرداری، بێ ئەوەی باکی بە سوپاکانی ئەو دەوڵەتانە بووبێت کە مێژوو لەبەر درندەییان خستوونیەتە گۆشەی ڕیسواییەوە، بەڵام بارزانی و نەتەوەکەی خستە ئەو پەڕی سەرکەشی و سەربەرزییەوە.

پارتی کە تا ئێستاش هەر بە هەمان هیمەتی سەرکردەکەی بەردەوامە لە کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی بۆ گەل، زەوی دەبڕێت و پێشبڕکێ لەگەڵ شەو و ڕۆژدا دەکات، تاکو نەتەوەکەمان نەگەڕێتەوە ئەو سەردەمەی کە دوژمنانی ئازادی جڵەوی چارەنووسیان کردبوو، هەروەها دەیانویست لە پیلانە قێزەونەکانیاندا بمانتوێننەوە، کە تەنیا زەرەرمەندی و ماڵوێرانی بەدوادا دێت.

پارتەکەتان، پارتی تێکۆشان و خەبات و جیهادە، پارتی سەنگەری ئارامگرتن و داکۆکیکردن و شۆڕش و سەرکەوتنەکانە، پێشتریش و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە ئێوەوە پارتی هەر بە دەستکەوتەکان و پێشکەوتن و گەشانەوە دەمێنێتەوە، مایەی شانازییە بۆ پیاوان و ئافرەتان و لاوان و پیر و منداڵان، کە بە درێژایی تەمەنی ئەو پارتە و تەمەنی بزووتنەوەکانی خەباتمان، یەك ڕێباز کۆی کردووینەتەوە، لەو سەردەمەیدا کە باب و باپیرانمان لە کۆنەوە بە وشەی ئازادیخوازی هۆشیار بوونەتەوە و خۆیان بۆ گیانفیدایی ئامادە کردووە.

گەلی ڕاستگۆ و ڕەسەنمان کە بە زامی شەڕوشۆڕ تلاوەتەوە و سیاسەتی ئەوانە ئازاری داون کە هەڵپەی تەخت و تاجی بۆش و بەتاڵ دەکەن، ئەو گەلەی کە هەموو دونیای فێری وانەکانی مکوڕبوون و پێشڕەوی و سەرکەوتن کرد، گەلێکە پرۆسەکانی ئەنفال نەیانتوانی ئیرادەی کۆت و بەند بکات، چەکی کیمیاوییش هەناسەی لێ نەبڕی، پەتی سێدارەی جەلادەکانیش نەیتوانی سەریان لە جەستە بکاتەوە، لە ناو زیندانیش بە ئەشکەنجەدان خوێنی هەڵنەچۆڕا و وشکی نەکرد، کانگەی نەتەوەیی ئەو گەلە بە زەبروزەنگ و درندەیی داگیرکەرانی خاك و ژیان نەتوایەوە.

چ پەرجووی خەباتێکە بۆ نەتەوەکەمان کە سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکایەتی بکات و درێژە بە ڕێبازی باوکی بدات لەگەڵ ئەو خەباتگێڕانەی لەگەڵیدان، کە بۆنی پاکیی ڕووباری ئاراسیان لێ دێت و دەروونیان بەو

ڕووناکییە گەشاوەیە، کە هەر کاتێك تاریکی داهات، ڕێگەکان ڕۆشن دەکاتەوە.

**هەڤاڵان.** خوشك و برایان، هەموو ڕێڕەوی مێژووی خەباتی کورد شانازی بە گیانی خەباتەوە دەکات و، لە نێو ئەو ڕۆحەدا پارتەکەتان ژیانێکی تازە دێنێتەوە ئارا، ژیانێکە کەرامەت و گەشەسەندن دەچنێت، لەسەر ئەو خاکەی کە بە درێژایی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خێر و شەڕ بووەتە سووتماك.

ئەی ئەو نەوانەی کە قوربانیتان دا، پارتەکەتان پارتی دیموکراتی کوردستان، هەرگیز نائومێدی نەکردن و نائومێدیشتان ناکات و، تارمایی شۆڤینییەتی ڕەواندووەتەوە، دوای ئەوەی لە چەندین گەڕی مەزنی شەرەفدا ڕووبەڕووی ئەو تارماییە بووەوە و مێژووش بە شانازییەوە تۆماری کرد.

پارتەکەتان دوای حەوت دەیە و شەش ساڵ خاوەنی ماندووبوون و میراتێکی گەورەیە لە داکۆکیکردن و قوربانی و ئامانجی پیرۆز و بنەمای قووڵتر و بەرزترین بونیات، جەماوەری حزبەکەتان هێندەی فراوانیی خاکی نێوان کوردستان و تاراوگە بڵاوە، کە تاکێتیی ئەم گەلە وەك کانزایەك هەڵدەگرێت، کە بەرانبەر کەسانی دیکە شانازیی پێوە دەکەین.

ئەی ئەو نەوەیەی کە لەسەر ئەم ڕێگایە بەردەوامە، پارتەکەتان پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی خەباتگێڕانەتانە لە باوك و دایك و باپیرانەوە، پارتی شۆڕش و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانە، ئێوەش بە گیانی ئەوانی پێش خۆتان چەکدار بن، ئەوانەی کە ڕووبەڕووی زلهێزان بوونەتەوە، تاکو خۆری ئەمڕۆتان بۆ هەڵبێت، ئێوەش گەورەی خۆتانن، تاکو دوای ئێوەش نەوەیەك بێت کە ئەو شانازییەیان بۆ بمێنێتەوە کە ئێوە هەڵتانگرتووە.

پارتە خەباتگێڕەکەتان هیچ ئامانجێك نەماوە لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەدا کە هەوڵی بەدیهێنانی نەدابێت، ئێوەش ئەی هەڤاڵان چاو و زمان و دەست و پارێزەرانی بن، کارمان کردووە و دەیکەین بۆ پیرۆزترین ئامانج و چاکترین دەستکەوت بۆ ئێوە لە گوند و شارەکاندا، لە کێڵگە و زانکۆکاندا، لە مەیدانی جۆراوجۆری کاردا.

خەباتی پارتەکەتان بەو ڕابەرایەتییەی کە هاوتای نییە، مستەفا بارزانیی نەمر و سەرۆك مسعود بارزانی (خوا تەمەن درێژی بکات) بەرهەمی سەرکەوتنی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو زیان و ستەمەی وەلاوە نا کە وەك کۆت و بەند لە مەچەکی نەتەوەکەمان ئاڵا بوون، ئەوە بوو بە هیممەتی خۆتان و سەرکردایەتییەکەتان ئەو زنجیر و کۆتەتان پساند.

ئەی هەڤاڵانی خوشك و برا . ئێوە ناوەرۆکگەلێکی ڕەسەن و ڕووکەشێکی بەهێزتان هێنایە ئاراوە، کە جوانترین وێنە و بەردەوامیی ژیانە، کێڵگەکانمان کە ستەمکاران بە مین چاندبوویان، بە هیممەتی جووتیارانمان خێریان لێ بەرهەم هات، ئێمەش بە ڕێگای یاسا و حکومەت کاردەکەین کە ئەم خێرە زیاتر بێت و ژیانی جووتیارانمان شایستەتر بێت.

ئێوە هاوچەرخبوونتان بە شارەکانمان بەخشی، بە چەشنێك هیچ شتێك نەتوانێت زیان بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت، ئێوە بەهاکانی کۆمەڵگە و پرەنسیپەکانی نەتەوە و پرۆگرامی حزبەکەمانتان چەسپاند، لە یەکتر قبووڵکردن و ڕەتکردنەوەی دەمارگیریدا.

ئەگەر بە قووڵی و بە ویژدانەوە بڕوانینە تەمەنی پارتیمان لە ١٩٤٦ـەوە تا ئەمڕۆ، بەسە بۆ ئەوەی بێ هیچ گومانێك بڵێین: (پارتێکە و گەورەتریشە لە پارتێك)، نەتەوەیەکە تواوەتەوە لە نێو جەستەی نەتەوە گەورەکەی و نیشتمانپەروەرییەکەیدا، لە هەر شوێنێك کە نیشتمانپەروەری جێگەی ببێتەوە، ئەگەر نیشتمانپەروەریش لە ڕەوتی خۆی لای دا، ئەوا شان بە شانی خێرخوازان کار بۆ ڕاستکردنەوەی دەکات.

ئێمە لە هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز و، لە جومگەی کاری ئۆپۆزسیۆنی هاوبەشدا کارمان لەسەر هەموو هەنگاوێکی سەر ئەرزی واقیع کرد و، بە هەموو دەنگ و زمانێك بۆ خزمەتکردنی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە شایستەی گەلەکەمان و نیشتمانێك بێت کە بەرگی سیاسی پۆشی بێت، ئەوەی کار لەو نەتەوەیە بکات، کە خوای گەورە لەسەری دروست کردووین، بەڵام بێ هیچ لەکەیەکی

پەراوێزخستن، یان ئیدانەکردنی لاساییکردنەوەی ستەمکار.

بارزانیی نەمر فێری کردین کە بتوانین بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و ئیرادە و ئاراستانەدا سەرکەوین، کە ویستیان ڕێگر بن لەبەردەم گەیشتن بەو مافانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوین و یاسا دروستەکانیش ڕێگەیان پێ داوە.

خوشك و برایان، هەڤالان، ئێوە بۆتان هەیە شانازی بە مێژووی پارتەکەتانەوە بکەن کە مافی ناسی و، خەڵکانی دیکەش پێگەیان ناسی، و پارتێکی جەماوەرییە کە سەودا و سازش ناکات، لە قوربانیداندا دوا ناکەوێت، گوێ بە پروپاگەندەی دوژمنان نادات، ڕووبەڕووکارێکی بەهێز و ڕەسەنە و سەرکێشی ناکات و سەرکردایەتی دەکات و کەس سەرکردایەتیی ئەو ناکات.

خەڵکی ئێمە لە کوردستانی بە قەدر و قیمەتدا، بە بەرزییەوە یادی هیممەتی کوڕانی پارتەکەتان دەکەنەوە کە بەرەوڕووی ئەستەم بوونەوە، تاکو نەتەوەکەمان لە مەینەتی و ستەمی ڕژێمەکانی پێشوو ڕزگار بن، هەروەها لەم ڕێگە سەختانەدا لە واقیعی دژواری ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا گەڕاون تاکو ئەو ئالایانە بەرز بکەنەوە کە بناغەیان هەیە، بناغەی ژێرخان و وەبەرهێنان لە مرۆڤدا، کە سەرمایەی مسۆگەری گەشەسەندنن.

پارتیمان پێشتر و لەمەودواش بەرژەوەندیی نەتەوەکەی زاڵ دەکات بە سەر هەموو بەرژەوەندییەکدا، لەگەڵ میللەتەماندا نموونەیەك بووە بۆ درێژەپێدان و پێشڤەچوون، هەمیشە قوربانیی بە دەستکەوتە حزبییەکان داوە، کە ئەوانەی غەیری ئێمە هەڵپەیانە بۆ بەدەستهێنانی لەژێر دروشمی ناڕاستەقینەدا.

ئەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان. پارتەکەتان لە ڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستکەوتگەلێکی گەورەی پێشکەش کردووە، لە سەروویانەوە پێشکەشکردنی بیرۆکەی شەراکەتی ڕاستەقینە لە دەرکردنی بڕیاری جێبەجێکردندا و، کارکردنی بەردەوام و جددی و هۆشیار بە پێویستییەکانی تاکی کوردستانی، لە ڕووی ئاسایش و گوزەران و کارەوە، کە ئەمەش دواکاری ئەم حکومەتە نییە.

سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی گرتییە دەست، چەند بناغەیەکی کارکردنی داڕشت، کە بە هۆی دید و تێڕوانینەکەی و هاوکاریی تیمە وەزارییەکەیەوە دەستکەوتەکان بەرەو هەڵکشان چوون و، بە هەموو ئاراستەیەکی ناوەوە دەرەوەدا هەنگاوی نا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی گەلی هەرێمی کوردستان بەدی بهێنێت لە گوند و شارو شارۆچکەکاندا، هەموو توانایەکی خۆی بەکار هێنا و هەموو ئامرازێکی نوێی هێنایە ئاراوە، بۆ ئەوەی پەلە بکات لە دابینکردنی پێویستییەکانی هاووڵاتیان.

خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی و یاسایی و ڕۆشنبیریی فراوان بوون و ڕێك خران، پەیوەندییەکانیش زیادیان کرد لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بە حکومەت و دەستەکانەوە، هەروەها لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی فریاگوزاریدا، ئەو حکومەتانەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دایمەزراندن، توانییان هۆکار بن بۆ کەڵەکردنی شارەزایی ئەداکردن، کە تێڕوانینی لووتبەرزانە و فەرامۆشکاریی حکومەتەکانی پێشووی ڕامالی، کە پێش ٢٠٠٣ کۆنترۆڵی ژیانی تاکی کوردستانیان کردبوو.

ئەوە بوو حکومەتی کوردستان بووە جێگەی متمانەی گەلەکەمان و سەرسامیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە هۆی ئەو گەشەکردنەی لەسەر داروپەردووی کەڵەکەبووی سالانی دیکتاتۆریەتەوە بەدی هێنا، بەڕێزیان ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە پاڵپشتیکردنی هاووڵاتیان و شەرعییەت و بەتینکردنی پەیوەندیی نێوان دەستەی یاسایی و دادوەری و جێبەجێکردن و سیاسییەکانەوە، ئەویش بە هۆی پێگەی بەڕێزیانەوە وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز مسرور بارزانی لە میانی ئەو شارەزاییە پێشەنگەی هەیەتی، سەرۆکایەتیی حکومەتی گرتە دەست، کە پارتیمان لە ڕێی سەرۆکی حکومەتەوە شەرەفمەندە بە ئەداکردنی ئەرکی جێبەجێکردن تێیدا، بەڕێزیان گەورەترین سەرکەوتنی لەسەر هەموو ئاستێکی کارکردندا بەدی هێنا، بەتایبەتی لە قۆناغی تەحەددییە

گەورەکانی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا ڕۆڵی گرتە ئەستۆ، ئەمەش پێویستی بەوە بوو کە هەوڵێکی مەزن بدرێت بۆ پاراستنی سەقامگیریی کوردستان و بەدواداچوونی کێشەکان، کە پەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە، ئەو کێشانەی کە ساڵانێك حکومەتەکان و پارتیمان کۆششیان کردووە لە پێناو ژیان و گوزەران و دوورخستنەوەی مەترسییەکان لێی. بەڕێز مسرور بارزانی ڕۆڵی سەرکردایەتییەکی کاریگەر دەبینێت لە برەودان بە دەستکەوتەکان و کارکردن بۆ بناغەدارشتن، بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، بە چەشنێك کە لەگەڵ ڕۆژگاری هاوچەرخ و پێداویستییەکانیدا هەڵ بکات، ئەمەش لە ڕێی گرتنەبەری پلانێکی واقیعبینانە و تا دواڕادە وردەوە.

## خوشکان.. برایان.. هەڤاڵان

پارتی دیموکراتی کوردستان کە خۆی بۆ وەرزێکی دیکەی تەمەنی ڕێکخستن ئامادە دەکات، بە ئامادەباشییەوە بەرەو چواردەمین کۆنگرە دەچێت، سوورە لەسەر ئەوەی لەم کاروانە بەردەوام بێت و، ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی کە خۆی لەگەڵ پێشهاتەکاندا بگونجێنێت، بە هۆی قووڵی و واقیعبینیی دیدگای سەرکردەکەی و هەڤاڵانی لە ڕەعیلی یەکەم لە سەرکردە بە توانا و خاوەن ئەزموونەکان و، گەشبینە بە گیانی تازەبوونەوە، کە حزب بەردەوامە و خەباتیشی درێژەی هەیە، کە بووەتە هۆی ئەوەی لە ئەمڕۆدا بەدیهاتووە و، سبەینێش دێتەدی.

ئێمە کاتێك یادی شەهیدە سەربەرزەکان دەکەینەوە، یادی ئەوان لە ویژدانی ئێمەدا زیندووە، لەو ڕێگە سەختە دەڕوانین کە لە پێناو نەتەوەکەمان گرتوومانەتە بەر، ئێمە متمانەمان زیاد دەکات و بڕوامان بە دۆزەکەمان پتەوتر دەبێت و لەسەر ئەم ڕێگەیەش هەنگاو دەنێین.

کوردستان بە ئێوە و بە پارتەکەتان بوو بە پەناگەیەکی هێمن بۆ هەموو ئەوانەی بە دوای ژینگەیەکدا دەگەڕێن، کە یاسا و ڕێز و مرۆڤایەتی و فرەلایەنی تێدا بەرجەستە ببێت، هەروەها هەرێمێك کە قورسایی دیپلۆماسی و سیاسی و میللی هەبێت.

بە ئێوە و بە پارتەکەتان و سەرکردایەتی و نوێنەرانتان لە هەردوو پەرلەمانی کوردستان و عێراق و دەسەڵاتی دادوەری و هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم، بە هەموو توانایەکمانەوە کاردەکەین و شارەزاییمان ئاڵوگۆڕ دەکەین، بۆ ئەوەی سەرکەوتووترین چارەسەر بۆ شەریکەکانمان ڕوون بکەینەوە، هەروەها باشترین ڕێگە بگرینەبەر بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و وەفاداری بەرانبەر دروشمەکانمان، کە بە متمانەوە بەرزمان کردەوە، بۆ عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵی لە واقیعدا، نەك لە نێو مەرەکەبی دەستووردا.

پارتەکەتان پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات، پەیمان تازە دەکاتەوە بۆ نەتەوە و گەلانی عێراق، کە هەردەم و وەك پێشتریش مەشخەڵێك بێت لەسەر ڕێگەی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و بەردوامبوون و، پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی نەتەوەکەمان بکات و هەوڵی بەدیهێنانی باشتریش بدات، هاوپەیمان و هاوڕێکانی هەمان ئەو متمانەیەیان هەیە کە بە هۆیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و، بە هەماهەنگی کار دەکەن لە پێناو پارێزگاریکردن لە کوردستان و عێراق، و باوەڕیان بە دیالۆگ و ڕۆڵی هاوشان هەیە و، لێدوان و کردەوە بارگرژییەکان لە تەواوکردنی کاروانی خەبات ساردیان ناکاتەوە.

با کوردستان بە هەوڵی هەموو لایەك هەمیشە ئاوەدان و گەشاوە بێت، بە گەل و پەرلەمان و حکومەتەوە و، ئێوەش پاڵپشتی بن، کادیرە خەباتگێڕەکانی پارتەکەتان وەك نموونەی قوربانی و کارکردن هەر بەردەوام دەبن، ئەویش وەك وەفایەك بۆ نەتەوە و سەرکردایەتییەکەتان، بۆ پێزانینی واتای ژیان، کە بە قوربانیی سەدان هەزار کەس هاتووتە دی.

شکۆداری بۆ بارزانیی مستەفا و ئیدریس بارزانی و شەهیدانمان و شەهیدانی ئازادی.

پیرۆزە یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێوە و لە نەتەوەکەمان و کەسوکاری شەهیدان.

**بژی کوردستان بە ئاشتی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان**

# پارتی

## بەرەیەکی نیشتمانی بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی



**لە حاڵەتی بیرکردنەوە لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی وەک «بەرەیەکی نیشتمانی»، پێش دامەزراندنی ئەو «پارتە سیاسییە»، کاریزمایەک لە هەناوی مێژووی نەتەوە لەدایک بووە، کە هەموو گەل وەک باوک و ڕابەر سەیری دەکات**

**کاتێک بیری لە زەروورەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە، خۆی و پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان بوون و، لە شەڕێکی سەختدا بوون لەگەڵ سوپای شاهەنشایی ئێران**

**مستەفا بارزانی بە ئیلهام وەرگرتن لە مێژووی شکۆی نەتەوە، دامەزراندنی پارتێکی سیاسی وەک «بەرەیەکی نیشتمانی» بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی تواناکانی نەتەوە و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوەی لەو قۆناغەدا بە پێویست زانی**

چەمکی «پارتی سیاسی - political Party»، لە بیرکردنەوەی بەشی هەرە زۆری ڕێبەرە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهاندا بریتییە لە ئیلهام وەرگرتن لە مێژوو و شکۆی نەتەوە بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەك وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوە بۆ شۆڕش و ڕزگارکردنی نەتەوە لە ژێردەستەیی و هەروەها بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەتە لە فەوزا و پاشاگەردانیی سیاسی و گێڕانەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران، کاتێك ڕابەرێکی کاریزمای نەتەوە بیر لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دەکاتەوە، پێش دامەزراندنی پارتە سیاسییەکە، کاریزمایەك لە هەناوی مێژووی نەتەوە لەدایك بووە، کە هەموو گەل وەك باوك و ڕابەر سەیری دەکات. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لەسەر دامەزراندنی «پارتی کۆماری دیموکراتی ئەمریکا – ١٨٢٣» بدەین، دەبینین ئەم پارتە کە دێرینترین پارتی سیاسییە لە جیهاندا و لەسەر دەستی هەردوو باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکا «تۆماس جیفرسۆن و جیمس مادیسۆن» دامەزراوە، ئەوا دەبینین ئەم دوو باوکە دامەزرێنەرەی ئەمریکا، ئەم پارتەیان بۆ ئەوە دانەمەزراندووە کە دەنگیان بۆ کۆبکاتەوە و بە ڕێگەی ئەم پارتە ببن بە سەرۆکی ئەمریکا، بە پێچەوانەوە «تۆماس جیفرسۆن» لەناو گەلی ئەمریکادا هاوتای «جۆرج واشنتۆن»ە و لە ساڵی ١٧٧٦ خۆی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای نووسیوە و، سێیەمین سەرۆکی ئەمریکا بووە بۆ دوو خول (١٨٠١-١٨٠٩) و «جیمس مادیسۆن»یش کە چوارەمین سەرۆکی ئەمریکا بووە بۆ دوو خول (١٨٠٩-١٨١٧)، ئەم دوو کاریزمایە وەك شەخسی خۆیان پێویستییان بە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی نەبووە بە ناوی «پارتی کۆماری دیموکراتی ئەمریکا»، بەڵکو زەروورەتی سەرهەڵدانی ئاژاوە و پاشاگەردانیی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی ئەمریکا وای لێکردن، بۆ دووبارە یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی تواناکانی گەلی ئەمریکا، بیر لە دامەزراندنی ئەم پارتە سیاسییە بکەنەوە. ئەم واقیعە بۆ بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هەمان شێوەیە و کاتێك بیری لە زەروورەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە، خۆی و پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆماری کوردستان بوون و، لە شەڕێکی سەختدا بوون لەگەڵ سوپای شاهەنشایی ئێران، هەر بۆیە مستەفا بارزانی بە ئیلهام وەرگرتن لە مێژووی شکۆی نەتەوە، دامەزراندنی پارتێکی سیاسی وەك «بەرەیەکی نیشتمانی» بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوەی لەو قۆناغەدا بە پێویست زانی، ئەوجا لەبەر ئەوەشی مستەفا بارزانی پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو هەناوی مێژووی نەتەوەدا وەك ڕابەر و کاریزما لەدایك ببوو، هەر بۆیە دوای ڕاگەیاندنی دامەزراندنی «پارتی دیموکراتی کوردستان»، خەڵکی کوردستان ئومێدێکی گەورەی بۆ دروست بوو، هەمووان لە دەوری پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە، ئەو کۆبوونەوەیە لە دەوری ئیرادەی ڕابەر و کاریزمایەك کە لە هەناوی مێژوو و مێژووی خەباتی نەتەوەکەی خۆیدا لەدایك ببوو، وای کرد، پێشەوا قازی محەمەد (یەکەمین سەرۆك کۆماری کوردستان) ئەمانەتی پاراستنی «ئاڵای کوردستان»ی بە مستەفا بارزانی سپارد.

### ● زەروورەتی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی لە فیکر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا

لەسەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی و بۆ کۆکردنەوەی حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە و، کۆکردنەوەی کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان و ڕێکخستن و یەکخستنی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوە، لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا و، ئامانج لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکخستن و ڕێکخستنی تەواوی هێز و تواناکانی گەلی کوردستان بۆ دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» بوو، ئەم ئامانجەش لە گوتارەکەی مستەفا بارزانی لە «پاکۆ - ١٩٤٧» زۆر ڕاشکاوانە جەختی لەسەر کراوەتەوە.

کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان وەك «پارتێکی دامەزراو لەسەر دەستی کاریزمایەك پێناسە دەکەین»، مەبەستمان ئەوەیە دامەزرانی ئەو پارتانەی ڕێبەرە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهان بیری لێ دەکەنەوە، زەروورەتی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و زەروورەتی ڕێگرتن لە پاشاگەردانی و فەوزای سیاسیی ناو دەوڵەت، ناچاریان دەکەن، بیر لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بکەنەوە وەك ئامرازێك بۆ ڕزگاریی نەتەوە و چارەسەرکردنی پاشاگەردانی و فەوزای سیاسی لە ناو دەوڵەتدا بەکاری بهێنن.

نموونەی دامەزراندنی ئەم جۆرە لە پارتی سیاسی و جووڵانەوەی سیاسی لە مێژووی نەتەوەکاندا زۆرن، هەر بۆ نموونە: کاتێك «جۆرج واشنتۆن» سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەمریکای کرد بۆ ئازادی و جیابوونەوە لە بەریتانیا، تەنیا جووڵانەوەیەك هەبوو بە ناوی «ئاهەنگی چا- « Tea Party» و دروشمی ئەم جووڵانەوەیەش کە بووە بڵێسەی شۆڕش، ئەوە بوو: «باج دەدەین بە ئاو و سندوقە چاکان دەخەینە ناو دەریا و باج بە حکومەتی بەریتانیا نادەین»، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٤٧ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٨٢٣ هەردوو باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکا «تۆماس جیفرسۆن» و «جیمس مادیسۆن» کە هەر یەکەیان بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆکی ئەمریکا بوون، دامەزراندنی پارتێکی سیاسییان بەناوی «پارتی کۆماری دیموکراتی ئەمریکا» بە زەروورەت زانی. واتە دامەزراندنی ئەم پارتە لەو کاتەدا زەروورەت بوو بۆ ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی حوکمڕانی لە ئەمریکادا، نەك ئەو دوو کەسایەتییە پێویستیان بە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی هەبێت.

هەروەها کاتێك فەرەنسا کەوتە گێژاوی پاشاگەردانیی سیاسی و گەیشتە لێواری هەڵدێر لە ساڵی ١٩٥٨، شارل دیگۆل کە فەرەنسای لە نازیسم ڕزگار کرد و ببووە ڕابەر و سیمبول و کاریزمای هەموو گەلی فەرەنسا، ناچار بوو لەناو ئەو فەوزا و پاشاگەردانییە سیاسییەی کە حزبە سیاسییەکانی ئەو کاتی فەرەنسا دروستیان کردبوو، بۆ ماوەی ١٢ساڵ (١٩٤٦-١٩٥٨) خۆی لە پرۆسەی سیاسی کشاندەوە، بەڵام کە گەیشتە ئەوەی ئەم پاشاگەردانییە ببێتە مەترسی لەسەر چارەنووسی گەل و شکۆی کۆماری فەرەنسا، شارل دیگۆل پەنای بۆ جەماوەری فەرەنسا برد و، دەستووری فەرەنسای هەموار کردەوە و «کۆماری پێنجەم»ی ڕاگەیاند، دوای ئەوەش «پارتی دیگۆل»ی ڕاگەیاند، بەمەش نەك هەر کۆماری فەرەنسای لەسەر لێواری هەڵدێر ڕزگار کرد، بەڵکو بەردی بناغەی «بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا»ی دانا، کە بووە ئەو «یەکێتیی ئەورووپا»یەی ئێستا ٢٧ دەوڵەتی لەناو خۆیدا کۆکردووەتەوە.

لەمەش نزیکتر، دامەزراندنی پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر دەستی «ڕەجەب تەیب ئەردۆگان» لە تورکیا و بردنەوەی بە ڕێژەی (٥٠+ ١) لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢، تەنیا دامەزراندنی پارتێکی ئیسلامیی سیاسی نەبوو، وەك «پارتی ڕەفا» کە «نەجمەدین ئەربەکان» سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵکو پارتی داد و گەشەپێدان یەکگرتنی تەواوی ئەو هێزانە بوو کە دژی سیستمی عەلمانییەتی تورکیا بوون و خەویان بە گێڕانەوەی «خەلافەتی عوسمانی»یەوە دەبینی، بەتایبەتیش دامەزراوەی «خزمەت» بە سەرۆکایەتیی «فەتحوڵا گوڵەن»، کە ئەم دامەزراوەیە بە ڕێگەی کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ لە بەشی زۆری وڵاتانی ئیسلامی، ساڵانێکی زۆر بوو کەلتووری «ئیسلامی - عوسمانی» بڵاو دەکردەوە و، ببووە هێزێکی میللیی نەرم لەناو تورکیادا، هەر بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ یەکەم جار بوو کە پارتێکی سیاسیی ئیسلامی بتوانێت، ڕێژەی (٥٠+١٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و، کۆتایی بە ناسەقامگیریی حکوومی و حوکمڕانی بهێنێت و، لە ماوەی تەنیا ١٠ ساڵدا توانی گۆڕانکاریی گەورە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە تورکیا دروست بکات و، تورکیا بووە یەکێك لە ئەندامانی گرووپی ٢٠ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکەی جیهان «G 20» . ئەوەی جێگەی سەرنجە لەسەر پارتی داد و گەشە پێدان، ئەوەیە کە ڕاستە هەتا ئێستاش پارتێك بە ناوی «داد و گەشەپێدان» هەر ماوە و لە دەسەڵاتیشدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بناغە «بەرە»یەی ئەو پارتەی لەسەر بونیاد نرابوو

**ئەو کۆبوونەوەیە لە دەوری ئیرادەی ڕابەر و کاریزمایەک کە لە هەناوی مێژوو و مێژووی خەباتی نەتەوەکەی خۆیدا لەدایک ببوو، وای کرد، پێشەوا قازی محەمەد (یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان) ئەمانەتی پاراستنی «ئاڵای کوردستان»ی بە مستەفا بارزانی سپارد**

**ئامانج لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکخستن و ڕێکخستنی تەواوی هێز و تواناکانی گەلی کوردستان بۆ دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» بوو**

**دامەزرانی ئەو پارتانەی ڕێبەرە کاریزماکانی نەتەوەکانی جیهان بیری لێ دەکەنەوە، زەروورەتی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و زەروورەتی ڕێگرتن لە پاشاگەردانی و فەوزای سیاسیی ناو دەوڵەت، ناچاریان دەکەن، بیر لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بکەنەوە وەک ئامرازێک بۆ ڕزگاریی نەتەوە و چارەسەرکردنی پاشاگەردانی و فەوزای سیاسی لە ناو دەوڵەتدا**

و ئێستا لێکترازەوە و بوونی نەماوە، ئەوا ئێستا ئەو جیاوازییە زۆر بە ڕاشکاوی دەبینین کە لە دوای ساڵی ٢٠١٢وە هەمان پارتی سیاسی بووەتە سەرچاوەی لێکترازانی کۆمەڵگەی تورکیا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش تورکیا بەرەو دوورکەوتنەوە لە یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی دەڕوات، ئابوورییەکەشی کەوتووەتە قەیرانێکی گەورەوە، ڕاستە هەمان حزب بە ناوی «داد و گەشەپێدان» ماوە و لە دەسەڵاتیشدایە، بەڵام هەر ڕۆژەو پەلاماری دەوڵەتێکی دراوسێی خۆی دەدات.

ئاماژەکردنمان بۆ ئەو نموونانەی کاتێك نەتەوە پێویستی بە زەروورەتی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دەبێت، بۆ ئەوە بوو، کاتێك ئەو پارتە سیاسییە دووچاری کێشەیەك دەبێت، کێشەکە وای لێ نەکات، واز لەو پرەنسیپانە بهێنێت کە ڕابەر و کاریزمای دامەزرێنەری ئەو پارتە بۆ پارتەکەی دارشتووە. ئەوجا ئەگەر لێرەوە خوێندنەوەیەك بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، ئەوا دەبینین جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی مستەفا بارزانی، ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی پاراست کە پارتی دیموکراتی کوردستانی لە پێناودا دامەزراوە، هەر بۆیە لەبەر ئەوەی دوای نسکۆ زەمینەی ئەنجامدانی کۆنگرە لەبار نەبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی هەموو پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرکردایەتییەکی کاتی دەستنیشان کرد و، دوای ساڵێك دووبارە هەڵگیرسانەوەی «شۆڕشی گوڵان»ی ڕاگەیاند. ئەم بوێری و پابەندبوونە بە پرەنسیپەکانی ئیرادە و مێژووی نەتەوە لەسەر ئاستی جیهانیشدا لە کەم پارتی سیاسیدا پەیڕەو کراوە و بوونی هەبووە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٥ -١٩٧٩ و بۆ زەمینەسازی بۆ گرێدانی کۆنگرەی نۆیەم، بەڕێزان «سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو» لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە گرتبووەبەر کە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان هاوکاری و دەستگیرۆیی ئەو گەنجە خوێنگەرمانە بکەن کە جووڵەی سیاسییان دەستپێکردبوو و حزبی تازەیان دروست کردبوو، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوەش لە هەوڵێکی بێوچاندا بوون، کە هەم پشتیوانیی نێودەوڵەتی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان بۆ شۆڕشی کوردستان دروست بکەنەوە، هەم ئومێدێکیش بۆ ئەو تێکۆشەرانە دروست بکەنەوە کە دوای ساڵی ١٩٧٥ ڕوویان کردبووە هەندەران.

لە دوای ساڵێك لە گرێدانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین هەنگاوی سەرۆك مسعود بارزانی دامەزراندنی بەرەی جود (بەرەی نیشتمانی دیموکراتی) بوو، کە چوار پارتی سیاسی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردبووەوە و بریتی بوون لە «پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، حزبی سۆشیالیستی کوردستان – حسك، پارتی سۆشیالیستی کوردستان- پاسۆك». سەرنج بدەن جارێکی دیکە سەرۆك مسعود بارزانی زەروورەتی «پارتێکی سیاسی» بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی تواناکان و نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی نەتەوەی لە چوارچێوەی « خەباتی بەرەییدا» پێناسە کردووە، لەمەش زیاتر هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یش بێتە ناو ئەو بەرەیە و پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان کۆتایی بێت و ئومێدێکی تازە بۆ نەتەوەکەمان دروست ببێتەوە، بۆ ئەمەش وەك خوالێخۆشبوو فەرهاد عەبدولحەمید ئەندامی سەرکردایەتیی پاسۆك لە بەرنامەی «ڕووداو و مێژووی تەلەفزیۆنی NRT» دەڵێت: «ئێمە دەستپێشخەرییەکمان بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەبوو و پاش ئەوەی لە سەرکردایەتیی پاسۆك گەڵاڵەمان کرد، بردمان بۆ لای کاك ئیدریس بارزانی و دوای ئەوەی ناوەڕۆکی پرۆژەکەمان بۆ باس کرد، کاك ئیدریس بارزانی گوتی: «ئەم کارەتان هێندە پیرۆزە بۆ یەکریزیی نێوماڵی کورد، من لای خۆمەوە کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە لایەنەکانی دیکەش ئەم پرۆژەیە پەسەند بکەن، بە تایبەتی مام جەلال، بۆیە ئەم پرۆژەیە بۆ ئەویش بەرن». ئێمە بەڕێکەوتین بۆ بارەگای مام

**کاتێک «جۆرج واشنتۆن» سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەمریکای کرد بۆ ئازادی و جیابوونەوە لە بەریتانیا، تەنیا جووڵانەوەیەک هەبوو بە ناوی «ئاهەنگی چا – Tea Party» و دروشمی ئەم جووڵانەوەیەش کە بووە بڵێسەی شۆڕش، ئەوە بوو: «باج دەدەین بە ئاو و سندوقە چاکان دەخەینە ناو دەریا و باج بە حکومەتی بەریتانیا نادەین»**

**شارل دیگۆل پەنای بۆ جەماوەری فەرەنسا برد و، دەستووری فەرەنسای هەموار کردەوە و «کۆماری پێنجەم»ی ڕاگەیاند، دوای ئەوەش «پارتی دیگۆل»ی ڕاگەیاند، بەمەش نەک هەر کۆماری فەرەنسای لەسەر لێواری هەڵدێر ڕزگار کرد، بەڵکو بەردی بناغەی «بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا»ی دانا، کە بووە ئەو «یەکێتیی ئەورووپا»یەی کە ئێستا ٢٧ دەوڵەتی لەناو خۆیدا کۆکردووەتەوە**

جەلال، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە لای ئەو، بارەگای حزبی سۆشیالیست لەسەر ڕێگەمان بوو، چووینە لایان و دکتۆر مەحموود عوسمان و چەند کەسێکی دیکەی سەرکردایەتییان لەوێ بوون، پاش ئەوەی پڕۆژەکەمان بۆ ئەوان باس کرد، دکتۆر مەحموود عوسمان بە هەمان شێوەی کاک ئیدریس بارزانی پێی گوتین: «ئێمەش کاغەزی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەین». بۆ نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ چووینە بارەگای مام جەلال و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لای بوون و پڕۆژەکەمان بۆ ئەویش باس کرد، بەڵام بەداخەوە زۆر بە توندی ڕەتی کردەوە».

ئەم ڕەتکردنەوەیەی مام جەلال بۆ یەکریزی و گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی، هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندووی بۆ دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی خاو نەکردەوە و، توانرا لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا یەکێتی و پارتی ئاشت ببنەوە، لەم ئاشتبوونەوەیەشدا ڕۆڵی ئیدریس بارزانی زۆر گەورە بووە، هەر بۆیە دوای ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە، یەکسەر بەرەی کوردستانی ڕانەگەیەندرا، بەڵام بە کردەیی لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا «هەموو لایەنەکان» بە شێوازی بەرەیی چالاکییان دەکرد و، هەر بە شێوازی بەرەش «بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ « پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان پێکەوە لە یەك سەنگەر و یەك بەرەی شەڕەوە بەرامبەر بە دوژمن ڕادەوەستان. هەر بۆیە کە دوای ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ کاك ئیدریس بارزانی شەهید بوو و دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی ڕاگەیەندرا، بەڵام لای هەمووان ئاشکرا بوو کە ئەو بەرەی کوردستانییەی ١٩٨٨ بە فەرمی ڕاگەیەندرا، بە کردەیی لە دوای کۆتایی ١٩٨٦ و ئاشتبوونەوەی پارتی بوونی هەبووە، هەر بۆیە هەموو لایەك ناسناوی «ئەندازیاری بەرەی کوردستانی»یان بە ئیدرس بارزانی بەخشیوە.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وەك «بەرەیەکی نیشتمانی» و بەرەی کوردستانیی پارتەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨، دەبینین دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی ١٩٥٨، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی داوە و لە دوای نۆ ساڵ خەباتی چەکداری و سیاسی و دیپلۆماتی، ڕێککەوتننامەی ئاداری لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کردووە، لە بەرامبەردا بەرەی کوردستانییش دوای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٨٨ لە ساڵی ١٩٩١ ڕاپەرینی کرد و، پاشان دانوستاندنی کرد بۆ جێبەجێکردنی دەقی ڕێککەوتنامەی ئادار لەگەڵ هەمان حکومەتی بەعس کە لە ١٩٧٠ لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول ئیمزایان کردبوو، بەڵام کاتێك بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن ڕێکنەکەوتن و حکومەت دامودەزگاکانی لە کوردستان کشاندەوە، سەرۆك مسعود بارزانی پێشنیاری بۆ بەرەی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردن بدەن، دوای ئەوەش کە ئەم بڕیارە لە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی درا، سەرۆك مسعود بارزانی گوتی: «ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی مندا کە توانیمان سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بگەیەنینە قەناعەت بۆ ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردن لە کوردستان بدات»، ئەمەش واتە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و ئیرادەی میللەت ئەو بۆشاییە ئیدارییە پڕ بکەینەوە کە لە کشانەوەی دامەزراوەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لە کوردستان دروست ببوو.

دوای ئەم بڕیارەی بەرەی کوردستانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کوردستان، دیسان سەرۆك مسعود بارزانی ڕێگەی نەدا پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی قەبە و گەورە بەرز بکاتەوە و پاشان نەتوانێ جێبەجێیان بکات، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا پارتی سیاسی بوو لە ناو پارتە بەشداربووەکانی بەرەی کوردستانی کە هەمان دروشمە ڕاستەقینەکەی خۆی بەرزکردەوە کە بریتی بوو لە «دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردستان»، لە ماوەی ڕۆژانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرە موزایەدەیەکی زۆری سیاسییان بە سەر

**لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، ئەوا دەبینین جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی مستەفا بارزانی، ئەو پرەنسیپ و بنەماییانەی پاراست کە پارتی دیموکراتی کوردستانی لە پێناودا دامەزراوە**

**لەبەر ئەوەی دوای نسکۆ زەمینەی ئەنجامدانی کۆنگرە لەبار نەبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی هەموو پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرکردایەتییەکی کاتی دەستنیشان کرد و، دوای ساڵێك دووبارە هەڵگیرسانەوەی «شۆڕشی گوڵان»ی ڕاگەیاند**

دروشمەکەی پارتی کرد، بەڵام زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و سیاسەتە واقیعبینەکەی سەرۆک مسعود بارزانی دا، سەرەنجامیش ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە بووە دامەزراندنی «پەرلەمان و حکومەت»ی هەرێمی کوردستان و هەر لەو پەرلەمانەشدا تەنیا دوای چوار مانگ لە دامەزراندنی، بڕیاری «فیدراڵی» پەسەند کرا، کە سەرۆکی پەرلەمان پارتی و فراکسیۆنی پارتییش زۆرینەی (٥٠+١٪) بوو.

تێڕوانین بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتی زەرورەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا، تەنیا تێڕوانینێکی حزبییانەی کادیرەکانی پارتی نییە، بەڵکو دید و تێڕوانینی هەموو ئەو پارت و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرانەیە کە فیکری مستەفا بارزانی بە چەتری ئەو بەرەی نیشتمانییە زانیوە کە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر بۆ نموونە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵێك لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی گۆڤارێکیان دەردەکرد بە ناوی «دیسان بارزانی»، ئەم گۆڤارە دوور و نزیك پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و پارتییش ئەم گۆڤارەی دەرنەکردووە، لەمەش زیاتر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، دوای دروستبوونی لێکترازانی ١٩٦٤ لە ناو پارتیدا، هەموو ئەوانەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، پشتگیریی ئەو ئاراستەیەیان کرد کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد و، دژی ئەو خەڵکانە بوون کە بە ناوی «باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان» چوونە لای حکومەت و چەکیان لە دژی شۆڕشی کوردستان هەڵگرت، لەمەش زیاتر پاش ئەوەی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ئەنجام درا و پارتی زۆرینەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی بە دەست هێنا، هەموو حزبە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی «بزووتنەوەی ئیسلامی» ئاکامی هەڵبژاردنەکەیان پەسەند کرد و پیرۆزباییان لە پارتی کرد، تەنیا «یەکێتی نیشتمانی» نەبێت، هەر بۆیە سەرۆك بارزانی لە پێناوی ئەوەی ماڵی کوردستان پەرت نەبێت و جارێکی دیکە لێکترازان بە خۆیەوە نەبینێت، بەو شێوەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی ڕێککەوت کە «دەبێت ئاکامی هەڵبژاردن بە ڕێژەی ٥١٪ بۆ پارتی و ٤٩٪ بۆ یەکێتی لە ناو پەرلەمانی کوردستان قبووڵ بکرێت و، لە ناو حکومەتدا پارتی و یەکێتی وەك یەك بن (٥٠٪)، بەمەش ئەو سیستمە سەقەتە دروست بوو، کە دواتر ناوی لێ نرا «پەنجا بە پەنجا».

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەو حزبە سیاسییە نەتەوەیی و نیشتمانییانەی بە ناوی «یەکگرتن» بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، نەیانتوانی بەربەستی (٧٪) بشکێنن، دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، پشتگیری ئاراستە و لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی بوون، کە پێداگری لەسەر قبووڵکردنی هەڵبژاردن دەکرد، یان پشتگیریی ئەو سیستمە سەقەتەیان دەکرد کە بە ناچاری «پەنجا پەنجا»ی لێ کەوتەوە. بێگومان هەر لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەر حزبەکانی ناو یەکگرتن «حسك، پاسۆك، پارتی گەل» بڕیاریان دا، ببنە بەشێك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و، بۆ ڕێککەوتنیش لەسەر ئەوەی چۆن ئەم یەکگرتنە ڕووبدات و ڕابگەیەندرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا، کۆنگرەی ١١ لە ١٩٩٣ ئەنجام بدرێت و لە ناو کۆنگرەدا ئەم یەکگرتنە ڕاگەیەندرا و هەر چوار پارتەکە «پارتی، حسك، پاسۆك، پارتی گەل» بە تێکڕای دەنگ سەرۆك مسعود بارزانی-یان بە سەرۆك هەڵبژاردەوە، هەر لەو کۆنگرەی یازدەیەشدا بڕیار درا کە لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ تەرمی نەمران «مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی» لە سنووری باشماخی سلێمانی لەگەڵ ئێران، بگەڕێندرێنەوە بۆ کوردستان و، لە گەڕاندنەوەی تەرمی نەمرانیشدا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بە جیاوازی هەموو بیروبۆچوونە سیاسییەکانەوە وەك ڕابەر و باوکی نەتەوە پێشوازییان لە تەرمی «مستەفا بارزانی» و ئیدریس بارزانی» کرد و، ئەم ڕووداوە مێژووییە دەگمەنە وای کرد، سەرۆك مسعود بارزانی بۆ یەك دوو هەفتە سەردانی سلێمانی بکات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سوپاسی

**تێڕوانین بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پارتی زەرورەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا، تەنیا تێڕوانینێکی حزبییانەی کادرەکانی پارتی نییە، بەڵکو دید و تێڕوانینی هەموو ئەو پارت و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرانەیە کە فیکری مستەفا بارزانی بە چەتری ئەو بەرەی نیشتمانییە زانیوە کە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بووە**

**لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی گۆڤارێکیان دەردەکرد بە ناوی «دیسان بارزانی»، ئەم گۆڤارە دوور و نزیک پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و پارتییش ئەم گۆڤارەی دەرنەکردووە**



خەڵکی سلێمانی بکات و لە نزیکەوە پێشوازییان بکات، هەر لەو ماوەیەی سەرۆک بارزانی لە سلێمانی بوو، شەوێك لەگەڵ کادیرانی هەر سێ پارتەکەی پێشوو «یەککگرتن» و بەشێك لە کادیرانی پارتی کۆبووەوە و باسی لە یەکڕیزی و یەکخستنی نێومالّی کوردستان کرد و پێی ڕاگەیاندن: «پارتی بۆ ئەوە دروست بووە، یەکڕیزیی نێومالّی کوردستان ڕێك بخات، بۆیە ناوی پارتی لای من پیرۆزە و بێجگە لە دەستکاریکردنی ناوی پارتی، هەرچییەکی ئێوە بتانەوێت، دەتوانن لەناو پارتیدا بیکەن، ئەمەش ئەو لۆژیك و فیکرەیە کە مەلامستەفا بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستانی لەسەر دامەزراندووە و سەرۆک مسعود بارزانی درێژەپێدەریەتی.

**● کاریزما لە هەناوی مێژووی نەتەوەدا پارتی سیاسی دروست دەکات سیاسەتمەدار لە ناو مێژووی ئایدیۆلۆژیادا**

لە ناو هیچ نەتەوەیەکدا بەرەیەك، یان پارتێك بەو ئاستە فراوانە دروست نابێت کە هیچ گرووپ و لایەنێك دژی نەبێت، یان ئاستەنگ بۆ ئامانجەکانی دروست نەکەن، بەلاّم لەناو هەموو نەتەوەیەکدا و لە یەکێك لە قۆناغە مێژووییەکانی خۆیدا «بەرەیەك، یان پارتێکی سیاسی» دروست دەبێت، کە لە ناو مندالّدانی مێژووی نەتەوەکەی دێتە دەرەوە و نوێنەرایەتیی ئیرادەی نەتەوەکەی دەکات و، ئەم ئیرادە میللییە دروشمێك دێنێتە ئاراوە کە هەموو خواستی نەتەوە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و، ئەو دروشمە دەبێتە ئەو ئیرادەیەی کە نەتەوە هیچ چەوسانەوە و زولّمێکی مێژوویی قبوولّ ناکات و بە شێوەیەکی خۆڕسکانە شۆڕش دەست پێ دەکات و، ئەم تایبەتمەندییەی لە ناو مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی نەتەوە دەکات، تەنیا بەو «بەرە نیشتمانی و پارتە سیاسییە» دروست دەبێت، کە نەتەوە، بوون و کەرامەتی خۆی لە ژێر چەتریاندا دەبینێتەوە. لەمبارەیەوە د.مستەفا عەقاد لە کتێبی «فەلسەفەی شۆڕش»دا دەڵێت: «کاتێك سەیری دروشمی شۆڕشی فەرەنسا دەکەین بە زمانی فەرەنسی بریتییە

**دوای دروستبوونی لێکترازانی ١٩٦٤ لە ناو پارتیدا، هەموو ئەوانەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، پشتگیریی ئەو ئاراستەیەیان کرد کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد و، دژی ئەو خەڵکانە بوون کە بە ناوی «باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان» چوونە لای حکومەت و چەکیان لە دژی شۆڕشی کوردستان هەڵگرت**

**لە ناو هیچ نەتەوەیەکدا بەرەیەک، یان پارتێک بەو ئاستە فراوانە دروست نابێت کە هیچ گرووپ و لایەنێک دژی نەبێت، یان ئاستەنگ بۆ ئامانجەکانی دروست نەکەن، بەڵام لەناو هەموو نەتەوەیەکدا و لە یەکێک لە قۆناغە مێژووییەکانی خۆیدا «بەرەیەک، یان پارتێکی سیاسی» دروست دەبێت، کە لە ناو منداڵدانی مێژووی نەتەوەکەی دێتە دەرەوە و نوێنەرایەتیی ئیرادەی نەتەوەکەی دەکات**

**لە دوای شۆڕشی یەکەمی بارزان لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو و دوای دوورخستەوەی بۆ باشووری عێراق و پاشان گەڕاندنەوەی بۆ سلێمانی، کاریزمای مەلا مستەفا بارزانی بە خۆڕسکی لە ناو ویژدانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستاندا لەدایک بووە و خەڵکی کوردستان شەرعیەتی ڕابەرایەتییان پێ بەخشیوە**

لە (یەکسانی، برایەتی، دادپەوەری) و ئەم سێ وشەیەش پێکەوە ڕیتمێکی میوزیکیان وەرگرتووە، وا هەست دەکرێت، کۆمەڵێك زانا و زمانەوان و سیاسەتمەدار پێکەوە دانیشوون و ئەم سێ وشەیان هەڵبژاردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم سێ وشەیە کە بووەتە دروشمی شۆڕش، هەموو نەهامەتییەکانی ئەو کاتی گەلی فەرەنسای لە خۆیدا کۆکردووەتەوە و دروشمێکی خۆڕسکی ئیرادەی گەلی فەرەنسایە». ئەگەر بێینە سەر دروشمی شۆڕشی ئەیلوول کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتیی ئیرادەی گەلی کوردستانی دەکرد و، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشەکە بە خۆڕسکی ئەم دروشمە «کوردستان یان نەمان» لە دایك بوو، بێگومان ئەم دروشمەش دروشمی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، خۆ ئەگەر ئەم دروشمە بەرهەمی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوایە، ئەوا دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی جیابوونەوە و ڕێگەیەکی دیکەیان دژی شۆڕش گرتەبەر، دەبوو هەر دروشمی «کوردستان یان نەمان»یان بەرز بکردایەتەوە، نەك بیگۆڕن و بیکەن بە «نەسرەوتن تا سەرکەوتن»، ئەگەر سەرنج لەم دوو دروشمە بدەین کە ئەوەی دووەمیان داڕشتنەوەیە لەسەر ئەوەی یەکەم، دەبینین گەلی کوردستان لە هەر چوارپارچە خۆی بە خاوەنی دروشمی «کوردستان یان نەمان « دەزانێت و «نەسرەوتن تا سەرکەوتن» بە هی خۆی نازانێت.

دروستبوونی بەرەیەکی نیشتمانی، یان جوولانەوەیەکی سیاسی وەك «ئاهەنگی چا - Tea Part»، جۆرج واشنتۆن بۆ ئازادکردنی ئەمریکا، یان پارتەکەی گاندی بۆ ڕزگارکردنی هیندستان لە کۆلۆنیاڵی بەریتانی، یان پارتەکەی دیگۆڵ بۆ دووبارە ڕزگارکردنەوەی فەرەنسا لە پاشاگەردانیی حزبی سیاسی و تەنانەت پارتەکەی ئەردۆگانیش تا ٢٠١٢ بۆ ڕزگارکردنی تورکیا لە قەیرانی پاشاگەردانیی حوکمڕانی و هەڵاوسانی ئابووری، هەموو ئەم نموونانە بەرەنجامی بەشێکی زۆری یەکگرتنی ئەو ئیرادەیەن کە نوێنەرایەتیی تەواوی نەتەوە دەکات و، لە ناو هەناوی ئەم ئیرادەیەدا کاریزمایەك لە دایك دەبێت کە هەموو نەتەوە وەك باوك و ڕابەر و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی سەیری دەکات، بەڵام لە ناو ئەو پارتە سیاسییانەی سیاسەتمەدارەکان لە ناو مێژووی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا (چەپ، ڕاست، ئایینی) دادەمەزرێن، نەتەوەبوون و کەرامەتی خۆیان لە ناو ئەو جۆرە پارتە سیاسییانە نابیننەوە، هەر بۆیە ئەو پارتە سیاسییانەی لە ناو مێژووی ئایدیۆلۆژیا دروست دەبن، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش خەڵك چەواشە بن و دوای بکەون، ئەوا سەرەنجام نەتەوە خۆی لێ بێبەری دەکات.

لێرەوە ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان بەرەی «ئاهەنگی چا- Tea Party «کە لە هەناویدا «جۆرج واشنتۆن» لەدایك بووە و، هەروەها پارتی کۆمونیستی ڕووسیا «بەلشەفیك» کە لە هەناویدا «ڤلادمیر لینین» لە دایك بووە و، بزانین چی دەبینین؟ لە یەکەمیاندا کە لەدایکبوونی کاریزمای جۆرج واشنتۆنە وەك «باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئازادی ئەمریکا»، ئەمەیان لە مێژووی ئەو نەتەوەیە لەدایك بووە کە بە خۆیان دەڵێن «گەلی ئەمریکا» و ماوەی ٢٥٠ ساڵە هەر بە زیندوویی لە ویژدانی گەلی ئەمریکا ماوەتەوە، لەمەش زیاتر ئەم ویژدانە گیانی شۆڕشگێڕەکانی «ئاهەنگی چا - Tea Party «یان هەر بە زیندوویی هێشتووەتەوە و هەتا ئێستاش ئەم گرووپە کە بوونە مەحەکی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، لایەنگری هیچ کام لە هەر دوو حزبی «کۆماری و دیموکراتی» نین، بەڵکو دەنگەکانیان جۆلانەن و بەرەو ئەو لایەنە دەچێت کە لەسەر ئاراستەی باوکانی دامەزرێنەر بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیان دادەنێن.

لێرەوە ئەگەر سەیری نموونەی دووەم بکەین کە «ڤلادیمیر لینین»ە و لە ناو هەناوی حزبی بەلشەفیك و ئایدیۆلۆژیەتی «مارکس و ئەنگلس» لەدایك بووە، وەك بینیمان بۆ زیاتر لە ٧٠ساڵ لە «١٩١٧- ١٩٨٩» دوو لەسەر سێی جیهان بە ڕابەری خۆی دەزانی، بەڵام گەلی ڕووسیا بە ڕابەر و باوکی دامەزرێنەری خۆی نەزانی و ئێستاش ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەك دەرکەوتووە و ڤلادمیر پوتین (سەرۆکی ڕووسیا) دەڵێت: «ڕاستە قەیسەر مردووە، بەڵام

خەونەکانی قەیسەر زیندوون» و باسی لینین و حزبی بەلشەفیك ناکات و بە باوکی گەلی ڕووسیاشی نازانێت.

لێرەدا ئەگەر ئەو پرسارە بورووژێنین و بپرسین: بۆچی ئەم جیاوازییە دەبینین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە جۆرج واشنتۆن لە ژێر دروشمی ئاهەنگی فڕێدانی سندوقەکانی چا بۆ ناو ئاوی بۆستن «باج دەدەین بە ئاو، باج نادەین بە پەرلەمانێك نوێنەرایەتیمان نەکات»، شۆڕشی بەرپا کردووە و، ئەمەش ئیرادەی نەتەوەیەکە بۆ قبوولنەکردنی داگیرکاریی بەریتانیا و جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی بەریتانیا، بۆیە کاتێك جۆرج واشنتۆن ڕێبەرایەتیی ئەم شۆڕشە دەکات، هەموو هاووڵاتییەکی ئەمریکی ئیرادەی خۆی لە «جۆرج واشنتۆن»دا دەبینێتەوە، لە بەرامبەردا دەبینین ڤلادمێر پوتین لە ژێر دروشمێکدا «شۆڕش» و سیاسەتی کردووە، کە دروشمەکە لە هەناوی ئایدیۆلۆژیای مارکس و ئەنگلز «ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن» لەدایك بووە و، گەلی ڕووسیا ئەم دروشمە بەو دروشمە نازانێت کە لە هەناوی ئیرادەی گەلی ڕووسیا لە دایك بووبێت، ئیرادەی خۆیشی لەناو فیکری «لینین»دا نابینێتەوە، هەر بۆیەش دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت بووە ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە و زیاتر لە ١٥ کۆماری هەبوو، بەڵام کەس نەیزانی چۆن لە شەو و ڕۆژێکدا ئەم ئیمپراتۆریەتە گەورەیە هەر بە دەستی گەلەکەی خۆی لەبەریەك هەڵوەشا.

ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیە و جارێکی دیکە لەناو فیکری مەلا مستەفا بارزانی-یەوە سەیری دامەزراندنی پارتی بکەین، دەبێت ئەو ڕاستییانە بڵێین و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو پێی ئاشنا بن و بیکەنە بابەت بۆ توێژینەوە زانستییەکانیان لەسەر ئیرادەی نەتەوە و گەشەی بیری نەتەوەیی، ئەو ڕاستییانەش بریتین لە:

١. لە دوای شۆڕشی یەکەمی بارزان لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو و دوای دوورخستەوەی بۆ باشووری عێراق و پاشان گەڕاندنەوەی بۆ سلێمانی، کاریزمای مەلا مستەفا بارزانی بە خۆڕسکی لە ناو ویژدانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستاندا لەدایك بووە و خەڵکی کوردستان شەرعییەتی ڕابەرایەتییان پێ بەخشیوە، هەر بۆیە کاتێك پلان بۆ شۆڕشی دووەمی «بارزان» دادەنێت، نەك هەر «حزبی هیوا» بەڵکو ئەفسەرە ئازادیخوازەکانیش پەیوەندی پێوە دەکەن و، لێژنەیەکیش بە ناوی «لێژنەی ئازادی» بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشەکە دادەمەزرێنن.

٢. لە ساڵی ١٩٤٥ کاتێك پێشەوا قازی محەمەد کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێت، ئەوە مەکتەبی سیاسیی حزبێك نەبووە پلان و بەرنامەی بۆ دانابێت، هەتا مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی بچن پارێزگاری لە کۆماری کوردستان بکەن، بەڵکو ئەوە بیرکردنەوەی کاریزمایەکە کە لە هەناوی مێژووی نەتەوەکەیدا لە دایك بووە و هەموو بستێکی خاکی کوردستان بە «بارزان» دەزانێت و ئامادەیە لەسەر هەر بستێکی قوربانی بدات.

٣. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ دوای کەوتنی کۆماری کوردستان، ئەوە ئیرادەی کاریزمای مستەفا بارزانی بووە، نەك بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حزبێك، کاتێ بڕیار دەدات، ڕێڕەوە مێژووییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەست پێ بکات و لە ئاوی ئاراس بپەڕێتەوە و کێشەی کورد بە هەموو جیهان بناسێنێت.

ئەگەر بە وردی هەڵوەستە لەسەر ئەم خاڵانە بکەین، دەبینین لە مێژووی گەلی کوردستاندا هەر لە دوای شەڕی «چالدێران»ەوە هەتا ئەمڕۆ، کاریزمایەکی هاوشێوەی کاریزمای مستەفا بارزانی کە بە خۆڕسکی لە ناو هەناوی مێژووی نەتەوە لەدایك بووبێت، حاڵەتێکی دەگمەنە، ڕاستە زۆر سەرکردە و پێشەوای گەورەمان هەبووە، وەك شێخ مەحموودی حەفید کە «مەملەکەتی سلێمانی» ڕاگەیاند و، پێشەوا قازی محەمەد کە «کۆماری کوردستان»ی لە مەهاباد ڕاگەیاند و جەنابی مەلا مستەفا بارزانی ئەم دوو سەرکردەیەی وەك دوو سەرکردەی گەورە سەیر کردووە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت: «هیچ کاریزمایەك وەك کاریزمای مستەفا بارزانی نەیتوانیوە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە».

**لە ساڵی ١٩٤٥ کاتێک پێشەوا قازی محەمەد کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێت، ئەوە مەکتەبی سیاسیی حزبێک نەبووە پلان و بەرنامەی بۆ دانابێت، هەتا مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی بچن پارێزگاری لە کۆماری کوردستان بکەن، بەڵکو ئەوە بیرکردنەوەی کاریزمایەکە کە لە هەناوی مێژووی نەتەوەکەیدا لە دایک بووە و هەموو بستێکی خاکی کوردستان بە «بارزان» دەزانێت و ئامادەیە لەسەر هەر بستێکی قوربانی بدات**

**لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ دوای کەوتنی کۆماری کوردستان، ئەوە ئیرادەی کاریزمای مستەفا بارزانی بووە، نەک بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حزبێک، کاتێ بڕیار دەدات، ڕێڕەوە مێژووییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەست پێ بکات و لە ئاوی ئاراس بپەڕێتەوە و کێشەی کورد بە هەموو جیهان بناسێنێت**

**هیچ کاریزمایەک وەک کاریزمای مستەفا بارزانی نەیتوانیوە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە**



# میرو بابەشێخی ڕەحمەتی و جڤاتی ڕۆحانی و بیرمەند و شێخانی ئێزدی بۆ ڕیفراندۆم پاڵپشتی سەرۆک بارزانی بوون





**کەریم سلێمان**

ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**بۆ مێژوو باسی دەکەم جەنابی سەرۆک ڕازی بوو لەسەر سەرجەم ماف و داواکارییەکانمان و تەنانەت یەک وشەی لە داواکارییەکانی کوردانی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکە لا نەبرد**

**بەردەوام هەموو کوردێکی ئێزدی هەست بە هەڵوێستی جوامێرانەی سەرۆک بارزانی دەکات و بە داکۆکیکار و باوکی هەموانی دەزانین**

**«بەڵێ» لە ڕیفراندۆمدا بۆ سەربەخۆیی، ئیرادەی گەلە و دەبێت نەوەی داهاتوو و بگرە گەلانی ناوچەکە و جیهانیش ڕێزی لێ بگرن**

**بەشداریی کوردی ئێزدیی شنگال و بەعشیقە و دەشتی نەینەوا لە ریفراندۆمدا هێندەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری گرنگ بوو**

ڕیفراندۆم بە سەرۆکایەتیی مەرجەعی کورد مسعود بارزانی گەورەترین دەستکەوتی نەتەوەی کورد و کوردانی ئێزدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان بوو، ڕیفراندۆم نیشاندەری ئەو ڕاستییە بوو کە بارزانی داکۆکیکاری سەرسەختی نەتەوەیی کوردە، گەلی کورد و کوردستانیانی هەمووان پێکەوە بەرەو ڕیفراندۆم بردو دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، تەنانەت وێڕای فشارە نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان، سەرۆک بارزانی ئامادە نەبوو سازش لەسەر ئەم داواکارییەی خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە و گەلەکەی بکات و بە هەموو گەلانی جیهانی وت: گەلی کورد لە باشووری کوردستان مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت و ئەو خەونە مەزنەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندا بێتەدی، چونکە کورد گەلێکی زیندووە و بە کۆمەڵکوژی و پەراوێزخستنی مافەکانی چۆک دانادات.

ئەو دەمە لە لیژنەی باڵای ئامادەکردنی ڕیفراندۆم هەندێك ئێزدی بەشدار بوون، منیش لە لیژنەیەکی تایبەتی پێکهاتەکان بەشدار بووم بۆ چەسپاندنی مافی کوردانی ئێزدی لە دوای ڕیفراندۆم، بۆ مێژوو باسی دەکەم جەنابی سەرۆك ڕازی بوو لەسەر سەرجەم ماف و داواکارییەکانمان و تەنانەت یەك وشەی لە داواکارییەکانی کوردانی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکە لا نەبرد، بۆیە بەردەوام هەموو کوردێکی ئێزدی هەست بە هەڵوێستی جوامێرانەی سەرۆك بارزانی دەکات و بە داکۆکیکار و باوکی هەموانی دەزانین.

کاتێك گەلی کوردستان بە سەرۆکەکەیان گوت: «بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی» تا دنیا ماوە، ئەمە دەبێتە بەڵگەنامەیەکی فەرمی و ئەرکێکیشە بە سەرشانی سیاسەتمەدارانی کوردستانەوە، کە ڕۆژێك هەر دەبێت بە دەنگ داواکاریی گەلەوە بێن و دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن، چونکە «بەڵێ» لە ڕیفراندۆمدا بۆ سەربەخۆیی، ئیرادەی گەلە و دەبێت نەوەی داهاتوو و بگرە گەلانی ناوچەکە و جیهانیش ڕێزی لێ بگرن.

لە کۆبوونەوەیەکماندا لەگەڵ سەرۆك بارزانی کە بۆ پرسی ڕیفراندۆم ساز درابوو لەگەڵ کوردانی ئێزدی، سەرۆك بارزانی پێی ڕاگەیاندین: «هەموو مافە ئایینی و نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان پارێزراو دەبێت و لە ناو دەوڵەتەکەدا جێگای دەکەینەوە».

کورد و پێکهاتەکانی کوردستان، بەتایبەتی کوردانی ئێزدی لەبەر کوردبوون و ئایینەکەیان بە درێژایی مێژوو زوڵمیان بەرامبەر کراوە و چەندین جار کۆمەڵکوژ کراون، میللەتێك کۆمەڵکوژ کرابێت و بەرامبەرەکەی بە شێوازی جۆراوجۆری دیکە بەردەوام بێت لە سەر زەوتکردنی مافەکانی و ڕەتکردنەوەی هەموو مافێکی دەستووری و یاسایی، واتا هزری ئاشتی و یەکترقبووڵکردنیان تێدا نییە، ئێمەی شوێنکەوتووانی ئایینی ئێزدی ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ هەموو ئایینەکانی دیکە هەیە، بە درێژایی مێژوو بە هۆی ئەم هزرەوە دەستدرێژیمان بۆ سەر هیچ ئایینێك نەکردووە، کاتێکیش ئێمە ٧٣ جار لە مێژوودا قەتڵوعام کراوین لەبەر ئایین و نەتەوەکەمان، هەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و تا سەدەکانی ١٩ و ٢٠ و ٢١ کە دواجار لەسەر دەستی داعش قوربانی تەشەنەکردنی هزری ئەو توندوتیژییە بووین کە تا ئەمڕۆ لە عێراقدا درێژەی هەیە.

هێرشی داعش دژی کوردانی ئێزدی لە شنگال قێزەوەنترین تاوانی کومەڵکوژی بووە لە سەدەی ٢١دا، ئەوە عەقڵییەتی تیرۆریستی و توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر بوو کە پیاو و گەنجەکانی کوشت و دایك و خوشکەکانمانی وەکو کەنیزەك ڕفاند و کڕین و فرۆشتنی پێوە کردن. ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، سەلمێنەری بڕیاری ڕاست و دروستی سەرۆك بارزانییە کە دەیزانی هەر زوو سەرکردەکانی عێراق لە بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراق لە شەراکەت و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەی کورد پاشگەز بوونەتەوە، بە پێچەوانەی کوردەوە کە هەڵگری کەلتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیین.

لە ڕیفراندۆمدا هەموو نەتەوە و ئایینزاکان و چین و توێژەکان و بە جیاوازیی ڕاوبۆچوونی سیاسی و ناوچەکانیانەوە، تەنانەت کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان زوڵم و چەوسانەوە

و زەوتکردنی مافەکان و کۆمەڵکوژییان ڕەت کردەوە، گەلی کورد تاکە گەلە لە جیهاندا بەو قەبارە و ژمارە زۆرەی کە ٤٠ ملیۆن کەسە، بێ دەوڵەت و بێ مافە، لە دوای هەر دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییەوە کورد بە موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و ئایینزاکانی دیکەوە مافەکانیان زەوت کراوە، بەردەوام لەبەر نەبوونی دەوڵەت کۆمەڵکوژ و ئاوارە و دەربەدەر دەکرێین، ئێمەش دوو جار بووینەتە قوربانی، جارێك کە کورد بووین و جارێکیش کە ئایینەکەمان ئایینی ئێزدی بووە.

بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا میللەتی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تێکۆشاوە، بەڵام بە پێی قۆناغەکە و سەردەمەکە و بە ناوی جیاجیاوە کاری بۆ سەربەخۆیی کردووە، لە سەردەمی ڕەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕشی بارزان و ئەیلوول کە نموونەی سەرکردە و هزری پێکەوەژیان بووە و هەموو کورد و کوردستانییان لە دەوری بوون، ئێمەی کوردانی ئێزدییش بە ژمارەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو سەرکردەیە بووین و پێشمەرگەی مستەفا بارزانی بووین و، بەشداریی ئەو شۆڕشەمان کرد و چەندین سەرکردەی وەکو خوا لێخۆشبووان (حەسۆ میرخان و عیسا سوار)ی لەگەڵدا بوون، بارزانیی نەمر غەدر و زوڵمی ڕەت کردەوە و شۆڕشەکانی هەڵگیرساند و داوای مافە زەوتکراوەکانی کوردی بە بێ جیاوازی دەکرد. مەلا مستەفا بارزانی نیشتمانپەروەر بوو، ڕێزی لە مافی گەلانی دیکەش دەگرت، بڕوای تەواویشی بە نیشتمان و مافی بوون بە خاوەن دەوڵەتی بۆ کورد هەبوو، ئێمەی کوردی ئێزدییش درێژەپێدەری ئەو هزرەی مەلا مستەفا بارزانی-ین و ئایین و نەتەوە پێمان دەڵێت ڕێزگرتن لە سرووشت و خاك و مرۆڤ لای ئێمە دەبێت پیرۆز بێت، لە ئێستاشدا مەرجەعی کورد مسعود بارزانی لەسەر ئەو بنەمایە بەشداریی لە بونیاتنانی عێراقی نوێدا کرد و، کوردیش وەکو نەتەوە سەرەکییەکانی دیکەی عێراق لە نووسینەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق بەشدار بوو، تاوەکو لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد بپارێزرێت، نەوەکو دوای ئەو هەموو قوربانی و تێکۆشانە دادگایەك بێت و بە دەستێوەردانی دەرەکی و سیاسییانە کار بۆ پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی کوردستان بکات و، هاوشێوەی گەمارۆی ئابووری و بڕینی بودجە و تێکدانی گوندەکان گورزی گەورە لە ئابووریی کوردستان و بژێویی ژیانی خەڵکەکەی بدات.

لە ئێستادا زۆر پێویستە هەنگاو بەرەو نووسینەوەی دەستوور و پەسەندکردنی لە لایەن گەلەوە بنێین، کات یاوەرمان نییە و دەبێت لە ناو ئەم پشێوی و بێسەروبەری و توندوتیژی و سڕینەوەی یەکترەدا لە عێراق، گەلی کوردستان هەست بە ئارامی بکات و متمانەی بە داوڕۆژ هەبێت، ناکرێت چەندین ساڵە کورد مافەکانی پێشێل بکرێت و ماددەیەکی وەکو ١٤٠ی دەستووری زیندەبەچاڵ بکرێت و بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان ببڕدرێت و هەموو مافێك زەوت بکرێت، کەچی کەسانێك هەبن دژی ئەو مافە ڕەوایەی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بوەستنەوە، بەشداریی کوردی ئێزدیی شنگال و بەعشیقە و دەشتی نەینەوا لە ڕیفراندۆمدا هێندەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری گرنگ بوو.

هەر کوردێکی ڕەسەن لە کوردستان بێت، یان لە دەرەوەی وڵات، پاڵپشتی لە ڕیفراندۆم دەکات، چونکە مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە، دەوڵەت و سەربەخۆیی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئایین و یاسا و عورفی نێودەوڵەتی و ئەخلاقی مرۆڤایەتیدا یەك دەگرێتەوە، کورد دەمێکە قوربانیی جینۆساید و قەتڵوعامکردن بووە، ئێمە خاوەن خاك و میللەتی ڕەسەنی سەر ئەم خاکەین و زمان و کەلتووری تایبەت بە خۆمان هەیە، خودا و ویژان قبووڵ ناکات لە مافی دەوڵەتبوون پێبەش بکرێین، سەرۆك بارزانی لە ڕیفراندۆمدا ڕای گەلی وەرگرت و میرو بابەشێخی ڕەحمەتی و جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی و بیرمەند و شێخانی ئێزدی هەموویان حازر بوون و بە ئاشکرا پاڵپشتییان لەم دەستکەوتە گەورەیەی ڕیفراندۆم کرد و، داوامان کرد خەونی گەورەی کوردان بێتە جێبەجێکردن.

**ئەوە عەقڵییەتی تیرۆریستی و توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر بوو کە پیاو و گەنجەکانی کوشت و دایک و خوشکەکانمانی وەکو کەنیزەک ڕفاند و کڕین و فرۆشتنی پێوە کردن**

**ئێمەی کوردی ئێزدی درێژەپێدەری ئەو هزرەی مەلا مستەفا بارزانی-ین و ئایین و نەتەوە پێمان دەڵێت ڕێزگرتن لە سرووشت و خاک و مرۆڤ لای ئێمە دەبێت پیرۆز بێت**

**بارزانیی نەمر غەدر و زوڵمی ڕەت کردەوە و شۆڕشەکانی هەڵگیرساند و داوای مافە زەوتکراوەکانی کوردی بە بێ جیاوازی دەکرد**

**ئێمە خاوەن خاک و میللەتی ڕەسەنی سەر ئەم خاکەین و زمان و کەلتووری تایبەت بە خۆمان هەیە، خودا و ویژان قبووڵ ناکات لە مافی دەوڵەتبوون پێبەش بکرێین**



سەعید جردو مەتۆ
سەرۆکی دەستەی باڵای ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی بنکەی لالش بۆ گوڵان:

# بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، ئێزدییەکان شانازی بە فەلسەفەی مەلا مستەفا بارزانی-یەوە دەکەن

**کەلتووری پێکەوەژیان لای کوردانی ئێزدی و هزری ڕەتکردنەوەی توندوتیژی لە ناو ئێزدییان لە ئاستێکی بەرزدایە، لە شێخان و شنگال و دەشتی نەینەوا و تەواوی ناوچەکانیان، هەموو ئایین و ئایینزاکان بێ کێشە و گرفت پێکەوە دەژین، بۆ پاراستنی پێکەوە ژیانیش پێویستمان بە پاراستنی کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان و تێگەیشتن لە ڕەسەنایەتیی بیروباوەڕی ئایینەکان هەیە. لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە دۆخی کوردانی ئێزدی، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سەعید جردو مەتۆ سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی لالش کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەتا پیرۆزبایی کۆنگرەی ١٤ی دەستەی بنکەی لالشتان لێ دەکەین و، دەخوازین گرنگترین ئامانج و ئەرکەکانی بنکەی لالش بزانین، بەتایبەتی بۆ بڵاوکردنەوەی هزری پێکەوەژیان و گرنگیدان بە ڕۆشنبیریی پێکەوەژیان لای کوردانی ئێزدی؟**

- بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی لالش بنکەیەکی جڤاتیی کوردانی ئێزدییە، لە ساڵی ١٩٩٣ بە پشتیوانیی مەرجەعی کورد سەرۆك بارزانی دامەزراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتیی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالشی کردووە، بنکەکەمان کار دەکات لە پێناو ئەوەی ئایینی ئێزدی لە خزمەتی ڕۆشنبیران و لایەنی کۆمەڵایەتی و ناساندنی کەلتووری پێکەوەژیان، دوای تێپەڕبوونی ٢٩ ساڵیش بەسەر دامەزراندنی بنکەکەماندا، لە کۆنگرەی ١٤ی بنکەکەماندا سەرۆك و جێگر و دەستەیەکی نوێ هەڵبژێردران و، درێژە بە کار و چالاکییەکانمان دەدەین و، کۆمەڵێك پلان و بەرنامەی نوێمان لە بەردەستدایە، لە خزمەتی کوردانی ئێزدی و ڕۆشنبیرانی ئێزدیدا دەبین.

*** پێکەوەژیان و لێبووردەیی لای کوردانی ئێزدی لە ئاستێکی بەرزدایە و، ئێوە دژی توندوتیژین، وێڕای ئەوەی لە مێژوودا چەندین جار لە عێراقدا توندوتیژیتان بەرامبەر کراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چی وای لێ کردوون کەلتووری پێکەوەژیان لای کوردانی ئێزدی لە ئاستێکی بەرزدا بێت؟**

- کوردبوون و ناوەڕۆکی ئایینەکەمان وای کردووە کە پابەندی پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی بین، ئێمە دژی هەموو توندوتیژی و دەمارگیرییەکی نەتەوەیی و ئایینین، هەرچەندە لە عێراقدا بە هۆی کوردبوون و ئایینەکەمانەوە چەندین جار کۆمەڵکوژ کراوین و خاك و ماڵ و موڵکمان داگیر کراوە، بەڵام توانیومانە پارێزگاری لەو کەلتوورە جوانەی کوردایەتی و ئایینەکەمان بکەین، لە دیدی ئێمەوە ئایین بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە و هەموو پێکەوە جوانین، ناکرێت بە هۆی هێنانی هزر و بۆچوونی مەزهەبی و ئایینی لە دەرەوەی سنوورەکان و بە دوورکەوتنەوە لە بنەما پیرۆزەکانی ئایین، ئازاری یەکتر بدەین و، پاساو بۆ کوشتن و کۆمەڵکوژی و ڕفاندن و لەناوبردنی یەکتر بێنینەوە، بەداخەوە تا ئێستاش لە عێراقدا نەتوانراوە پارێزگاریمان لێ بکرێت، ئەوەتا زۆرینەی کوردانی ئێزدیی شنگال و دەشتی نەینەوا لە ئۆردوگاکانی پارێزگای دهۆکن و نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

**کوردبوون و ناوەڕۆکی ئایینەکەمان وای کردووە کە پابەندی پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی بین**

**تا ئێستاش لە عێراقدا نەتوانراوە پارێزگاریمان لێ بکرێت، ئەوەتا زۆرینەی کوردانی ئێزدیی شنگال و دەشتی نەینەوا لە ئۆردوگاکانی پارێزگای دهۆکن و نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان**

*** لە کاتێکدا ئێوە ١٤یەمین کۆنگرەتان بەست، هاوکات یادی کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی کرایەوە کە ئازار و مەینەتییەکی زۆرتان بینی بە هۆی کوردبوون و ئایینەکەتانەوە، جڤاتی ڕۆشنبیریی بنکەیەکی گرنگی وەك لالش چۆن دەڕوانێتە پاراستنی مافەکانی کوردانی ئێزدی لە عێراقدا؟**

- لە عێراقی نوێ و عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا، حوکمڕانانی عێراق نەیانتوانی

**لە عێراقی نوێ و عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا، حوکمڕانانی عێراق نەیانتوانی مادده و برگە دەستوورییەکان جێبەجێ بکەن و پاشاکشەیان لە بنەماکانی پێکەوەژیان و هاوبەشی و پاراستنی مافە دەستووری و یاساییەکانی پێکهاتەکان کرد**

**بە کوردانی ئێزیدی ڕەوا نابینن ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکرێت و لەژێر خێوەتگا و لە ناو ئۆردوگاکاندا نەمێنین و بگەڕێینەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆمان، ناوچەکانمان بە چەکداری بیانی و هێزی میلیشیات تەنراوە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لەسەر داوای مەرجەعی کورد ئافرەتە کوردەکانی ئێزدیی لە دەستی داعش ڕزگار کرد**

**سەرۆکی حکومەت پاڵپشتی هەموو جڤاتێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردانی ئێزدی دەکات و ئەندازیاری ئاوەدانکردنەوەی لالش و ناوچەکانمانن**

مادده و برگە دەستوورییەکان جێبەجێ بکەن و پاشاکشەیان لە بنەماکانی پێکەوەژیان و هاوبەشی و پاراستنی مافە دەستووری و یاساییەکانی پێکهاتەکان کرد، بەتایبەتی پێکهاتەی کورد بە گشتی و کوردانی ئێزدی بەتایبەتی، ئەوەتا بە کوردانی ئێزیدی ڕەوا نابینن ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکرێت و لەژێر خێوەتگا و لە ناو ئۆردوگاکاندا نەمێنین و بگەڕێینەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆمان، ناوچەکانمان بە چەکداری بیانی و هێزی میلیشیات تەنراوە. ڕاستە سەرۆک بارزانی و خەڵکی کوردستان دەروازەکانیان واڵا کرد بۆ ئاوارەکانی شنگال و دەشتی نەینەوا و لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان منداڵەکانمان دەخوێنن و هەموو مەراسیمێکی ئایینیی خۆمان بە ئازادانە بەڕێوە دەبەین، بەڵام ئێمە ئاواتەخوازین بگەڕێینەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان.

*** لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و ئێستاش مسعود بارزانی پارێزگاری لە کوردانی ئێزدی کردووە، ئایا ئەم پاڵپشتی و پارێزگارییە تا چەند کاریگەریی لە بەهێزبوونی پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەبووە و، لای کوردانی ئێزدی چ مانایەکی هەیە؟**

- کوردی ئێزدی شانازی بە فەلسەفەی مەلا مستەفا بارزانی دەکات بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان و یەکترقبووڵکردنی نێوانیان، لە ئێستاشدا مەرجەعی کورد و کوردستان جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی درێژەپێدەری ڕێبازی کوردایەتی و مەلا مستەفا بارزانی-یە و، هەردوو بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر ئەو ڕێبازەی ئەوانن و پارێزگاری لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکەن، ئێمە دڵخۆشین بەو کەلتوورەی کوردایەتی کە ڕێز لە هەموو نەتەوە و ئایینەکان دەگرێت، هەمیشە سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردووەتەوە کە کوردی ئێزدی خاکی خۆی بەجێ نەهێڵێت و نەکەوێتە ژێر فشار و هەڕەشەی تیرۆریستانەوە، بەڕێزیان ئامادەیە لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانی بەرگریمان لێ بکات، سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکانی بوون شنگال و چیای شنگالیان ئازاد کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لەسەر داوای مەرجەعی کورد ئافرەتە کوردەکانی ئێزدیی لە دەستی داعش ڕزگار کرد و، سەرۆکی حکومەتە پاڵپشتی هەموو جڤاتێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردانی ئێزیدی دەکات و ئەندازیاری ئاوەدانکردنەوەی لالش و ناوچەکانمانن، جەنابی سەرۆک بارزانی هەمیشە داخوازیی دابینکردنی مافە ڕەواکانی ئێزدییە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لە شنگال.

*** زۆر باس لە گرنگیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال دەکرێت بۆ کۆتاییهاتنی نەهامەتیی کوردانی شنگال و گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی باوک و باپیرانیان، ئێوەی کوردانی ئێزدی داواکاریتان چییە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شنگال؟**

- ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی شنگال و پێکهێنانی هێزی هاوبەش و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو سنوورە، دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و ئاساییبوونەوەی ڕەوشی شنگال، بەداخەوە هەندێک گرووپی چەکداری میلیشیات و بیانی بە هاندانی وڵاتانی ئیقلیمی بوونەتە ڕێگر لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال و گەڕانەوەی ئیدارەی شەرعی و ئاوارەکان، ئێزدییەکانیش بە بێ بوونی پێشمەرگە و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ شنگال هیچ متمانە و ئومێدێکیان نەماوە و، ئامادە نین لەژێر سێبەری بێ یاسایی و ڕفاندنی هاووڵاتیان و کوشتن و نائارامی و ناسەقامگیریدا ماڵ و منداڵیان بخەنە مەترسییەوە.

*** ئێزدییەکان وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی کورد چۆن دەڕواننە پاراستنی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی کوردانی ئێزدی، بەتایبەتی لە شنگال و دەشتی نەینەوا؟**

- ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردن و داواکاریی ئاشتی و ئارامییان بۆ هەموو کورد هەیە لە چوارچێوەی کوردستانێکی ئازاد و ئارامدا، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان وەکو پێگەیەکی ئارام و سەقامگیر بۆ هەموو نەتەوە



و ئایین و ئایینزاکان بمێنێتەوە لە عێراق و ناوچەیەکدا، کە بەردەوام پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزا و کەمینەکان لە کۆچی بەردەوامدان، زۆر لە هێزە قین لە دڵ و دەمارگیر و مەزهەبییەکان ئەم مەرامەیان دەوێت، بۆیە ئێمە وەکو جڤاتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی ئێزدی، داواکارین نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان شنگال و دەوروبەری و دەشتی نەینەوا لە گرووپە چەکدارەکان پاك بکەنەوە و، هاوشێوەی ناوچەی دژە فڕینی کوردستان تەواوی ئەم ناوچانەش بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، جێگەی داخە نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەنجومەنی ئاسایش لە گەڕانەوەی مافی کوردانی ئێزدی و ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال کەمتەرخەم بوون، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین ئاوڕێکی جددی لە کەمپەکان بداتەوە و، داخوازیی ئێمە و خەڵکی ناو کەمپەکان ئەوەیە خێوەتگاکان بگۆڕدرێن بە خانوو، یان کابینە و ئاو و ئاوەڕۆی بۆ بکرێت و شەقامەکانی قیرتاو بکرێن و، قوتابخانە و بنکە تەندروستییەکانی پێش بخەن و، وەکو شارۆچکەیەك مامەڵە لەگەڵ کەمپە گەورەکان بکەن، بوونی ٢٠٠ هەزار کوردی ئێزدی لە ناو کەمپەکانی پارێزگای دهۆك، پێویستییان بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، ئێمە وەکو بنکەیەکی ڕۆشنبیری و چڤاکی داواکارین گرنگیی زیاتر بە بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن بدرێت و لە گوتاری مامۆستایان و پیاوانی ئایینیدا ڕەنگ بداتەوە.

*** داواکاریتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی هەرێم چییە، چونکە جگە لەوەی بەشێکی گەورەی ناوچەکانتان لە ناو هەرێمی کوردستاندایە، ئەو بەشەی داگیریش کراوە لە شنگال و دەشتی نەینەوا زۆرینەی خەڵکەکەی لە کوردستان دەژین؟**

- ئێمە بەشێکی دانەبڕاوین لە نەتەوەی کورد و کوردستان، وەکو سەرۆك بارزانی گوتی پێکەوە لەسەر ئەم خاکە دەژین و پارێزگاریمان لێ دەکات و خاکی خۆمان بەجێ ناهێڵین، خۆشبەختانە ئەو کەلتوورەی کورد و سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی لە پێناویدا تێکۆشا و پارێزگاریی لە هەموو مافە نەتەوەیی و ئایینیەکانی دەکرد، لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە درێژەی هەیە، بۆیە داواکارین بە هەموو هێز و تواناوە بەرگری لە کەلتووری پێکەوەژیان بکرێت و لە ناو قوتابخانە و زانکۆکاندا بایەخی پێ بدرێت و، ناوەندەکانی ئایینی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن نەوەی نوێ لەسەر هزر و فەلسەفەی پێکەوەژیان پەروەردە بکەن، ئەو پێکەوەژیانەی سیمای هەرێمی کوردستانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**خۆشبەختانە ئەو کەلتوورەی کورد و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە پێناویدا تێکۆشا و پارێزگاریی لە هەموو مافە نەتەوەیی و ئایینیەکانی دەکرد، لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە درێژەی هەیە**

دیمانەی تایبەت



**بواز ئەتزیلی**

پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی واشنتۆن دی سی بۆ گوڵان:

# زۆرێک لە پشێوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زادەی داڕووخانی دەوڵەتن

**بواز ئەتزیلی پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وانەبێژ و پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتییە، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئاسایشی جیهانی و تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و جەنگ و دەوڵەتە لاوازەکان و پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەب و، پرسی دەوڵەتی شکستخواردوو و هۆکار و دەرئەنجامەکانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ساز کرد کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە قەیران و تەنگژەکان و جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و چین بە هۆی تایوانەوە و بەگشتی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بارودۆخی ئێستای جیهان.**

*** وەك کەسێکی تایبەتمەند و پسپۆڕ لە بواری پەیوەندییە نێوەدەوڵەتییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، دیدوتێڕوانینتان چییە بۆ هەلومەرج و بارودۆخی ئێستای جیهان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەندین قەیران و تەنگژە و بگرە جەنگیش لە ئارادان، وەك جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بەم دواییەش هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین بە هۆی تایوانەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەروەك چەندین شرۆڤەکار و چاودێری بارودۆخە جیهانییەکە ئاماژەیان پێ کردووە و شرۆڤەکارییان بۆ کردووە، ئەوا جیهان لە قۆناغی ڕاگوزەری و ئاڵۆگۆڕدایە، سیما و خەسڵەتی ئەم گۆڕانکارییەش ئەوەیە کە قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد کە کەم تا زۆر ڕۆژئاوا باڵادەست بوو و باڵی بەسەردا کێشابوو، ئێستا بەرەو هەلومەرجێکی دیکە دەڕوات و هەنگاو دەنێت. واتە ڕواڵەت و ڕەهەندی ئەوەی پێی دەڵێن سیستم، یان با بڵێین «بێ سیستمی» ناڕۆشنە و ڕوون نییە. بە تێڕوانینی من داگیرکاریی وڵاتی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا زیاتر لە پاشماوەی چەشنێکی کۆنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەچێت، واتە پەیوەستە بە زۆنەکانی دەستڕۆیشتوویی و، ئەگەر بە ڕاشکاوی و ڕوونی بدوێین، ئەوا ئەمە پتر هاوشێوەی گرتنەبەری سیاسەتێکی ئیمپریالییە لەلایەن وڵاتێکەوە کە لە ڕووی سەربازییەوە هێز و توانایەکی زۆری هەیە، بەڵام بە چەشنێکی سنووردار و دیاریکراو لە گەشەکردندایە (مەبەستم وڵاتی ڕووسیایە)، ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم پێشهات و پەرەسەندنە پتر مایەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ جیهان لە مەودای دووردا، ئەم دوو وڵاتە زیان و خەسارەتێکی زۆر دەکەن، ئەگەر ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، بەڵام ئەگەر هاوکاریی یەکتری بکەن، ئەوا دەستکەوتێکی زۆر بۆ هەردوولا بەدەست دەهێنرێت، بەڵام پێدەچێت ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات، پێچەوانەی ئەم ڕەوتە بێت.

*** بوار و لایەنێکی دیکە کە ئێوە لە توێژینەوەکانتاندا جەختیان لەسەر دەکەنەوە، یان شرۆڤەی لەبارەوە دەکەن، بریتییە لە پرسی پەیوەست بە دەستەواژەی دەوڵەتی شکستخواردووو، ئێوە چۆن پێناسەی ئەم چەشنە دەوڵەتە دەکەن؟ ئایا هۆکارەکانی شکستخواردنی دەوڵەت چین و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم جۆرە دەوڵەتە چی دەبن؟**

- لە ڕاستیدا من لە ڕوانگەی چوار تەوەرەوە لە هێز و لاوازیی دەوڵەت دەڕوانم. یەکەمیان پەیوەندیدارە بە هێز و کارایی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، بۆ نموونە سەپاندن و کۆکردنەوەی باج، هێزی پۆلیس و سوپای وڵاتەکە، سیستمی پەروەردە و دادگاکان و...هتد. دووەم، بریتییە لە توانای دەوڵەت لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی کە حکومەت بڕیاریان لێ دەدات. سێیەمان توانای حکومەتە بۆ دەستەبەرکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان بۆ دانیشتووان و هاووڵاتییەکانی. تەوەری چوارەمیش بریتییە لە ڕادەی مەشروعییەتی دەوڵەتەکە لە ڕوانگەی دانیشتووانی نیشتەجێی وڵاتەکەوە، کەواتە ئەگەر لەم چوار تەوەرەدا ئەدای دەوڵەت لاواز بوو، ئەوا ئەمە ئاماژەیە بۆ شکستهێنانی دەوڵەتەکە. سەرنجی ئەوە بدەن کە ئەمە بریتییە لە شکستی دەوڵەت و مەرج نییە ئەمە بە واتای شکستهێنانی هەموو شتێك بێت لە نێو دەوڵەتەکەدا. هەروەها ئێوە پرسیار لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی شکستخواردنی دەوڵەت دەکەن، پێم وایە لەم ڕووەوە هۆکار و دەرئەنجامی جۆراوجۆر هەن، من لە توێژینەوەکانمدا بایەخ بە پرسی سنوورە نێودەوڵەتییە جێگیرەکان دەدەم وەك یەکێك لە هۆکارەکان، هەروەها جەخت لەسەر ناکۆکییە توندوتیژەکانی سەر سنوورەکان دەکەمەوە، وەك یەکێك لە دەرئەنجامەکان، هۆکار و دەرئەنجامەکانی دیکە پتر پەیوەستن بە

سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکانەوە.

*** ئێوە لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەتان بە پرسی سنووورە نێودەوڵەتییەکان کرد، وەك هۆکارێك بۆ شکستی دەوڵەتەکان، کە بە تایبەتی ئەمە بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێ دەبێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە دید و تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك کێشە و ناکۆکییەکانی پەیوەست بە سنوورەکان لە نێوان دەوڵەتان و هەروەها کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا لەم ناوچەیەدا بوونەتە هۆی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی شەرعییەت و کارایی ئەم دەوڵەتانە؟**

- من پێم وایە ئەم ناکۆکییانە بە ئاست و ئەندازەیەکی زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر کارایی و شەرعییەتی ئەم دەوڵەتانە، بە بۆچوونی من ناوچە ناوخۆییە ناکۆکی لەسەرەکان پتر کاریگەرییان هەیە بەراورد بە ناکۆکی لەسەر سنوورەکان لە نێوان دوو دەوڵەتدا، لە مەودای دووردا بۆی هەیە سنووورە نێودەوڵەتییە ناکۆکیی لەسەرەکان (لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) گوشار دروست بکەن، کە لە ڕاستیدا بۆی هەیە ببنە هۆی پتەوکردنی شەرعییەتی ناوخۆیی و بەهێزکردنی دەوڵەتەکە، هەروەها ناکۆکییە ناوخۆییەکانیش لەبارەی خاکەوە بۆی هەیە کاریگەریی زیانبەخشتری لێ بکەوێتەوە لەسەر شەرعییەتی دەوڵەتەکە.

*** ئێوە چۆن لە لێکەوتەکانی لەبەریەکهەڵوەشانەوە و لێکترازانی هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە دەڕوانن، بە تایبەتی کە ئێمە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتێکی وەك لوبنان بکەین، ئایا ئەم داڕووخانی دەوڵەتە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی تێکڕای ناوچەکە جێ دەهێڵێت؟**

- من پێم وایە ئەوەی لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژەی پێ بکرێت و بگوترێت، ئەوەیە کە زۆرێك لە کێشە و پشێوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ داڕووخانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە - سەرەتا وڵاتی عێراق (دوای داگیرکردنی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە) و دواتر داڕووخانی وڵاتی سووریا و لوبنانیش. ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بە وڵاتی لوبنان کرد، کە ڕەنگە بگوترێت کاریگەرییەکانی داڕووخانی ئەم وڵاتە کەم و سنووردارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەوڵەتێکی بچووکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت پشێوی و کێشەی گەورەتری لێ بکەوێتەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە هێزە هەرێمایەتییەکانی وەك ئیسرائیل و ئێران و سووریا دەستتێوەردانیان لەم وڵاتەدا هەیە.

*** هەر لە پەیوەندی بە کێشەی سنوور و خاکەوە دەکرێت ئاماژە بە ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل بکرێت، کە ناکۆکییەکی درێژخایەنە و چەندین دەرئەنجامی نەخوازراویشی لێ کەوتووەتەوە، ئایا پێت وایە ئەم کێشە و ناکۆکییە بە ڕێگەیەکی داخراو گەیشتووە و ئومێدی ئەوە ناکرێت ڕێگەچارەیەك بێتەئاراوە، یان هێشتا ئەگەری ئەوە ماوە بتوانرێت لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە ئەم ناکۆکییە یەکلا بکرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێشبینی ئەوە ناکەم لە مەودای نزیکدا دەرفەت و دەروازەیەکی لەم چەشنە بکرێتەوە و بێتەئاراوە، چونکە سەرکردایەتییەکی بەهێز، یان بوێرانە لە هیچ لایەنێکی ناکۆکییەکە بەدی ناکرێت، بەڵام ئەمە زیاتر بە سەر ئیسرائیلدا جێبەجێ دەبێت، چونکە ئیسرائیل لایەنە بەهێزترەکەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە مەودای دووردا هیچ ناکۆکییەك بۆ هەتاهەتایە و بۆ هەمیشە درێژە ناکێشێت، ئەم ناکۆکییەش هەتاسەر بەردەوام نابێت، بەڵام ڕەنگە بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژ بمێنێتەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند ڕێککەوتنەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان وڵاتی ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبیدا بە پێشهات و پەرەسەندنێکی گەورە، یان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەزانن لە پەیوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا پێتان وایە دەکرێت ئەمە لە ئایندەی دووردا گۆڕانکاریی ئەرێنیی زیاتر بەسەر بارودۆخی ناوچەکەدا بهێنێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بەم ڕێککەوتنانەوە هەبێت، ئەوا دەکرێت بەم شێوەیە شرۆڤەکارییان بۆ بکەین: لەلایەکەوە دەکرێت ئەمانە بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی لێك بدرێنەوە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا کە هەرگیز شەڕیان لەگەڵ یەکدیدا نەکردووە، کەواتە ناکرێت بڵێین ئەم ڕێککەوتنانە گرنگن، هێندەی گرنگیی ڕێککەوتنەکانی ئاشتی لە نێوان هەردوو وڵاتی میسر و ئیسرائیل و ئەردەن و ئیسرائیلدا، ئەمە ئەگەر باسی ڕێککەوتنەکانی ئۆسلۆی نێوان ئیسرائیل و ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستین نەکەین. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت ئەم ڕێککەوتنانە جیاوازییەکی گەورە دروست بکەن، ئەگەر ژیرانە بەکار بهێنرێن، مەبەستم ئەوەیە نابێت بە چەشنێك بەکار بهێنرێن بۆ گۆشەگیرکردنی فەلەستینییەکان، بەڵکو دەبێت بۆ زامنکردنی شەرعییەتی ئیسرائیل بێت لە ناوچەکەدا بۆ ئەوەی گوشاری لەسەر دروست بکرێت، تاوەکو دەست بکاتەوە بە دانوستان و ئامادەی سازشکردن بێت لەگەڵ فەلەستینییەکاندا، بۆ نموونە، دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ هەوڵدان و بەدیهێنانی چارەسەرێکی بنیاتنەرانە بۆ کێشەی کەرتی غەزە.

**قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد کە کەم تا زۆر ڕۆژئاوا باڵادەست بوو و باڵی بەسەردا کێشابوو، ئێستا بەرەو هەلومەرجێکی دیکە دەڕوات**

**ڕواڵەت و ڕەهەندی ئەوەی پێی دەڵێن سیستم، یان با بڵێین «بێ سیستمی» ناڕۆشنە و ڕوون نییە**

**سەبارەت بە هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان چین و ئەمریکا پەرەسەندنی پتر مایەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ جیهان لە مەودای دووردا و ئەم دوو وڵاتەش زیان و خەسارەتێکی زۆر دەکەن، ئەگەر ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە**

**ناوچە ناوخۆییە ناکۆکی لەسەرەکان پتر کاریگەرییان هەیە بەراورد بە ناکۆکی لەسەر سنوورەکان لە نێوان دوو دەوڵەتدا**

دیمانەی تایبەت



**جون توفیڵ درەیەر**

**پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی میامیی ئەمریکا بۆ گوڵان:**

# چین دەیەوێت بە گوشاری ئابووری تایوان ناچار بە خۆڕادەستکردن بکات

**جون توفێڵ درەیەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی میامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وانەبێژی سیاسەتی بەرگریی ئەمریکا و چین و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، پسپۆڕ و تایبەتمەندی کاروبارەکانی چین و تایوان و چەند بوارێکی گرنگی دیکەیە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە پەیوەندییەکانی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین و بەتایبەتی پرسی تایوان و ئەو بارگرژییە هەڵکشاوەی بە هۆی ئەم پرسەوە ڕووی داوە.**

*** هەروەك ئاشكرایە ململانێ و ڕكابەرییەكی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو وڵاتی چین و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئێوە لەم ساتەوەختەدا چۆن وەسفی پەیوەندییەكانی ئەم دوو وڵاتە دەكەن؟**

- ئاشكرایە كە پەیوەندییەكانی نێوان ئەم دوو وڵاتە باش نین لە ئێستادا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش نادیدە نەگرین كە بۆ ماوەیەكی زۆرە ئەم دوو وڵاتە لە پەیوەندییەكی خراپدان لەگەڵ یەكتری. سەردانەكەی ئەم دواییەی خاتوو نانسی پێلۆسی (سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكا) بۆ تایوان هێندەی دیكەی ئەم پەیوەندییانەی ئاڵۆز كرد، بەڵام من پێم وایە لە بنەڕەتدا ئەمە هەر ڕووی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە چین بە دوای بیانوو و پاساوێكدا دەگەڕا بۆ بەرفراوانكردنی چالاكییەكانی، یان با بڵێین چالاكییە فراوانخوازییەكانی، ئەم سەردانەی خاتوو پیلۆسی-یش بیانوویێكی باشی بۆ چین دەستەبەر كرد.

*** هەروەك ئاشكرایە سەردانەكەی خاتوو نانسی پیلۆسی، وڵاتی چینی زۆر ناڕەحەت و نیگەران كرد، ئایا پێتان وایە پێویست بوو بەرپرسێكی ئەوها باڵای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەردانی تایوان بكات؟ ئایا نەدەبوو ئەمریكا ئەوە لەبەرچاو بگرێت كە چین لە بەرامبەر هەنگاوێكی لەم چەشنەدا كاردانەوەی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە حوكم لەسەر ئەوە بدەین، ئایا هەنگاوێكی لەم چەشنە پاساوی هەیە، یان نا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بكەین، كە سەرۆكی چین (شی جین پینگ) ڕووبەڕووی بەرهەڵستكاری ناوخۆیی بووەتەوە لە نێو وڵاتەكەیدا، نەك لە نێو خەڵكەكەیدا، بەڵكو لە نێو گرووپەكەی خۆیدا لە بارەی ئەوەی ئایا بیرۆكەیەكی باشە كە بۆ خولی سێیەمی سەرۆكایەتی هەر بە سەرۆك بمێنێتەوە، لەم ڕووەوە سەرۆكی چین هەوڵ دەدات سەركەوتنێك بەسەر تایواندا تۆمار بكات، كە لە بنەڕەتدا ئەمە سەركەوتن دەبێت لە بەرامبەر ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ بەهێزكردنەوەی پێگەی خۆی و بۆ ئەوەی پێیان بڵێت و بانگەشەی ئەوە بكات كە «من پاڵەوانم و من هەنگاو هەڵدەگرم بۆ یەكخستنەوەی تایوان لەگەڵ چیندا، لەبەر ئەوە متمانەم پێ بكەن و بوار بدەن، خولی سێیەمی سەرۆكایەتی بگرمەوە دەست..» لەبەر ئەوە پێموایە ئەو هەلومەرجەی ئێستا هاتووەتە ئاراوە دۆخێكی لەبارە بۆ پلانەكەی ئەو.

*** ئایا بە دید و تێڕوانینی ئێوە تا چەند ئەم هەڵكشانی بارگرژییەی كە لە نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و چیندا دروست بووە بە هۆی پرسی تایوانەوە، دەبێتە هۆی زیاتر لێكترازاندن و خراپبوونی پەیوەندییەكانی نێوان ئەم دوو وڵاتە؟ ئایا پێت وایە ئەمریكا بوار بە چین بدات بۆ ئەوەی دەست بە سەر تایواندا بگرێت؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەكەن لە خراپبوونی زیاتری پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و چین شتێكی ڕاستە. هەروەها من پێم وا نییە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەستەوەستان بوەستێت لەبەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی تایوان لەلایەن وڵاتی چینەوە. دواتر دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین كە تەنیا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نییە كە ناڕەحەت و نیگەران بێت لە ئاست هەوڵ و هەنگاوەكانی چین، بەڵكو دەبینین وڵاتی یابانیش بە ڕادەیەكی گەورە ناڕەحەت بووە لەم بارەیەوە. چونكە ئەگەر لە نەخشە بڕوانین ئەوا تایوان درێژبوونەوەیەكی جوگرافیی وڵاتی یابانە و زۆربەی دوورگە بچووكەكانی باكووری تایوان نزیكن لە دوورگە بچووكەكانی باشووری یابانەوە و هێندە لێك نزیكن كە لە ڕۆژدا دەتوانیت لە دوورگەیەكەوە، دوورگەكەی دیكە ببینیت. ئەمە بەو مانایە دێت، ئەگەر ئاوی ئیقلیمی چین درێژ ببێتەوە بۆ دوڕگەكانی تایوان ئەوا ڕاستەوخۆ نزیك دەبێتەوە لە یابانەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە چین و یابان لە پەیوەندییەكی باشدا نەبوون، ئەوا هەنگاوێكی لەم چەشنە یابان نیگەران دەكات. هەروەها یابان و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پەیماننامەی هاوپەیمانێتییان لە نێواندایە، مەبەستم

**ئەگەر لە نەخشە بڕوانین ئەوا تایوان درێژبوونەوەیەکی جوگرافیی وڵاتی یابانە**

**ئەگەر ئاوی ئیقلیمی چین درێژ ببێتەوە بۆ دوڕگەکانی تایوان ئەوا ڕاستەوخۆ نزیک دەبێتەوە لە یابانەوە**

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە چین و یابان لە پەیوەندییەکی باشدا نەبوون، ئەوا هەر هەنگاوێکی چین بۆ داگیرکاریی تایوان یابان نیگەران دەکات**

ئەوەیە ئەگەر یابان نیگەران بێت ئەوا دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نیگەران بێت. هەروەها حکومەتی ئوسترالیاش زۆر نیگەرانە لەم بارەیەوە.

*** هەروەك دەزانین کێشەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین تەنیا پەیوەست نییە بە پرسی تایوانەوە، بەڵکو چەندین کێشەی دیکە هەن، وەك پرسی کەمینەی ئیگۆر لە چین و سیاسەت و ڕێکارەکانی چین لە بەرامبەر بزووتنەوە دیموکراسییەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم پرسانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست چیندا؟**

- بە دڵنیاییەوە خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دڵەڕاوکێوە دەڕوانن لەو هەڵسوکەوتانەی لەگەڵ کەمینەی ئیگۆردا دەکرێن، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە بە سەر خەڵکی هۆنگ کۆنگدا دێت. هەرچەندە دەبێت ئەوە بڵێین کە ژمارەیەکی کەمی بەرپرسانی ئەمریکا سەردانی ناوچەی جێنشینی ئیگۆریان کردووە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی ئەمریکا سەردانی هۆنگ کۆنگیان کردووە و لە نزیکەوە بارودۆخەکەیان بینیوە. کەواتە لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەمە هەستی خەڵکی ئەمریکایە لە ئاست ئەم کێشانەدا. لەم ڕووەوە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدنیش- هەروەك هەر ئیدارەیەکی دیکەی ئەمریکا- دەبێت ڕای گشتی وڵاتەکەی لە بارەی ئەم پرسانەوە لەبەرچاو بگرێت و، بە هۆی ئەوەی بە سەر کەمینەی ئیگۆر و خەڵکی هۆنگ کۆنگدا دێت، ڕای گشتیی ئەمریکا لە ئاست چیندا توند بووە. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە دیپلۆماتکارە چینییەکان لێدوانی زۆر توند و زبر دەدەن، کە پێی دەوترێت «دیپلۆماسییەتی گورگی جەنگاوەر - Wolf warrior diplomacy»، واتە لێدوانی دیپلۆماتکارەکانی چین سووکایەتی لەخۆ دەگرن.

*** ئاشکرایە کە ئیدارە یەك لە دوای یەکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مامەڵەکردنی لەگەڵدا چیندا ڕێچکەیەکیان گرتووەتەبەر کە پێی دەوترێت نارِوونی، یان نادڵنیایی ستراتیژی (strategic ambiguity)، پێت وایە ئەمە سیاسەتێکی سەرکەوتوو بووە؟ ئایا تا چەند پاساوی درێژەپێدانی ئەم جۆرە سیاسەتە لە ئارادا ماوە دوای ئەو پەرەسەندنانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا هاتنەئاراوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە ستراتیژیەتێکی بەردەوام بووە و توانراوە تا ئێستا درێژەی پێ بدرێت و پیادە بکرێت، بەڵام پێم وایە ئەم ستراتیژیەتە تا ئەو ڕادەدە سەرکەوتوو دەبێت و درێژە دەکێشێت کە هیچ لایەك- واتە نە ئەمریکا و نە چین- هەوڵی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخە هەنووکەییەکە نەدەن. کە ئێمە دەزانین نە تایوان و نە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان نەگرتووەتەبەر، بەڵام چین خوێندنەوەی هەڵەی بۆ هەلومەرجەکە کردووە و پێی وابووە ئەمە بە مانای جۆرێك لە ملکەچبوونی ئەمریکا و تایوان دێت و ئەم دوو وڵاتە هیچ هەنگاوێك ناگرنەبەر، ئەگەر هاتوو چین هەوڵی گۆڕینی بارودۆخە هەنووکەییەکەی دا، کە پێم وایە چین لەمەیاندا دووچاری هەڵەیەکی جددی بووەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەندێ کەس لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پێیان وایە کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە ناڕوشنیی ستراتیژی بهێنرێت لە ئاست چیندا، ئەمریکاش ئەم ڕێگاچارەیەی تەنیا لەبەر ئەوە گرتەبەر کە تایوان هیچ کردەوەیەك نەکات کە ببێتە هۆی وروژاندنی چین و داگیرکردنی لەلایەن چینەوە. بەڵام سەرۆکی ئێستای تایوان، (سای ئینگ وێن) کە خۆم چەند جار بینیوومە، کەسێکی زۆر ژیرە، هەروەها زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و کەس لەو باوەڕەدا نییە کە هەنگاوێك بنێت کە ببێتە هۆی ئەوەی چین بە چەشنێك بورووژێت کە لە کۆتاییدا پەنا بۆ داگیرکردنی تایوان ببات.

*** ئایا پێت وایە لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕ و داگیرکردنی تایوان لەلایەن چینەوە، هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆن دەبێت، یان دەبێت چۆن بێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەر چین پەنا بباتەبەر داگیرکردنی تایوان، ئەوا ئەمریکا دەستتێوەردان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە وڵاتی چین زۆر بە حەزەرە لەم ڕووەوە و من پێم وا نییە لەم ئێستادا پەنا بۆ داگیرکردنی تایوان ببات. بەڵکو لە ئێستادا ئامانجی چین چڕ بووەتەوە لە پیادەکردنی گوشین و گوشاری ئابووریی هێندە توند لە بەرامبەر تایواندا و ئومێدەکە لەلایەن چینەوە ئەوەیە کە لە کۆتاییدا تایوان ناچار بە خۆڕادەستکردن بکرێت.

*** ئەی چۆن لە هەڵوێستی چین دەڕوانن لە ئاست شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا؟**

- ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە چین هەوڵی داوە لایەنگری هیچ لایەك نەکات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە تا ئێستا چین ئیدانەی ڕووسیای نەکردووە لەسەر داگیرکارییەکەی دژ بە ئۆکرانیا، کە ئەمەش باقی جیهانی ناڕەحەت کردووە، کە پێیان وایە دەبوو چین ئیدانەی ڕووسیا بکات. لەم ڕووەوە چین ڕای زۆرێك لە وڵاتانی لە دژی خۆی وروژاندووە، بە بێ ئەوەی ئەم هەڵوێستەی بووبێتە هۆی باشترکردنی پێگەی ڕووسیا.

**نە تایوان و نە ئەمریکا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان نەگرتووەتەبەر، بەڵام چین خوێندنەوەی هەڵەی بۆ هەلومەرجەکە کردووە**

**سەرۆکی ئێستای تایوان (سای ئینگ وێن) کەسێکی زۆر ژیرە و زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و کەس لەو باوەڕەدا نییە کە هەنگاوێك بنێت کە ببێتە هۆی ئەوەی چین بە چەشنێك بورووژێت کە لە کۆتاییدا پەنا بۆ داگیرکردنی تایوان ببات**

**ئەگەر چین پەنا بباتەبەر داگیرکردنی تایوان، ئەوا ئەمریکا دەستتێوەردان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە وڵاتی چین زۆر بە حەزەرە لەم ڕووەوە و من پێم وا نییە لەم ئێستادا پەنا بۆ داگیرکردنی تایوان ببات**



## دکتۆر هومام ئەلشەماع

ڕاوێژکاری دیاری ئابووریی عێراق بۆ گوڵان:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر مامەڵەی لەگەڵ دۆخی ئابووری و قەیرانەکان کردووە

**ئابووریی هەرێمی کوردستان وێڕای تایبەتمەندییەکانی، بەڵام خراپیی دۆخی ئابووریی عێراق کاریگەری لەسەر هەیە، واتە تێکچوونی بارودۆخە سیاسییەکە و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی ناوەندی و فراوانبوونی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، کاریگەری لە سەر ڕەوشی ئابووری بە گشتی دەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە تا حکومەتی نوێ پێك نەهێنرێت و یاسای نەوت و گازی فیدراڵ دەرنەچێت، وتووێژەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند هیچ سوودێکی نابێت. لەم دیدارەیدا لەگەڵ گوڵان، دکتۆر هومام ئەلشەماع ڕاوێژکاری دیاری ئابووریی عێراق بەمجۆرە هەڵسەنگاندنی بۆ بارودۆخی عێراق و کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری و ئەدای ئابوورییانەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.**

*** هەرچەندە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، کەچی بارودۆخی ئابووری و ئاستی بژێویی هاووڵاتیان و خزمەتگوزارییەکانی زۆر لاوازە و ناڕەزایەتییەکی زۆری جەماوەریی لێ کەوتووەتەوە، لە بەرامبەریشدا ناکۆکییەکانی نێوماڵی شیعە ئەوەندەی دیکە بێئومێدی دروست کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم ناکۆکی و ململانێیانە تا چەند کاریگەری لە سەر زیاتر خراپبوونی دۆخی بژێوی هاووڵاتیان هەیە؟**

- بە داخەوە لە وڵاتێکی وا دەوڵەمەندی وەکو عێراقدا کە خاوەنی سامانێکی بەهێزی سەر زەوی و ژێر زەوییە، کەچی دۆخی بژێویی هاووڵاتیان بە گشتی خراپە و ڕێژەی هەژاری و بێکاری بەرزە، هێزە سیاسییەکانیش لە بری ئەوەی بیر لە ڕێگە چارەسەر و ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی و ئابووری بکەنەوە، تادێت ململانێ و کێشە سیاسییەکانی نێوانیان ئاڵۆزتر دەکەن، هەرچەندە تا ئێستا ئەم ناکۆکی و کێشە سیاسییانە کاریگەریی توند و ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی ئابووری نەکردووە و، بارودۆخی ئابووری تا ڕاددەیەك سەقامگیرە، تەنانەت بە هۆی بەرزیی نرخی نەوت و بوونی داهاتێکی زۆرەوە، تا ئێستا ئەم ململانێ و کێشە سیاسییانە کاریگەریی زۆر توندیان لەسەر ژیانی ئابووریی وڵات بە گشتی نەبووە، ڕاستە لێرە و لەوێ بە هۆی پڕوپاگەندە و بوونی پێشبینی و پێشهاتی خراپەوە بەهای دیناری عێراقی ڕووی لە داشکانە، بەتایبەتی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی، چونکە خەڵکی لەوە دەترسن ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان پەل بکێشێت بۆ پشێویی سیاسی و بڵاوبوونەوەی جۆرێك لە فەرهود و دزین و پەلاماردانی موڵك و ماڵی گشتی و لاوازبوونی زیاتری ئەدای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەمەش دۆخێکی وای دروست کردووە، خەڵکی ڕوویان لە گۆڕینەوەی دینار بۆ دۆلار کردووە، واتا خواست لەسەر دراوی دۆلاری ئەمریکی لە ناوخۆی عێراقدا بەرز بووەتەوە و مامەڵەی دینار لەگەڵ بانکەکان کەم بووەتەوە، بە بۆچوونی من ئەم داشکانەی بەهای دیناریش بارودۆخێکی کاتییە و پەیوەندیی بە بارودۆخە سیاسی و خۆپیشاندانەکانەوە هەیە و، لەگەڵ پاڵپشتیی بانکی ناوەندی و ڕاگرتنی بەهای گۆڕینەوەی دۆلار و دینار کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.

**خەڵکی لەوە دەترسن ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان پەل بکێشێت بۆ پشێویی سیاسی و بڵاوبوونەوەی جۆرێک لە فەرهود و دزین و پەلاماردانی موڵک و ماڵی گشتی و لاوازبوونی زیاتری ئەدای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان**

*** مادام پشێوی و ناسەقامگیریی سیاسی کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان هەیە، لە ئەگەری درێژەکێشانی نەگەیشتن بە چارەسەرێك و، لەسەر پرۆسەی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانیش لایەنە سیاسییەکان ڕێك نەکەوتن، ئایا شوێنەوارەکانی لەسەر ئابووری بەگشتی چۆن دەبێت، بەتایبەتی لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان؟**

- گەلانی عێراق قوربانیی شەڕ و نەهامەتی و ناسەقامگیریی دۆخی سیاسین، خۆ ئەگەر ئەم بارودۆخەی ئێستا درێژە بکێشێت و چوارچێوەی ناڕەزایەتی و پێکدادانەکان فراوانتر ببێت، وەکو ئەوەی پشێوییەکی فراوانی لێ بکەوێتەوە، ئەوکات کاریگەریی خراپی لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی ئابووری و بواری بژێویی ژیانی

**خواست لەسەر دراوی دۆلاری ئەمریکی لە ناوخۆی عێراقدا بەرز بووەتەوە و مامەڵەی دینار لەگەڵ بانکەکان کەم بووەتەوە**

زۆربەی خۆپیشاندەرەکانی ناو بینایەی پەرلەمان تەنیا لەبەر داواکارییەکی موقتەدا سەدر نەهاتوونەتە پەرلەمان و تێیدا ماونەتەوە، ئەوان گەنجی بێکار و بێبەشن لە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باش، زۆربەیان خاوەنی داهاتێکی وا نین ژیانێکی شایستە بژین

بوونی داهاتێکی زۆری نەوت و بەفیڕۆدانی و تەشەنەکردنی گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکیی خۆپیشاندان و شۆڕشێکی جەماوەرییە

ئەوەی ئێستا لە خۆپیشاندانی سەدرییەکان ڕوو دەدات لە بەغدا، شۆڕشی برسییەکانە بە مۆرکێکی سیاسییەوە

سەرۆک وەزیرانی عێراق هەرچەندە لە ئێستادا خاوەنی حکومەتێکی کاربەڕێکەرە و دەسەڵاتەکانی سنووردارە، بەڵام وەکو حکومەتێکی خاوەن دەسەڵاتی تەواو هەڵسوکەوت دەکات

هاووڵاتیانیش دەبێت، کاروچالاکیی دەوڵەت ڕادەوەستێت و مامەڵە بانکییەکان دوچاری ئیفلیجبوون دەبن و، بوارەکانی کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری و گواستنەوە و ڕەوشی بازاڕ ناسەقامگیری تێ دەکەوێت و، وڵات زیاتر دووچاری گرانی و هەڵاوسانی نرخ دەبێتەوە و بارودۆخەکە بە تەواوەتی ڕوو لە خراپی دەکات.

زۆربەی خۆپیشاندەرەکانی ناو بینایەی پەرلەمان تەنیا لەبەر داواکارییەکی موقتەدا سەدر نەهاتوونەتە پەرلەمان و تێیدا ماونەتەوە، ئەوان گەنجی بێکار و بێبەشن لە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باش، زۆربەیان خاوەنی داهاتێکی وا نین ژیانێکی شایستە بژین، خۆیان و خێزانەکانیان لە دۆخێکی خراپی بژێویی ژیان و خۆشگوزەرانیدان، بێکار و هەژارن و تا سەر ئێسقان لە دژی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامان و پارەی گشتین، لەلایەکی دیکەوە بوونی داهاتێکی زۆری نەوت و بەفیڕۆدانی و تەشەنەکردنی گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکیی خۆپیشاندان و شۆڕشێکی جەماوەرییە، ئەوەی ئێستا لە خۆپیشاندانی سەدرییەکان ڕوو دەدات لە بەغدا، شۆڕشی برسییەکانە بە مۆرکێکی سیاسییەوە.

سەبارەت بە بڕگەی دووەمی پرسیارەکەشتان، ڕاستە ئابووریی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە ئابووریی عێراق و بە باشی و خراپی کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بەڵام لێرە حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر مامەڵەی لەگەڵ دۆخی ئابووری و قەیرانەکاندا کردووە، کۆمەڵێك چاکسازیی لە بواری زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی زیاد و وەبەرهێناندا کردووە، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە بەغدا، مامەڵەیەکی تەندروستی کردووە و، ڕێگای نەداوە ئاستەنگ و بەربەستەکان ڕێگر بێت لە پێشکەشکردنی ئەدای حکومی و پیادەکردنی پلانی ئابووری، من وەکو چاودێرێکی ئابووری دەبینم وێڕای سەرنج و تێبینەکانم لەسەر پەیکەری ئابووری و ڕەوشی ئابووری بە گشتی، بەڵام لێرە داهاتی تاکەکەسی بەرز بووەتەوە و جموجووڵێکی بازرگانی و وەبەرهێنانی باش دەبینم، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەدەست هاتووە شتێکی کەم نییە و گەورە و ئیجابییە، لەکاتێکدا لە حاڵی ئێستای عێراقدا زەحمەتە پێشبینی و پێشهاتە ئابوورییەکان بە ئیجابی بکرێت.

*** حکومەتی ئێستای عێراق کە حکومەتێکی کاربەڕێکەرە و ناتوانێت هەنگاوی گەورەی ئابووری و دارایی بنێت، بەتایبەتی لە غیابی یاسای بودجە و ئیفلیجبوونی کاری پەرلەمانیدا، ئایا وەکو ڕاوێژکارێکی دیاری ئابووریی عێراقی چ ڕێگەیەك لە بەردەم مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا دەبینیت بۆ زاڵبوون بە سەر کێشە و گرفتە ئابوورییەکان و باشکردنی دۆخی بژێویی ژیانی هاووڵاتیانی عێراق؟**

- مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەرچەندە لە ئێستادا خاوەنی حکومەتێکی کاربەڕێکەرە و دەسەڵاتەکانی سنووردارە، بەڵام وەکو حکومەتێکی خاوەن دەسەڵاتی تەواو هەڵسوکەوت دەکات، پێدەچێت بەرەو ئەو ئاراستەیە بچێت کە هەمووان لەسەر مانەوەی حکومەتەکەی کۆك بن، یان لە غیابی چارەسەرێکی گشتگیری گونجاو و خێرادا، بە ناچاری ئەم حکومەتەی ئێستا بمێنێتەوە تا ماوەیەکی زۆر زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێت، بەلانی کەمەوە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیکە. هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەسەر ئەوە کۆکن کە شەقامی عێراقی ئامادەی نەهامەتی و تێکچوونێکی زیاتری بارودۆخی ئابووری و دارایی و دابەزینی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان نییە، لەگەڵ هەر تێکچوونێکی ئابووری و دارایی و خراپبوونی زیاتری بژێوی ژیاندا، ئاستی نارەزایەتییەکان فراوانتر دەبێت و توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە، ناسەقامگیرییەکی گەورەش لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکی سیاسی و کەسایەتییەکدا نابێت، هەر لەبەر ئەمەشە وێڕای ئەو نارەزایەتی و خۆپیشاندانانەی کە هەیە، دەبینین ئەدای حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و پێدانی مووچە تا ڕادەیەك سەقامگیرە، ئەدای حکومەت بە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان تێك نەچووە، ئەمەش بەشێکی بۆ مامەڵەی باشی سەرۆك وەزیران لەگەڵ دۆخەکە دەگەڕێتەوە.

*** بەڵام لە دواجاردا بە هۆی هەڵاوسانی نرخ و خراپیی خزمەتگوزارییەکان و هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری و هەژارییەوە حکومەت دەکەوێتە بەردەم**

**تەحەددایەکی گەورە، ئایا تا چەند لەبەر ئەم تەحەددایەشدا حکومەتەکەی کازمی سەرکەوتوو دەبێت؟**

- شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەڵکشانی نرخی خۆراك کێشەیەکی گەورەی جیهانییە و شوێنەوارەکانی لەسەر هەڵکشانی نرخی خۆراك ڕووبەڕووی خێزانە عێراقییەکان و حکومەتیش بووەتەوە، بەرزیی نرخی خۆراك لە وڵاتانی بەرهەمهێنەوە دروست بووە، خۆ ئەگەر گرانیی نرخی گواستنەوە و گەمەی بازاڕیشی بخەینەسەر، ئەوا تێچوونەکانی لەسەر بەکارهێنەری عێراقی زۆر بەرزتر دەبێتەوە، گرانیی نرخی خۆراك کاریگەری لەسەر داهاتی ڕاستەقینەی تاکی عێراقی دەکات، هەرچەندە زۆر لەو خۆراك و خزمەتگوزارییانەی هەیە



لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی دەکرێت، ئەمەش تێچوون و بوودجەیەکی گەورەی دەوێت، تا نرخی بەرمیلێك نەوتیش بەرز بێت و داهاتێکی گەورە بۆ گەنجینەی عێراق بگەڕێتەوە، ئەم مەترسییەش کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر حکومەت و ڕێگەچارەسەرەکانی نابێت، حکومەت دەتوانێت لە ڕێگەی باشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان و پاڵپشتیکردنی زیاتری نرخی کارەبا و ئاو و بەنزین و سووتەمەنییەوە بارودۆخەکە ڕابگرێت، بەتایبەتی دوای پەسەندکردنی پەرلەمان لەسەر تەرخانکردنی بودجەی فریاکەوتنی خێرای پاڵپشتیکردنی خۆراك کە ٢٥ ملیار دۆلاری لەم پێناوەدا تەرخان کردووە.

*** کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، بەتایبەتی لەسەر یاسای نەوت و گازی کوردستان و دواخستنی چارەسەرکردنی تا پێکهێنانی حکومەتی نوێ و دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، تا چەند لە بەرژەوەندیی کەرتی نەوت و گازی کوردستاندایە؟**

- لەم بارودۆخە و لەگەڵ ئاڵۆزبوونی زیاتری پرۆسەی سیاسی و ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژادرنێکی نوێ، پێم وایە چارەسەری تەواوی ئەو کێشانەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند بە کێشەی نەوت و گازیشەوە دواخراوە، بێ دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ و دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی مومکین نییە گفتوگۆکان چارەسەرێکی ئەوتۆیان لێ بکەوێتەوە، من هەڵوێستی موقتەدا سەدر و شۆڕشگێڕەکانی بەرامبەر نەوت و گازی کوردستان بە ئیجابیتر دەبینم لە هەڵوێستی ئیتاری تەنسیقی، هەرچۆنێك بێت دواجار دواکەوتنی گفتوگۆکان و بەردەوامبوونی کارکردن و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەبینم، چونکە لەم دۆخە خراپەدا گفتوگۆکان هیچ بەرهەمی نابێت و دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و هێشتا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەرنەچووە، دواجار دەبێت هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر ڕێگەچارەسەرێکی گونجاو و بەدڵی هەردوو لا ڕێك بکەون، چونکە چارەسەری کێشەکانی نەوت و گاز و هەموو کێشەکانی دیکەی نێوان هەرێم و ناوەند، لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی کوردستان و عێراقدایە.

**ئەدای حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و پێدانی مووچە تا ڕاددەیەک سەقامگیرە، ئەدای حکومەت بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان تێک نەچووە، ئەمەش بەشێکی بۆ مامەڵەی باشی سەرۆک وەزیران لەگەڵ دۆخەکە دەگەڕێتەوە**

**بەرزیی نرخی خۆراک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەوە دروست بووە، خۆ ئەگەر گرانیی نرخی گواستنەوە و گەمەی بازاڕیشی بخەینەسەر، ئەوا تێچوونەکانی لەسەر بەکارهێنەری عێراقی زۆر بەرزتر دەبێتەوە**

# ڕۆژنامەگەریی پیشەیی لە زەمەنی سۆشیال میدیادا

## سەرەقەڵەمێک دەربارەی ڕۆژنامەگەریی پیشەیی لە وڵاتی نەرویج

بەشی یەکەم

● **پێناسەیەك بۆ ڕۆژنامەنووسی پیشەیی**

بە گشتی ڕۆژنامەنووس پێناسەیەکی تایبەت و ڕێکخراوەیی نییە لە نەرویج، بەو پێیەی کە هەر کەسێك ئێتیکی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی پەیڕەو بکات و توانا و لێهاتوویی هەبێت، دەتوانێت ببێت بە ڕۆژنامەنووس، بەڵام ئەوانەی لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی بژێوی ژیانیان دابین دەکەن، پێیان دەگوترێت ڕۆژنامەنووسی پیشەیی، لە وڵاتی نەرویج پیشە بۆ ڕۆژنامەوانی سنووردار نییە، واتا ئەو کەسەی بە فەرمی ڕۆژنامەنووس نەبێت، ناتوانێت ئەم کارە بکات، یا ناتوانرێت پێی بگوترێت ڕۆژنامەنووس، هەر کەسێك، یان هەموو ئەوانەی کە ئەرك، یان ئامانج و ئارەزوویان بۆ کاری ڕۆژنامەوانی هەبێت، هاوکات توانا و لێهاتووییان هەبێت، دەتوانن ببنە ڕۆژنامەوان، هەرچەندە بڕوانامەی ڕۆژنامەنووسییشیان نەبێت، ئەوانیش دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە بن و پشت ببەستن بە یاسای میدیایی کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا پەسەند کراوە و دەڵێت: «هەموو ئەو دەزگا میدیاییانەی کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی وەبەرهێنان بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی نووچە، هەواڵ، دیبەیت، ڕووداوی ڕۆژانە، بەرنامە و هەر بابەتێکی گشتی، دەتوانرێت لە چوارچێوەی پێناسەی ڕۆژنامەوان خۆیان ببیننەوە»، بەڵام بۆ ئەوەی لە دەزگا حکوومی و فەرمییەکاندا کاری ڕۆژنامەوانی بکەیت، مەرجە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ، یان پەیمانگە بیت، تا بتوانی بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری ڕۆژنامەوانیت پیێ بدرێت و، لە نێوان ماوەی خوێندندا ڕاهێنان بکات و ئامادە بکرێت بۆ کاتی دەرچوون.

پیشەی ڕۆژنامەوانی ئەرکێکی گرنگی کۆمەڵاتییە. بەرپرسیاریەتی و کۆکردنەوەی زیاترین زانیاریی ڕووداوەکانە بە دروستترین شێوە و، گەیاندنیەتی بە بیسەران، بینەران و خوێنەرانی، هەروەها هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و سازکردنی ڕای گشتی و ڕێزگرتنە لە بەها کۆمەڵایەتییەکان. لە وڵاتی نەرویج ڕۆژنامەوانی بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە ئەم دەسەڵاتە دوور بێت لە گەندەڵکاری و خراپ بەکارهێنان، مەبەستی سەرەکی لەوەش بوونی متمانەیە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا.

● **مەرجە سەرەکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتی نەرویج**

ڕۆژنامەوان پێویستە شارەزایی تەوای هەبێت لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیا و هەموو کات زانیارییەکانی نوێ (ئەپدەیت) بکاتەوە، پێوەرەکانی ئێتیك (ئەخلاقی پیشەیی Vær varsom-plakat ) تێدا بێت، وەك: هەستی بەرپرسیاریەتی، سەربەخۆیی و بێلایەنی، بوێری و چاونەترسیی تێدا بێت، نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ لایەنێك، وردبین، ڕاستگۆ و دەستپاك بێت و، ڕێزگرتنی بەرامبەری هەبێت لە هەموو کات و شوێنێکدا و، پرەنسیپەکان ڕەچاو بکات.

● **بنەماو پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەنووسی پیشەیی**



**دەریا قادر**
میدیاکار و چالاکی مەدەنی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

وڵاتی نەرویج یەکێکە لە وڵاتە هەرە ئازاد و دیموکراس و پێشکەوتووەکانی دونیا، کە تیایدا ئازادیی ڕادەربڕین بە تەواوی مانا پەیڕەو و بەرجەستە دەکرێت.

Vær Varsom-plakaten

ڕێسای ئاگاداربە/ وریابە! کە تیایدا:

١. پیادەکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی بە تەواوی وردەکارییەوە گرنگیی پێ دراوە.

٢. هەر هاووڵاتییەك مافی ئەوەی هەیە کە زانیاریی ورد و تەواو و دروستی پێ بدرێت، کە پشتڕاستکراوە و سەرچاوە دیار بێت، کەموکورتی لەم پرەنسیپەدا لەکەدارکردنی دیموکراسی و کەمتەرخەمییە بەرامبەر هەر تاکێکی وڵاتەکە و کۆمەڵگە بەگشتی.

٣. دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەرکیانە کە ڕووداو بە شێوەیەکی بابەتیانە و بە شەفافییەت بگوازنەوە.

٤. میدیا دەبێت دوور لە هەموو ئایدیۆلۆژیایەك کاری میدیایی خۆی بکات و، لە بەلارێدابردنی بابەتەکان دوور بێت.

٥. «نووسین بە ڕووناکی»، دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆ میدیای وێنەیی (فۆتۆگرافی) کە گوزارشتێکی فرەڕەهەندە، پێویستە کاتێك وێنە لە ڕۆژنامەوانیدا بڵاو دەکرێتەوە، دەبێت بتوانرێت وەك ئامرازێکی گەیاندن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە زۆر جار وێنەیەك زۆر زیاتر لە نووسین و ڕاپۆرتێك بۆ وەرگرەکان کاریگەریی دەبێت.

٦. دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەر بڵاوکراوەیەك، یان بەگشتی هەر کارێك بکەن، دەبێت دوور بێت لە بەرژەوەندی، ڕوون و ئاشکرایە کە وەرگرانی ئەمڕۆ هۆشیارن و زۆر سەرچاوەی جیاجیای بەدەستهێنانی زانیارییان لە بەردەستە، بۆیە زۆر گرنگە دەزگاکانی میدیایی و ڕاگەیاندن جێگەی متمانە و، سوودبەخش بن لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە چوارچێوەی یاسادا.

٧. لە ڕۆژنامەگەریی پیشەییدا لە نەرویج، بنەمای پشتڕاستکردنەوە و بەدواداچوون بە شێوەیەکی ئاشکرا پەیڕەو کراوە و کاری پێ دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە هەموو میدیا پیشەییەکاندا بەشێکی تایبەت هەیە لە دامەزراوەکانیاندا کە پێی دەگوترێت (بەشی دۆزینەوە و بەدواداچوونی سەرچاوە و ڕاستییەکان- Kilder) ئەرکی ئەم بەشەش دڵنیاکردن و پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە میدیاکار لە بابەتەکەیدا بەکاری هێناوە، گرنگیی ئەو بەدواداچوونەش پێوەری سەرکەوتن و متمانەی نێوان و هاووڵاتی و میدیا مسۆگەر دەکات.

٨. دەبێت هەموو ڕۆژنامەوانێك ئاییننامەی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی لەبەرچاو بگرێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیدا، لە ئاییننامەی ئەخلاقیی ڕۆژنامەواندا هاتووە کە «ڕۆژنامەوان دەبێت پارێزگاری لە تاکە کەسەکان و گرووپەکان بکەن لە خراپ بەکارهێنان بۆ مەبەستی خۆیان، ئەویش بە سەرنج نەدانی کاربەدەستان، فەرمانگە حکوومییەکان، دامەزراوە تایبەتییەکان، ئەوان

نابێت لە مژارێک بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان کەڵک وەربگرن و، نابێت لە ژێر پەستانی لایەنی سێیەمدا ڕاستیی بابەتەکان بگۆڕن».

٩. ئێتیک: لە سیستمی ڕاگەیاندندا ئێتیک ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت و، هاوسەنگی دروست دەکات لە نێوان بەرپرسیارێتی و مافی ڕۆژنامەوانان، هەر سەرپێچیکردنێك دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئێتیکی پیشەیی و ناهۆشیاریی ڕۆژنامەوانان، هەر ئەوەشە کە ئێتیك لە وڵاتی نەرویجدا لە هەموو جۆرەکانی زانکۆ بە گوێرەی جۆری زانکۆ و بەشەکەی و داهاتووی پیشەکەی، دەخوێندرێت و پراکتیزە دەکرێت.

ئایا لە وڵاتی نەرویج ڕۆژنامەنووسی سۆشیال میدیا وەك ڕۆژنامەنووسی پیشەیی هەژمار دەکرێت؟

بەڵێ، ڕۆژنامەنووسی سۆشیال میدیا ئەگەر گرێبەستی کاری هەبێت لەگەڵ یەکێك لە دەزگاکان و، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بابەتەکان لە سۆشیال میدیا بڵاوبکاتەوە، ئەوا وەك ڕۆژنامەنووسی پیشەیی حیساب دەکرێت و هەمان مافی هەیە.

جیاوازی لە نێوان ڕۆژنامەنووسی پیشەیی و ڕۆژنامەنووسی سۆشیال میدیا چییە و، ئایا بە پێناسەکردنی میدیا و ڕۆژنامەنووسی پیشەیی ئاستەنگەکانی نێوان پیشەیی و سۆشیال میدیا چارەسەر دەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبێ بڵێین: «ڕۆژنامەنووسی پیشەیی بەو کەسانە دەگوترێت کە بە کاری ڕۆژنامەنووسی بژێویی ژیانیان دابین دەکەن»، ڕۆژنامەنووسی سۆشیال میدیا ئەو کەسانەن کە بەرامبەر کاری ڕۆژنامەوانی هیچ مووچەیەکیان نییە، دەبێت سەرچاوەی داهاتی ژیانیان لە لایەکی دیکەوە مسۆگەر بکەن، بەڵام ئارەزوومەندانە سەرگەرمی کاری ڕۆژنامەوانی دەبن.

ڕۆژنامەنووسی سۆشیال میدیایی بەربەستی کەمترە، لە کاتێکدا بە هۆی ئەو بەرژەوەندی و یاسا و ڕێسایانەی کە خۆیان دیاری دەکەن، هیچ گرێبەستێکیان لەگەڵ هیچ دەزگایەکدا نییە، وەك چۆن زۆر جار ڕێگە نادەن ڕۆژنامەنووس هەموو جۆرە هەواڵێك بڵاو بکاتەوە، بەڵام لە سۆشیال میدیادا بێ بەربەست بڵاوی دەکاتەوە، هەروەها ئەو کەسانەی وەك ڕۆژنامەوان بە فەرمی کاریان دەست نەکەوتووە و دانەمەزراون، لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا دەرفەتیان هەیە لەسەر سۆشیال میدیا کاری خۆیان بکەن و ناوبانگێك بۆ خۆیان پەیدا بکەن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، دەبینین سۆشیال میدیا نەبوو، زۆرکەس ئەو توانایەی نەبوو کە بتوانێت بیر و بۆچوونەکانی خۆی بخاتە بەر دیدی بیروڕای گشتی، کە وەك ڕەخنەگرتن لە سیستەمی لیبراڵی لە قەڵەم دەدرا، لەم وڵاتەدا هەرچەندە ئازادیی ڕادەربڕین هەیە، بەڵام ئیمکانیات و کەرەستەی ڕاگەیاندن تەنیا لە دەستی چینێکی تایبەتدایە و، هەموو کەسێك ئەو دەرفەتەی نییە دەنگی خۆی بگەیەنێتە ڕای گشتی، لێرەدا سۆشیال میدیا ئەو پرسەی چارەسەر کرد و، بووە هۆی ئەوەی هەر کەسێك بتوانێت بیروڕای خۆی بە ئازادی دەرببڕێت و بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە، زۆر کەس و ڕاگەیاندنەکان کەڵك لە سۆشیال میدیا وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان، کە دابەش دەبن بە سەر چەند برگەیەکدا وەك:

ناوەندی هەواڵ، ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەوانیی ئازاد، چالاکانی بواری هەمەجۆر و، ئەوانەی کاری ڕۆژنامەنووسین بۆ ئارەزوو و سەرگەرمیی خۆیان دەکەن، بە پێی بەرجەستەکردنی ڕۆژنامەوانی، سۆشیال میدیا لە چەندین ساڵی ڕابردوودا ئاستەنگێکی وای نەخستووەتە بەردەم ڕۆژنامەوانانی پیشەیی، لە کاتێکدا ڕۆژنامەوانانی پیشەیی کار و شوێنان دیارە و مافەکانیان مسۆگەرە، نەك هەر ئاستەنگ بگرە هەندێ کات پیشەییەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش سوود لە سۆشیال میدیا وەردەگرن، چونکە بڵاوکردنەوە لە سۆشیال میدیا بە خێراترین شێوەیە، بەڵام دروست نییە میدیاکار هەردەم وەك سەرچاوەیەکی هەمیشەیی پشت بە سۆشیال میدیا ببەستێت، لێرەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ نموونە ڕۆژنامەیەك، دەتوانێت سۆشیال میدیا وەك کەناڵێك بەکار بهێنێت کە بتوانێت هاوکات ڕاوبۆچوونی خوێنەرەکانی خۆی وەربگرێت.

# دەستپاکیی ئەکادیمی

**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**



باسکردنی دەستپاکیی ئەکادیمی پێشوەختە پێویست بەوە دەکات کە بڵێین لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێك کاری وەزیفی هەیە، وەك کاری دیپلۆماسی، پزیشکی، ئەندازیاری، هەواڵگری، دادوەری، یەکێك لەو کارە گرنگانەی کە لەو کۆمەڵگەیانەدا هەیە، پێی دەگوترێت «کۆمەڵگەی ئەکادیمی»، ئەمەش وەك کۆمەڵگەیەکی تایبەتمەندە و کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و داب و نەریت ڕێکیان دەخات، یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی ئەم کۆمەڵگەیە مەسەلەی ڕەفتاری کارکردنە بە پەیڕەوکردنی پێوەرە زانستییەکان، بە پێچەوانەوە بەرانبەر نادەستپاکیی ئەکادیمی دەبینەوە، لە دەرئەنجامی ئەوەی دیاردەی گەندەڵیی ئەکادیمی دەست پێ دەکات، ئەمەش دیاردەیەکە لە دیاردە هەرە مەترسیدارەکان.

پێشەکی پێویست بەوە دەکات کە بڵێین گەندەڵی دیاردەیەکی باوە، هەروەها دیاردەیەکی فرەلایەن و فرە هۆکار و فرە دەرئەنجامە، کە لە زۆر شێوازدا دەردەکەوێت، دوو پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی گەندەڵی هەن، «پێوەری دووقۆڵی» کە لەسەر بنەمای پێوەری ئەخلاقییاتی کارکردن و پێوەری یاساییە، پێوەرێکی دیکە هەیە کە پێی دەگوترێت «پێوەری سێقۆڵی»، کە چەمکی ئابووری و پرەنسیپە یاساییەکان و بەرژەوەندی دەگرێتەوە، هەر چۆن بێت، ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی گەندەڵی کردووە کە مەترسییە بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگەکان کە هۆکارە بۆ ئەوەی بنەماکانی دیموکراسی و بنەمای بەها ئەخلاقییەکان و دادوەری بخاتە دۆخێکی مەترسیدارەوە، تەنانەت پێشێلکردنی یاساش دەگرێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە و ئەگەر لە دەروازەیەکەوە بۆ ئەم بابەتە بچین، دەتوانین بڵێین کە دزینی زانستی یەکێك لە دیاردەکانە، زانکۆی کامبریدج پێناسەی دیاردەی دزینی زانستی دەکات کە کەسانێك کار و بەرهەمی کەسانی دیکە بۆ خۆیان ببەن و سوودی لێ وەربگرن، زانکۆی



ئۆکسفۆردیش وای بۆ دەچێت کە کەسێك کارێك پێشکەش دەکات کە بیروبۆچوونی کەسانی دیکەیە. لە ڕاستیدا دەستپاکیی ئەکادیمی لە دزینی ئەکادیمی فراوانترە، چونکە دزینی ئەکادیمی بەشێکە لە دەستپاکیی ئەکادیمی، دەروازەی دیکە هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆ نموونە وەرگرتنی زۆری بیروبۆچوونی کەسانی دیکە، یان دەستدرێژیکردنە سەر موڵکایەتیی دانەر.

فاکتەرەکانی دزینی ئەکادیمی زۆرن، فاکتەری کەسین کە پەیوەستن بە کەسایەتیی ئەو کەسەی ئەم کارە ئەنجام دەدات، کە جۆرە بێهێزی و لاوازییەکی تێدایە، ناشارەزایی هەیە لە میتۆدەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی، هەروەها پەیڕەوی کات ناکات و لە پرەنسیپ و یاساکان نازانێت. فاکتەری تەکنەلۆژیای ئابووریش هەیە، ئەم فاکتەرە پێشکەوتنە تیکنۆلۆژییە لە تۆڕەکانی گەیاندن هۆکار بوو بۆ زوو گەیشتن بە زانیاری و بەرانبەر شێوازێکی دیکە سوود لەو زانیارییە وەربگیرێت.

هاوکات ئەو کەسانەی کاری دزینی ئەکادیمی ئەنجام دەدەن، فاکتەری ئابووری دەکەنە پیشە بۆ خۆیان، بەڵام فاکتەری یاسایی ئەویش ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەوەی زۆر جار دەبینین کە دەقە یاساییەکان کەموکورتییان هەیە لە چارەسەرکردن، مەترسیی ئەم دیاردەیە وا دەکات کە کۆمەڵگەی ئەکادیمی بەرەو گەندەڵی هەنگاو بنێت. لە جیهاندا ئەم مەسەلانە زۆرن، جاری وا هەبووە کەسانی ناودار تێوەی گلاون، تەنانەت کەسانی سیاسی و ئەکادیمیش، بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە لە ڕووی یاساییەوە بە تاوان دادەنرێت، ئەم تاوانەش بەئەنقەستە و پاراستنی یاسایی بۆ ئەم بابەتە هەیە، جگە لە پاراستنی شارستانی و داواکردنی قەرەبووکردنەوە، لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی نادەستپاکیی ئەکادیمی، بیرۆکەی بەرنامە و لیستی ڕەش هەیە، ئەوانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن، ناویان لەم لیستانە تۆمار دەکرێن، چ کەسانی سرووشتی، یان مەعنەوی بن، ئەم بابەتە پێویستی بەوەیە کە دیکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی و نیشتمانی هەبێت بۆ ئەخلاقییاتی ئەم جۆرە کارە، هەروەها جەخت بکرێتەوە لەسەر میتۆدەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی، هاوکات بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ئەمانەتیی ئەکادیمی زۆر گرنگە، ئەمانەش وا دەکەن کە توێژەر تووشی ئەم کێشانە نەبێت.

لە عێراقدا و لە ڕووی یاساییەوە ئەم مەسەلەیە زۆر چارەسەر کراوە، وەك یاسای سزادانی ساڵی ١٩٦٩، یاسای ساڵی ١٩٧١ی پاراستنی مافی نووسەر، یاسای ساڵی ٢٠١٢ی مافی دانەر، یاسای ساڵی ١٩٩١ی بەرزەفتی مافی فەرمانبەران، لە هەرێمی کوردستانیش یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١١ی دەستەی دەستپاکی هەیە، هەروەها ڕێنمایی ساڵی ٢٠١٦ی ڕەفتاری پیشەیی فەرمانبەران، لە ڕووی نێودەوڵەتییشەوە ڕێککەوتننامە هەیە بۆ پاراستنی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

**ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی گەندەڵی کردووە کە مەترسییە بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگەکان کە هۆکارە بۆ ئەوەی بنەماکانی دیموکراسی و بنەمای بەها ئەخلاقییەکان و دادوەری بخاتە دۆخێکی مەترسیدارەوە، تەنانەت پێشێلکردنی یاساش دەگرێتەوە**

**ئەو کەسانەی کاری دزینی ئەکادیمی ئەنجام دەدەن، فاکتەری ئابووری دەکەنە پیشە بۆ خۆیان، بەڵام فاکتەری یاسایی ئەویش ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەوەی زۆر جار دەبینین کە دەقە یاساییەکان کەموکورتییان هەیە لە چارەسەرکردن**



لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە دەستپاکیی ئەکادیمی سیما و سونبولێکی ئەخلاقییە و بەوە بۆی دەچین کە کۆمەڵێك پرەنسیپی ئەدەبی و ئەمانەتی ئەکادیمی وەك مەنزوومەیەکی ئەخلاقی لەناو کۆمەڵگەی ئەکادیمی و بڵاوکراوەکان بیپارێزین، هەروەها پێویستە ئەم پێوەرە ئەکادیمییانە ڕەچاو بکرێن، بە پێچەوانەوە دەرئەنجامەکانی مەترسیدار دەبن.

دادگای باڵای کارگێڕی لە میسر ئەم دیاردەیە بە (دزەکانی توێژینەوەی زانستی) ناو دەهێنێت، ئەوانەی ئەو جۆرە دزییانە ئەنجام دەدەن، یان دەست بەسەرداگرتنی ئەکادیمی واتا دەست بەسەر بیروبۆچوونی کەسانێکی دیکەی ئەکادیمیدا دەگرن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆزینەوەی دزینی ئەکادیمی زۆر بەرنامە لە زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکان هەن، سزادانەکانیش زۆر جار دەگەنە دەرکردن لەو دامەزراوە ئەکادیمییانە، پێویستە زانکۆکان لە ڕێگای لیژنەی تایبەتەوە کار لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن کە سوود و ئەنجامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە.

ئەگەر باسی هەرێمی کوردستان بکەین، لە ڕاستیدا لەم ساڵانەی دواییدا گرنگی بەم بوارە دراوە، هەروەها کۆمەڵێك میکانیزم گیراونەتە بەر، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیدا، لە بوارەکانی گەیاندن و پەیوەندیی زانکۆکان و لیژنەی تایبەت بەم لایەنە، گەیشتە ئەو ئاستەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی UNDP لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ دیدارێکی دەستپاکیی توێژینەوەی ئەکادیمییان سازکرد، لەم دیدارەدا زۆر لە مەسەلەکانی تایبەت بەم بوارە گرنگە تاوتوێ کران، وەك ئەزموونی زانکۆکانی دەرەوە و زانکۆکانی ناوخۆ و کێشە یاساییەکان و هەنگاوەکان لەم ڕووەوە، لە ئەنجامدا ڕاسپاردە و پێشنیاری چاك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە خرانە ڕوو، ئەم هەنگاوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی UNDP زۆر گرنگە و جێگەی دڵخۆشییە، بەندەش بە پەیپەرێك لەم دیدارەدا بە ناوی (گەنگەشەی جۆر و شێوازەکانی لادان لە دەستپاکیی توێژینەوەی ئەکادیمی) بەشداریم کرد، بۆیە دەبێت بەرانبەر ئەم دیاردەیە زۆر وریا بین، هاوکات پێویست بەوە دەکات زیاتر کاری لەسەر بکرێت. تا ئێستا دزینی ئەکادیمی تەنیا وەك حاڵەت لە هەرێمی کوردستان هەیە، نەگەیشتووەتە دۆخی دیاردە، بەڵام پێویستە بە کۆمەڵێك میکانیزم ڕووبەڕووی ببینەوە، بۆ ئەوەی تەشەنە نەکات، چونکە دیاردەیەکی مەترسیدارە، جگە لە ڕووی ئەکادیمییەکەی، پەیوەستە بە ڕووی ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.

**دەستپاکیی ئەکادیمی سیما و سونبولێکی ئەخلاقییە و بەوە بۆی دەچین کە کۆمەڵێك پرەنسیپی ئەدەبی و ئەمانەتی ئەکادیمی وەک مەنزوومەیەکی ئەخلاقی لەناو کۆمەڵگەی ئەکادیمی و بڵاوکراوەکان بیپارێزین**

**تا ئێستا دزینی ئەکادیمی تەنیا وەک حاڵەت لە هەرێمی کوردستان هەیە، نەگەیشتووەتە دۆخی دیاردە، بەڵام پێویستە بە کۆمەڵێک میکانیزم ڕووبەڕووی ببینەوە، بۆ ئەوەی تەشەنە نەکات**

# بە هۆی هەڵکشانی ڕێژەی توندوتیژی و زۆربوونی تاوان، هەوڵی هەمواری یاسای توندوتیژیی خێزانی دەدرێت



**یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی یاساکە، دەرکەوتووە یاساکە ژمارەیەك هەمواری پێویستە، چونکە نەتوانراوە وەکو پێویست ئافرەتان بپارێزێت، هەر بۆیە یاساکە لەلایەن لیژنەی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەموار دەکرێتەوە و سزاکانیش توندتر دەکرێن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر هەمواری پێشنیارە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٦ بە سەرپەرشتی د. ڕێواز فائق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بە ئامادەبوونی د. هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، و لەنجە دزەیی سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و جێگر و ئەندامانی لیژنەکە، کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو. گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی کۆتایی هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان کرا. لە کۆبوونەوەکەدا د. ڕێواز فائق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و د، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستخۆشییان لە لیژنە و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژەیە و هەوڵدانی زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتی پێشنیارە یاساکە لیژنە بریای داوە لە یاسای نوێوە بکرێتە هەمواری یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان)ی بەرکار.

هاوکات ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد کە وەکو وەزارەتی ناوخۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتیی هەر هەوڵێك دەکەن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی و بەرقەرارکردنی ژیانێکی ئارام لە کۆمەڵگەدا و لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بڕیار درا کە هەموو ئەو پێشنیارە نوێیانەی باسیان لێوە کرا، لە ڕۆژانی داهاتوودا لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت کۆبوونەوەی لەسەر ئەنجام بدات و کۆتا ڕاپۆرتیان بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی بەرز بکەنەوە.

شەنگە هاوار کاکەیی، یاسناس و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە چەمکی توندوتیژی،

**ئامانج لە هەموارکردنی یاساکە دانانی سنوورێکە بۆ ئاریشە خێزانییەکان**

**هاتنی سەرووی ملیۆن و نیوێک ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە لە هەڵکشانی ڕێژەی توندوتیژیی خێزانی**

**ساڵانە بۆ ڕای گشتی بەو پەڕی شەفافییەتەوە ئامارەکان دەخرێنە ڕوو**

**بەشێک لەو ئافرەتانەی لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانن، بە کەفالەت و بە سوڵحی ئاشتەوایی ئازاد دەکرین، بەڵام پاش ماوەیەک لە کەرکووک یان لە مەخموور تەرمەکانیان دەدۆزرێتەوە**

**ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە تەبایی خێزان ئەنجام دەدرێن، وەکو مارەکردنی ژنی دووەم بە بێ ئیجازەی ژنی یەکەم، لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێن**

لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان سەرەتا جەختی لەوە کردەوە کە «دەرچوونی یاسا ئاسانە، بەڵام جێبەجێکردنی قورسە»، ئەوەشی خستەڕوو «یاسای ژمارە ٨ی توندوتیژیی خێزانی ساڵی ٢٠١١ لە ١٠ بڕگە پێکهاتووە، لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن، ئەم یاسایە ئەگەرچی یاسایەکی هاوچەرخ و مۆدێرنە، بەڵام لە ڕۆشنایی یاسای سزادانی عێراقی وەرگیراوە و هەموار کراوە، ئامانج لە هەمواركردنی یاساكە دانانی سنوورێکە بۆ ئاریشە خێزانییەکان. بەو پێیەی دەرچوونی یاسایەکی مۆدێرن بۆ ئامانجێکی گەورەی وەك پاراستنی خێزان لە هەڕەشەی لێکترازان و هەڵوەشانەوە لە هەرێمێکی ئازادکراو پڕ لە کێشمەکێشی سیاسی ئەگەر پێمان وابێ، کارێکی ئاسانە یان ئەرکی جێبەجکردنی تەنیا لە ئەستۆی دامەزراوەیەکی حکومییە، لە خستنە ڕووی ئەم سەرنجەدا بە هەڵەدا چووین و دەبێ پێداچوونەوە بەو بۆچوونەدا بکەین، چونکە ئەو مەهامە کارێکی دەستەجەمعی و ەکو هەنگاوی چارەسەر مەرجدارە بە دەستەبەرکردنی فاکتەر و میکانیزمی گونجاو کە بەرچاوترینیان سەقامگیریی ڕەوشی سیاسییە لە عێراق. سەرباری خەمخۆریی دەسەڵاتی کوردی بۆ پرسی ئافرەت و خێزان لە هەرسێ دامەزراوە لە دەسەڵاتەکانی (تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی) لە هەرێمی کوردستان ئەوەی بەرچاو و ڕوونە تا ئێستا یاسای ژمارە هەشتی خێزانی لە ئاست تمووحدا نییە، بۆیە لەم تەوەرەدا فۆکسمان لەسەر هۆکارە شکڵییەکان نییە، چونکە هەر کەلێنێکی شکڵی یاسایی لە ڕێگای ڕەشنووسێکەوە لە پەرلەمان هەموار دەکرێتەوە و بە سانایی دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، بگرە سەرنجمان لەسەر دەرهاویشتەکانی ناسەقامگیریی ڕەوشی سیاسی لە گۆڕەپانی عێراقیدا کاریگەری ئەو دۆخە لەسەر هەڵکشانی ڕێژەی توندوتیژییە کە بەشێك لە ئاریشە خێزانییەکان تێکهەڵکێش کراوە بە فاکتەری سیاسی و لەمبارەیەوە هاتنی سەرووی ملیۆن و نیوێك ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە لە هەڵکشانی ڕێژەی توندوتیژیی خێزانی، چونکە بە یەك لیست لە ئامارەکانی توندوتیژیی خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی تۆمار دەکرێن، ئەم ئامارانە لە ڕێگای نووسینگە و هۆبەکانی توندوتیژی وەردەگیرێن، کە لە بنەڕەتدا سەر بە وەزارەتی ناوخۆن دەربارەی تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن، سووتان و خۆسووتان، سکاڵا و سکاڵای سێکسی.. ساڵانە بۆ ڕای گشتی بەو پەڕی شەفافییەتەوە ئامارەکان دەخرێنە ڕوو. هەرچەندە یاسای ژمارە هەشتی خێزانی تەنیا لە سنووری هەرێمی کوردستان بەرکارە و ناوچە کێشەلەسەرەکان ناگرێتەوە، ئەمەش لەمپەرێکی بەرچاوە، بۆ نموونە بەشێك لەو ئافرەتانەی لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانن، بە کەفالەت و بە سوڵحی ئاشتەوایی ئازاد دەکرین، بەڵام پاش ماوەیەك لە کەرکووك یان لە مەخموور تەرمەکانیان دەدۆزرێتەوە، چونکە یاسای سزادانی عێراقی تایبەت بە «غەسل عار» لەو ناوچانە هەموار نەکراوە، تا ئێستا کوشتنی ئافرەت بە بیانووی شەرەف بە عوزرێکی موخەفەف لە یاسای سزادانی عێراقی وەرگیراوە. یان ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە تەبایی خێزان ئەنجام دەدرێن، وەکو مارەکردنی ژنی دووەم بە بێ ئیجازەی ژنی یەکەم، لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێن، چونکە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕێگا نادات بە تۆمارکردنی، تەنیا بە پشتگیریی لێژنەی پزیشکی و ڕەزامەندیی ژنی یەکەم نەبێت، یان لەکاتی هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەری و تەڵاق لەو ناوچانە مافی سەرپەرشتیکردن پەروەردەکردنی منداڵ لە دایك سەندراوەتەوە و دراوە بە باوك، یان لە یاسای ژمارە هەشتی خێزانی ڕێگا نەدراوە بە شوودانی کچ لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵ، بەڵام لە عێراق کار بۆ جێبەجێکردنی یاسای جەعفەری دەکرێت لە بەشوودانی کچ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا ڕێپێدراوە، ئەم پڕۆژەیە لە خولەکانی پێشوو وەکو پڕۆژە یاسایەك پێشکەش بە پەرلەمانی عێراقی کرا و ئەگەر یەکدەنگیی پەرلەمانتارە کوردەکان نەبوایە، وەکو یاسایەك دەسەپێندرا، بۆیە پێداچوونەوە بە بڕگە و بابەتەکانی ئەو یاسایە کارێکی زۆر گرنگ

و لە هەمانکاتدا زۆر قورسە لە کۆتاییدا بە ئامانجی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی سەلار و دوور لە توندوتیژی دەڵێین لە دونیایەکی لێوانلێو لە توندوتیژی ئاسان نییە قسەکردن لەسەر توندوتیژی، بەڵام ئەستەمیش نییە».

هێشوو دارا سەلیم بەرپرسی ئەنجومەنی دەوروبەری سلێمانی (ی.ئا.ك) سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ساڵی ٢٠١١ پەسەند کراوە و لە ١٠ مادده پێك هاتووە و باسی هەموو ئەو حاڵەتانە دەکات کە دەبنە هۆکاری توندوتیژی، باس لە شێوازەکانی خەتەنەکردن دەکات کە هەر کچێك خەتەنە بکرێت، حوکمەکەی چییە، یان باس لە جورەکانی توندوتیژی دەکات، ئیتر توندوتیژیی جەستەیی بێت، یان دەروونی بێت، یان کۆمەڵایەتی و یانیش سیاسی بێت». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «ئەمساڵ لە پەرلەمانی کوردستان ڕەشنووسێکیان ئامادە کردووە تایبەت بە هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە و بۆی هەیە هەندێك بڕگەی لێ زیاد بکرێت، یان کەم بکرێتەوە بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار لە بەڕێوبەرایەتیی توندوتیژی و لایەنی پەیوەندیدار لە سەرۆکایەتیی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها ئێمەش وەك ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان دەستپێشخەر بووین لەو بابەتە وەکو تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان یاداشتێکمان داوە بە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان کە لە یاداشتەدا داوا کراوە وردتر کار بکرێت لەسەر بابەتەکانی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە، واتە ئەو یاسایە پێویستە هەموار بکرێتەوە، چونکە هەر یاسایەك کە دەردەچێت بۆ قۆناغێك دەگونجێت، بەڵام لە ئێستادا دەبینین توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان زۆر زیادی کردووە و هەروەها بەرامبەر منداڵانیش بە هەمان شێوە زیادی کردووە

هەروەها لە لایەکی تریشەوە توندوتیژیی خێزانییش زیادی کردووە، کە باسی توندوتیژیی خێزانی دەکەین، تەنیا ئافرەتان ناگرێتەوە، بەڵکو پیاویش دەگرێتەوە، چونکە بە پێی ئەو یاسایە ئەگەر پیاوێك لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە سووکایەتی پێ کرا، بۆی هەیە سکاڵا تۆمار بکات بۆیە ئەمجارە کە یاساکە هەموار دەکرێتەوە، وردتر دەبێت، چونکە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان و هەروەها لایەنی دیکەش تێبینیی خۆیان داوە بە لیژنەی داکۆکیکار لە پەرلەمانی کوردستان و هەروەها لە جۆری دادگاییکردنەکانیش هەمووی تێبینی لەسەر بووە، بۆیە ئەمجارە بە میکانیزمێکی وردتر کار لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە دەکرێت».



**لە یاسای ژمارە هەشتی خێزانی ڕێگا نەدراوە بە شوودانی کچ لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵ، بەڵام لە عێراق کار بۆ جێبەجێکردنی یاسای جەعفەری دەکرێت لە بەشوودانی کچ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا ڕێپێدراوە**

**وەکو تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان یاداشتێکمان داوە بە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان کە لە یاداشتەدا داوا کراوە وردتر کار بکرێت لەسەر بابەتەکانی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە**

**ئەو یاسایە پێویستە هەموار بکرێتەوە، چونکە هەر یاسایەک کە دەردەچێت بۆ قۆناغێک دەگونجێت، بەڵام لە ئێستادا دەبینین توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان زۆر زیادی کردووە و هەروەها بەرامبەر منداڵانیش بە هەمان شێوە زیادی کردووە**

# ئایا دەرچووی زانکۆکان دەتوانن پێداویستەکانی بازاڕ پڕ بکەنەوە



**دەگوترێ بەشێکی زۆری قوتابییانی زانکۆ لە پسپۆڕییەکەی خۆیان قووڵ نابنەوە و دوای دەرچوون بەپێی پێویست لە زانیاریی پسپۆڕییەکە پڕ زانست نین. چۆن دەکرێت هانی قوتابیانی زانکۆ بدرێت بۆ ئەوەی زیاتر لە پسپۆڕییەکانی خۆیان قووڵ ببنەوە، بە مەبەستی وەدەستهێنانی هەلی کار و بەردەوامبوون لە فێربوونی زانست؟ ئایا چۆن دەکرێت بە کردار وەبەرهێنان لە ئەقڵی مرۆڤەکاندا بکرێت، نەوەك تەنیا بڕوانامە ببەخشرێتەوە؟ مامۆستایانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



ڤیان مەحموود زامدار مامۆستای زانکۆیە و ڕای وایە «ئەو جوغزە نەریتییەی کە دیاری کراوە بۆ فێربوون و خوێندنی باڵا لە کوردستان، چیدیکە ناتوانێت وەڵامی ویست و داخوازییەکانی قوتابیان بداتەوە. سیستمی خوێندن پێویستە بە شێوازێکی سەردەمیانە دابڕێژرێت، بە جۆرێك کە پەرەپێدانی بەهرەی قوتابیان و پێشەوەچوونی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێت». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «کاتێك کە دەگوترێت سەردەمیانە، مەبەست ئەوەیە کە هاوشانی سیستمی فێربوونی نێودەوڵەتی و بە دیدگایەکی نوێخوازەوە کۆی پرۆسەی خوێندنی باڵا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ستراتیژێکی تۆکمە لە نێوان سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بە فێربوون و خوێندنی باڵا دابڕێژرێت وەکو هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا چون پرۆسەی پێگەیاندنی هزر و کارامەیی قوتابی لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی خوێندن دەستپێدەکات و دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کارەکتەرێکی بەهێزی قوتابیان. لەلایەکی دیکەوە، فاکتەری (کات) زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی بۆ بەدیهێنانی کاریگەرییەکی پۆزەتیف، کاتی پێویستە و دەبێت هەر ستراتیژێك ڕەچاوی دیاریکردنی چالاکییەکان لەسەر مەوداکانی کورت و مامناوەند و درێژخایەن بکات». گوتیشی: «هەڵبەت زۆر ئامراز هەن کە دەبنە هۆکاری ئەوەی قوتابیان زێدەتر لە بواری خوێندنی فراوان و پسپۆڕیی ورد قووڵ ببنەوە. بەڵام لێرەدا دوو بابەت زۆر گرنگن کە هەر سیستمێکی پەروەردە و خوێندنی باڵای سەردەم لەخۆیان بگرێت و ببنە خاڵی وەرچەرخانی پۆزەتیڤ، ئەوانەش:

١.گرنگیدانی زیاتر بە بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکانی خوێندن کە لەگەڵ داخوازییەکانی جیهانی سەردەم بگونجێت. بۆ نموونە (پرۆسەی بۆلۆنیا) کە لە ئێستادا تیشکی خراوەتەسەر لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەگوێرەی چوارچێوەی کاری ئەم پرۆسەیە بێت، قوتابی دەبێتە سەنتەری پرۆسەی فێربوون و بەهرەیی و کارامەیی و دیدی قوتابی سەنگی خۆی دەبێت لە داڕشتنی کۆی سیاسەتی فێربوون. هەروەها، پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێك دیزاین دەکرێن کە ئایندەی دەرچووانی

**ئەو جوغزە نەریتییەی کە دیاری کراوە بۆ فێربوون و خوێندنی باڵا لە کوردستان، چیدیکە ناتوانێت وەڵامی ویست و داخوازییەکانی قوتابیان بداتەوە**

**گرنگیدانی زیاتر بە بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکانی خوێندن کە لەگەڵ داخوازییەکانی جیهانی سەردەم بگونجێت**

**پێویستە هەموو قوتابییەک بە شێوەیەکی یەکسانی و دادپەروەری لە بەشێکی زانستی وەربگیرێت و بە ئارەزومەندانە بێت، نەک کلیکی کۆمپیوتەر چانسی دیاری بکات و چوار ساڵیش لە سەر کورسییەک دابنیشێت کە ڕقی لێیەتی و نەتوانێت بە ئەشقەوە خۆی لەو پسپۆڕییە پێ بگەیەنێت**

**دەبێت قوتابی خۆیشی کۆشش بکات، جگە لە وانەی ڕۆژانە کە وەریدەگرێت، پێویستە لە ماڵەکەی خۆی، زۆر بە ئاسانی لە شاشەی ئامێرە زیرەکەی خۆیەوە، کە پێی دەگوترێت مۆبایل زۆرترین و تازەترین زانیاری کۆبکاتەوە**

**پێویستە لەسەر زانکۆکان و سەرکردە ئەکادیمییەکانی زانکۆ چوار ساڵ جارێک پڕۆگرامەکان تازە بکەنەوە کە هاوگونج بێت لەگەڵ بازاڕی کارو تازەترین زانستی سەردەمییانە**

زانکۆ لەبەرچاو بگیرێت و پڕۆگرامەکان خواست و ویستی بازاڕی کار لەبەرچاو بگرن.

٢.ئامادەکردنی مامۆستایانی زانکۆ بە شێوازێکی سەردەمیانە. بۆ نموونە بەرەوپێشبردنی (پڕۆگرامی پێداگۆجی) کە تایبەتە بە ڕاهێنانی خوازیارانی ناسناوی زانستی بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای زانکۆ. پێویستە ئەم پڕۆگرامە گرنگی زێدەتری پێ بدرێت و بەرفراوانتر بکرێتەوە تاوەکو میتۆد و دیدگاکانی پەیوەست بە خوێندنی باڵا و بەرەوپێشبردنی کارامەیی قوتابی پێشەوەچوونی بەرجەستەیی بەخۆیەوە ببینێت».

هۆشمەند ڕەفیق مامۆستای زانکۆ و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان هۆکاری بابەتی و خودی هەیە لەوەی بۆچی قوتابیان ڕۆناچنە نێو پسپۆڕیەتییەکەی خۆیان کە ماوەی چوار ساڵ یان زیاتر دەیخوێنن، وەڵامی ئەو پرسیارە پێنج ڕەهەندی سەرەکی هەیە کە وەك ڕایەڵەیەك بە یەکەوە بەستراونەتەوە و دەبێت هاوشانی یەکتری کاریان لەسەر بکرێت، کە خۆی لە خودی قوتابی، پڕۆگرامی خوێندن، مامۆستای وانەبێژ، دواتریش ژینگەی خوێندن، سیستەمی وەرگرتن لە زانکۆکان دەبینێتەوە.»

گوتیشی: «بۆ ئەوەی هانی قوتابیانی زانکۆ بدرێت، ڕۆبچنە پسپۆڕیەتییەکەی خۆیان کە لە چوار ساڵدا، هەشت سمستەر دەخوێنن، کە هەر سمستەرێك زیاتر لە هەشت بۆ نۆ بابەتی هەمەجۆرە، دەبێت سەرەتا لە سیستەمی وەگرتنی قوتابیانەوە دەست پێ بکرێت، پێویستە هەموو قوتابییەك بە شێوەیەکی یەکسانی و دادپەروەری لە بەشێکی زانستی وەربگیرێت و بە ئارەزومەندانە بێت، نەك کلیکی کۆمپیوتەر چانسی دیاری بکات و چوار ساڵیش لە سەر کورسییەك دابنیشێت کە ڕقی لێیەتی و نەتوانێت بە ئەشقەوە خۆی لەو پسپۆڕییە پێ بگەیەنێت، هەرچەندە لە ئێستای واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان باشترین سیستەمی وەرگرتن، سیستەمی زانکۆ لاینە تا مافی هیچ کەس نەفەوتێت و یەکێکە لە سیستەمە دادپەروەرەکان بە بەراورد بە هەر سیستەمێکی دیکە کە دەبێتە هۆی نادادی و نایەکسانی».



ئەو مامۆستایەی زانکۆ جەختی لەوە کردەوە کە «دەبێت قوتابی خۆیشی کۆشش بکات، جگە لە وانەی رۆژانە کە وەریدەگرێت، پێویستە لە ماڵەکەی خۆی، زۆر بە ئاسانی لە شاشەی ئامێرە زیرەکەی خۆیەوە، کە پێی دەگوترێت مۆبایل زۆرترین و تازەترین زانیاری کۆبکاتەوە و رۆبچێتە نێو پسپۆرییەکەی، هەرچەندە قوتابی پێی وایە دەبێت هەموو شتێك لە مامۆستاکەی فێر بێت و بخرێتە بەردەستی، کە ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە ئەرکی مامۆستا تەنیا رێگەنیشاندان و کردنەوەی دەروازەی زانستەکەیە، نەك هەموو شتێك فێری قوتابی بکات. رایەڵەیەکی دیکە هەیە کە ئەویش پەیوەستە بەوەی چۆن قوتابی رۆبچێتە نێو پسپۆرییەکەی ئەویش پرۆگرامی خوێندنە، کە پێویستە لەسەر زانکۆکان و سەرکردە ئەکادیمییەکانی زانکۆ چوار ساڵ جارێك پرۆگرامەکان تازە بکەنەوە کە هاوگونج بێت لەگەڵ بازاڕی کارو تازەترین زانستی سەردەمییانە، هەرچەندە بەپێی یاسا مامۆستایان خۆیان رێگەیان پێ دراوە ساڵانە بە رێژەی ١٠٪ی پرۆگرامی خوێندن گۆڕانکاری تێدا بکەن، بەڵام ئەوە رەنگە لە زانکۆیەك و کۆلێژێك و بەشێك جیاوازی هەبێت. لەگەڵ ئەوانەشدا پێویستە لەسەر مامۆستایان هەموو توانا زانستییەکانی خۆیان بخەنەگەڕ بە باشترین رێگەی وانەوتنەوە زانستەکەی خۆیان بگەیەنن بە قوتابی و ئەو پسپۆرییەی هەیانە لەلای قوتابی خۆشەویست بکەن، تا قوتابیانیش هان بدەن لەوەی کۆشش بکەن و بگەڕێن بە دوای زانیاری نوێ و قووڵ بنەوە لێی. لە هەموو ئەوانەش گرینگتر ژینگەی خوێندن و بوونی کەمپەسی پێشکەوتووە لە زانکۆکان، کە خۆی لە ژینگەیەکی تەندروست دەبینێتەوە بۆ قوتابی، هۆڵی خوێندنی شیاو، تاقیگەی شیاو، کتێبخانەی مۆدێرن و پێشکەوتوو، هەموو ئەوانە هانی قوتابی دەدات کە ببێتە هۆی ئەوەی پسپۆرییەکەی خۆی خۆش بوێت و شەونخوونی بۆ بکات و توێژینەوەی تازەی لەسەر بکات. لەو سونگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەو پێنج رایەڵە سەرەکییە کە هاوتەریبن بە یەکەوە، وادەکەن، قوتابی قووڵ بکەنەوە لە پسۆرییەکەی لە زانکۆدا، چونکە بە نەبوونی یەکێك لەو رایەڵانە، پرۆسەی قوڵبوونەوەی قوتابی لە رێژەی زۆرینەوە دەکاتە رێژەی کەمینە وەك ئەوەی ئێستا لە زانکۆکاندا بوونی هەیە.

زانکۆ ئەو شوێنە ئەکادیمییەیە کە بە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی کەسایەتیی قوتابی دادەندرێت، چ لە کاتی برینی قۆناغەکانی خوێندن بێت یان بۆ دوای دەرچوون، قوتابی لە زانکۆ ئەو پسپۆرییە کە تێیدا دەخوێنێت پێویستە ببێتە سەرەتایەکی کاریگەر و پۆزەتیڤ، بۆ دروستکردنی کاریزمای داهاتووی زانستی و کۆمەڵایەتی و دارایی قوتابییان لە دوای دەرچوونیان، ئەوەی من تێبینیم کردووە وەك مامۆستای زانکۆ ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە قوتابیان لە پسپۆریی خۆیان قووڵ نابنەوە و بەپێی پێویست پڕ نابن لە زانست و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆکارێك کە پەیوەندی هەیە بە خودی قوتابیی زانکۆ وەك ئامادە نەبوون لە هۆڵەکانی خوێندن بەپێی پێویست، کەمتەرخەمی بۆ گەڕان و بەدواداچوونی سەرچاوەی نوێ، هاورێیەتیکردنی لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی کە لە لایان گرنگ نییە خوێندن و قوڵبوونەوە لە پسپۆڕی و رووخانی هیوا بە داڕۆژ».

د. نادیە تەلعەت مامۆستای زانکۆ، سەرەتا کۆمەڵێك هۆکار دەخاتەڕوو کە پەیوەندییان بە خێزانی قوتابییەکان هەیە و هاوکات دەڵێت: «بوونی کێشەی خێزانی و لێکترازانی دایك و باوك کاریگەری دەبێت لەسەر باری دەروونیی قوتابی و دووركەوتنەوەی لە هۆڵەکانی خوێندن و ئالوودەبوونی بە تەنیا کات بەسەر بردن. هەروەها هۆکاری دارایی کە بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت لە ناوەندەکانی خوێندن، لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نالەباریی دارایی دایك و باوکی قوتابیان کە هەندێك لە قوتابیان ناچارن کار بکەن لە هەمان کاتی خوێندندا، ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئاست و خۆپڕزانستکردنی قوتابی دەبێت، کۆمەڵێك هۆکاریش هەن کە پەیوەندییان بە سیستەمی ئەکادیمیی خوێندن هەیە، وەکو نەبوونی شێوازی پێشکەوتوو بە وانەگوتنەوە و نالەباریی بارودۆخی هۆڵەکانی خوێندن».

**قوتابی پێی وایە دەبێت هەموو شتێک لە مامۆستاکەی فێر بێت و بخرێتە بەردەستی، کە ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە ئەرکی مامۆستا تەنیا رێگەنیشاندان و کردنەوەی دەروازەی زانستەکەیە، نەک هەموو شتێک فێری قوتابی بکات**

**بەپێی یاسا مامۆستایان خۆیان رێگەیان پێ دراوە ساڵانە بە رێژەی ١٠٪ی پرۆگرامی خوێندن گۆڕانکاری تێدا بکەن**

**هۆڵی خوێندنی شیاو، تاقیگەی شیاو، کتێبخانەی مۆدێرن و پێشکەوتوو، هەموو ئەوانە هانی قوتابی دەدات کە ببێتە هۆی ئەوەی پسپۆرییەکەی خۆی خۆش بوێت و شەونخوونی بۆ بکات**

**قوتابی لە زانکۆ ئەو پسپۆرییە کە تێیدا دەخوێنێت پێویستە ببێتە سەرەتایەکی کاریگەر و پۆزەتیڤ، بۆ دروستکردنی کاریزمای داهاتووی زانستی و کۆمەڵایەتی و دارایی قوتابییان لە دوای دەرچوونیان**



# لەیدی گاگا بەشداریکردنی لە فیلمی (جۆک

کەناڵی LBCI بڵاوی کردەوە، دوای ئەوەی لەم دواییانەدا زانیاری بڵاوبووەوە سەبارەت بە بەشداریکردنی لەیدی گاگا لە بەشی دووەمی فیلمی «جۆکەر»، خانمە ئەکتەر وئەستێرەی بەناوبانگی پۆپ لەیدی گاگا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە و، تێیدا بەشداریکردنی لە فیلمە چاوەڕوانکراوەکەدا پشتڕاست کردەوە.
لە ڤیدیۆکەدا سێبەری دوو سەماکار نیشان دەدرێت، لەگەڵ گۆرانی «Cheek to Cheek»دا سەما دەکەن، لە هەمان کاتدا ناوەکانی فۆنیکس و گاگا لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێت.

بڕیارە ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی خواکین فۆنیکس لە بەشی دووەمدا ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی «جۆکەر»دا ببینێت کە بڕیارە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٤ نمایش بکرێت.
کۆمپانیای (وارنەر برەزەر) وردەکاریی زیاتری لەبارەی بەشی دووەمەوە نەخستە ڕوو، بەڵام گۆڤاری ڤاریتی بڵاویکردەوە، بەشە نوێیەکە موزیکی دەبێت، ڕەنگە لەیدی گاگا ڕۆڵی هاوبەشی «جۆکەر» لە پلۆتەکەدا ببینێت.
فۆنیکس خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا لە ڕۆڵی پاڵەوان، لە بەشی یەکەمی فیلمی ساڵی ٢٠١٩ کە باس لە ژیانی دوژمنی سەرەکیی



# دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومە نوێیەکەی، بیۆنسێ ب

چەند ڕۆژێکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هەواڵی تۆمەتبارکردنی گۆرانیبێژی نێودەوڵەتی (بیۆنسێ) بە دزیکردن لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومە نوێیەکەی بەناوی (ڕێنێسانس) سەرقاڵن.
دوای یەك ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی بیۆنسێ، ی گۆرانیبێژی ئەمریکی (کێلیس) لە پۆستێکدا کە لەلایەن هەوادارانی لە ئینستاگرام بڵاوی کردووەتەوە، لە ئاهەنگێکدا کە بەبۆنەی هاوکاریی نێوان ئەو دوو گۆرانیبێژە ڕێك خرابوو، نووسیویەتی: «عەقڵی منیش ناتوانێت تێبگات، نەبوونی ڕێز و نەزانیی ڕەها، کە ئەم سێ کەسە (واتە بیۆنسێ و فارێل ویلیامز و چاد هوگۆ) پیشانیان دا، سەرسوڕهێنەرە.»
ئاماژەی بەوەش کردووە: «من وەك هەموو کەسێك لەو بارەیەوە دەمزانی، هیچ شتێك بەو شێوەیە نییە کە دەردەکەوێت، هەندێك کەس لەم بوارەدا بێ ڕۆحن و دەستپاکییان نییە و توانیویانە هەمووان فریو بدەن».
هەوادارانی کیلیس لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ لێدوانەکەی کاردانەوەیەکی باشیان هەبوو، یەکێکیان لەبارەی پۆستەکەوە کۆمێنتێکی نووسیبوو و تێیدا دەڵێت: «ئەمە ئەوهاوکارییەیە کە جیهان پێویستی پێیەتی» کێلیس لە وەڵامدا وتی: ئەمە هاوکاری نییە، بەڵکو دزییە.



## ـــــــەر ٢) پشتڕاست دەكاتەوە

باتمان دەكات.
لەیدی گاگا ڕۆڵێكی جیاوازتر لە كەسایەتی هارلی كوین دەگێڕێت، كە دوایین ڕۆڵی بوو لە فیلمی «The Suicide Squad»ی مارگۆت ڕۆبی، هەروەها دڵنیا نییە كە كارەكتەرەكانی دیكەی دی سی لە فیلمەكەدا ڕۆڵیان دەبێت یان نا.
پێشبینی دەكرێت بەشی دووەمی فیلمەكە موزیكاڵی بێت، هەروەها لەیدی گاگا كۆمەڵێك گۆرانی پێشكەش بكات، ماڵپەڕەكە سوپرایزێكی دیكەی ئاشكرا كرد، كە خواكین فۆنیكس تا ئێستا بە فەرمی گرێبەستی بۆ ئەو ڕۆڵە نەكردووە.

## ـــــــە دزی تۆمەتبار دەكرێت

كیلیس ئیدعای كردووە كە چەند بەشێكی گۆرانییەكەی « Milkshake » بەبێ مۆڵەتی ئەو لە بەرنامەی « Energy » لە ئەلبوومە نوێیەكەی بیۆنسێ بەكار هێنراوە.
هەروەها كێلیس لە دوو گرتە ڤیدیۆییەكەیدا كە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام بڵاوی كردووەتەوە، بێزاریی خۆی دەربڕیوە، ئاماژەی بەوەش كردووە كە كێشەكەی تەنیا لەگەڵ بیۆنسێ نییە، چونكە پێشتر چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم كارە دزێوانە بووەتەوە، بەڵام گلەیی ئەوەی كردووە كە ئاگاداری نەكردووەتەوە لە نیازی بەكارهێنانی گۆرانییەكەی، كە كەمترین كارە كە دەتوانێت بیكات.

# ئەحمەد سالار بە
# خۆر دێتەوە ئاسمانی شار
## شانازییەک تۆمار دەکات







مامۆستا و رابەری شانۆی هاوچەرخی کورد مامۆستا ئەحمەد سالار، کە تەمەنی خۆی لەسەر تەختەی شانۆدا بەسەر برد وەك (ئەکتەر، دەرهێنەر، نووسەری شانۆ و مامۆستای پێگەیاندنی شانۆکاران) دوایین شانۆیی نووسیوە و ئامادەیە.

شانۆیی (خۆر دێتەوە ئاسمانی شار) دەبێتە (٣٨) مین کاری شانۆیی مامۆستا ئەحمەد سالار، کە ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە لە نووسینی شانۆ، بەتایبەتی لە نێو کورددا، چونکە تا ئێستا ئەوانەی شانۆییان نووسیوە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەکردووە، لە عەرەبیشد ئەو ژمارەیە نییە، ویلیام شکسپیری گەورە شاعیر و نووسەری جیهانی لە ژیانی خۆیدا (٣٩) شانۆیی نووسیوە.

زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە فڵانە نووسەری یۆنانی وەك یۆرپیدس یان ئەکسیدۆس (٩٠) شانۆییان نووسیوە، بەڵام لە راستیدا ئەوانەی کە ماونەتەوە تەنیا (٣ تا ٧) شانۆییە، ئەوانی دیکە رەنگە خەیاڵ، یان زیادە پێهەڵدان بێت.

***خۆر دێتەوە ئاسمانی شار*** کە دەبێتە دوایین









کاری شانۆیی مامۆستا ئەحمەد سالار، دارِشتنێکی تایبەتی هەیە، خەیاڵێکی میتافیزیکی، فەنتازیایی سەیری تێدا بەدی دەکرێت، مامۆستا فەنتازیای بە واتا جوانەکەی تێدا بەکارهێناوە. ئەم شانۆییە شانازییەکی دیکەی ئەحمەد سالارە و وەك خۆی دەڵێت ئەمە دوایین بەرهەمیەتی، بۆیە دەبێ جوانترین بەرهەمی بێت و کۆتاییەکەی دەبێت ئەو میسکە بۆنخۆشە بێت، وەك لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە دەفەرمووێ: (و یسقون من رحیق ختامە مسك).

لە شیعری کوردییشدا باس دەکرێت کە ئەمە بۆن گوڵاوێکە لە باوەشی جۆرە کارئاسکێکی دەشتی قەتای چیندا هەیە، روونتر بڵێین ئەم بەرهەمە (خۆر دێتەوە ئاسمانی شار) دەبێتە کۆکەرەوەی هەموو ژیانی شانۆیی مامۆستا ئەحمەد، کە خۆی لە شەست ساڵ دەدات.

جیا لە سەنگ و بەهای هونەری، ئەم بەرهەمە لە رووی مرۆییشەوە سەنگینە و نرخی خۆی هەیە، چونکە مامۆستا ئەم شاکارەی پێشکەش بە قوتابییەکی ژیر و زرنگ، ئازا و چاونەترسی خۆی کردووە، ئەویش ( ئەریوان عومەر حەسەن دەوڵەت)ە، کە لە رۆژی یەکەمی راپەرینی مێژوویی شاری سلێمانیدا شەهید بوو، وەك وەفا و دڵسۆزییەك پێشکەش بە گیانی ئەم قوتابییە ئازا و نەبەردەی کردووە.

ئەم شاکارە شانۆییەی کە دەتوانین بڵێین دەستە گوڵی تەمەنی مامۆستا ئەحمەد سالارە و، پێشکەش بە میللەتی خۆی دەکات، لە ئێستادا ئامادەیە و لە چەند بەرگێکدا چاپ دەکرێت، تا بگاتە بەردەستی هەموو شانۆکار و خۆشەویستانی شانۆی کوردی، لە داهاتوودا یەکێك لە دەرهێنەرە بەرِێزەکان کاری دەرهێنانی بۆ دەکەن و جەماوەری پێ ئاشنا دەبێت.

ئەم شاکارە دەبێتە سەرچاوەیەك گرنگ و پرِ بایەخ بۆ شانۆی کوردی و ئەوانەی دڵێن شانۆمان نییە با هەوڵ بدەن لەو جۆرە شانۆییانە تێبگەن، جونکە کارەکانی مامۆستا گەنجینەیەکی پرِ بایەخ و سەنگین و موڵکی هەموو کوردێکە.



# هونەری حەوتەم

(٢-٢)

بنەچەی سینەما، وێنەی جووڵاوە (Motion Pictures)، فیلم ڕیزبەندی هەزاران وێنەیە، بە خێراییەکی دیاری کراو، بە دوای یەکدا نمایش دەکرێن، سەرەنجام بینەر جووڵە و جمین دەبینێت. سینەما تێکەڵەیەکە لە هونەر و زانست. بیرۆکەکە پێشتر هەبوو، زانا و هونەرمەندان چاوەڕوانی دەریچەی بەدەست هێنانی ئامێرێك بوون، وێنەی جووڵاو بگرێت، ئنجا بیخاتە سەر ناوەندێك، دواتر ئەو وێنانە لە ناوەندەکەوە نمایش بکرێن، تا هەستی جووڵە و جمین لە لای بینەر بەدی بهێنن.

تاریق کارێزی

بەڕێوەبەری وێنەگرتن لە سینەمادا ڕۆڵی کارای هەیە، پێشتر وێنەی خاوی فیلم دەگیرا، ئێستا وێنەی دیجیتاڵە. بەڕێوەبەری وێنەگرتن لە کۆنترۆڵ کردنی کامیرا، دیاری کردنی هاوێنە و ڕووناکی، دیاری کردنی دوورایی و چوارچێوەی گرتەکان، بە یارمەتیی تیمی وێنەگران، بەرپرسە. وێنەگرتن بەشێکە لە پیشەسازیی سینەما، لە پشت ئەویشەوە کوێخای دەرهێنەر هەیە، کە تەواوی بڕیار لە دەستی ئەودایە.

سەرەتای ئەم هونەرە بۆ ساڵانی هەشتای سەدەی ١٩ دەگەڕێتەوە، ئامانج ئەوە بوو، بە ڕیزە وێنە جووڵە بەرجەستە بکرێت. یەکەمین وێنەی سینەما بە ناوی (دیمەنی باخچەی ڕاوندهای: Roundhay Garden Scene)یە، لە ساڵی ١٨٨٨دا وێنەی گیراوە، ماوەکەی (٢،١١) چرکەیە.

تەکنۆلۆژیای وێنەگرتن و ئامێرەکانی، نەخشی کاریگەریان لە گەشە کردنی وێنەگرتن و سینەمادا هەبوو. پیشەگەرانی بوارەکە سوودیان لە هەر داهێنانێکی نوێی زانست و پیشەسازی وەردەگرت. لە بەراییدا فیلم ڕەش و سپی بوو، بە تەکنیکی مۆنۆکرۆم (Monochrome) دەگیرا، بۆ ئەوەی فیلم ڕەنگدار بێت، ئەوکات یەك یەك گرتەکان بە فڵچە ڕەنگ دەکران. ئەمەش کارێکی فرە زەحمەت و بە

ئەرك بوو. هەوڵەكان بۆ دروست كردنی فیلمی ڕەنگدار بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، دەشگوترێت فیلمی (سیحربازی ئەوز) یەكەمین فیلمی ڕەنگدارە، لە ١٩٣٩دا هاتووەتە بەرهەم.

لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەمدا فیلمی سێ مەودا پەیدا بوو، لەگەڵ گەشە كردنی وێنەگرتنی سینەمایی، ئەم جۆرە فیلمە گەشەی كرد. تا ئێستاش وێنەگرتن و پیشاندانی فیلمی سێ مەودا پەیوەستە بە ژمارەیەكی كەمی فیلمەوە، نەخاسمە ئەوانەی تایبەتن بە ئەكشن و زانستە خەیاڵ و پاڵەوانی ئەفسانەیی. بۆیەش ئەم جۆرە فیلمە گەشە ناكات، چونكە پێویستی بە ستۆدیۆی گەورە و بودجەی زەبەلاحە.

تا سەرەتای سەدەی ٢١ فیلم بە تەكنیكی سلیۆلید وێنە دەگیرا، لەگەڵ پەیدا بوونی وێنەگرتنی دیجیتاڵ، هێدی هێدی وێنەگرتن سوودی لەم تەكنیكە تازەیە وەرگرت. وێنەی دیجیتاڵ لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم پەیدا بوو، بەڵام تا سەرەتای سەدەی ٢١ لە بەرهەم هێنانی فیلمدا سوودی لێ وەرنەگیرا. لە ساڵی ٢٠١٠دا ئیدی وێنەگرتنی دیجیتاڵ لە پیشەسازیی سینەمادا بوو بە باو. پێشكەوتنی تەكنیك دەروازەی نوێ بە ڕووی سینەماسازی دەكاتەوە، لەم كاتەدا وێنەگرتن بە شێوەیەكی بنەڕەت پەیوەستە بە قۆناغی دوای بەرهەم هێنانەوە، بۆ ڕەنگسازی و هەمەجۆر كاریگەری و وردەكاری، تەكنیكی دیجیتاڵ بەدەم خولیا و خواستی دەرهێنەری فیلمەوە دێت.

فەیلەسووفانی جوانناسی و هونەرناسان، ڕشتەیەكیان بۆ هونەر داناوە، هونەری سینەما وەك نوێترین هونەر لە ڕیزبەندی حەوتەمدایە. چەشنەكانی هونەر مەیلی چوونە ئامێزی یەكدییان هەیە، دەخوازن ئاوێتەی یەك بن. سینەما چاوی لەوەیە تەواوی هونەرەكان لە ئامێزی خۆیدا كۆ بكاتەوە، بەم جۆرە هونەری سەراپاگیر و ڕێكەنداز بەدی دەهێنێت. سەرەتای ئەم هونەرەش وێنەی بێ دەنگ بوو، تا ئەو ڕۆژەی سالینیۆم دۆزرایەوە، كە دەنگ دەكاتە تیشك، پاشان لە تیشكەوە دەیكاتەوە بە دەنگ. بەم جۆرە سینەما كۆی هونەرەكانی دیدە و گوێی لە خۆیدا كۆ كردنەوە؟ ئەو (مەبەست سینەمایە) شانۆ، مووزیك و شێوەكاریی لە یەك بەرهەمی دانسقەدا كۆ كردەوە، ئیدی بۆ هەموو هونەرێك بوو بە ئامرازی گەیشتن بە كەماڵ، بوو بە هونەرێكی سنووربڕ بۆ گەیاندنی نایابترین بەرهەمی هونەر بە سەرانسەری جیهان. ئەم كارە بە هیچ هونەرێكی دی نەكراوە.

ڕاستە ئێستا هۆڵی سینەما لە شارەكانی كوردستاندا نەماوە، بەڵام شوێنی دیكە و ڕێكاری دیكە بۆ دیتن و تەماشا كردنی فیلمی سینەمایی هەیە. ئینتەرنێت، هۆڵی نێو مۆڵ و شوێنانی گەشتیاری، پێشتریش ڤیدیۆ و ئنجا سی دی، دەریچەی پیشاندانی فیلمی سینەمایین.





### شایی ئومێد ڕاهێنەری مەلەوانی:

# حەز و خولیا بۆ هەر کارێک وا دەکات ئاسانتر بەربەستەکان تێپەڕێنیت

تاکو ئێستا یارییەکانی مەلەوانی بەپێی پێویست بەرەوپێشچوون بەخۆوە نەبینیوە، بە تایبەت بۆ ئافرەتانی وەرزشکار، هەر چەندە کۆمەڵێك ئافرەتی وەرزشوان دەیانەوێت ئەم یارییە بکەنە کولتوور لای ئافرەتی دیکەی کوردستان، بەڵام نەبوونی یاریزان و کەمیی پاڵەوانێتی وای کردووە کە ئەم یارییە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لە ڕاهێنەرانی ئەم یارییە بێئەوەی پشت بە هیچ یانەیەك ببەستن، دەیانەوێت ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش ببەن، شایی ئومێد یەکێکە لەو ئافرەتە وەرزشکارانەی کە خەونی گەورەی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر، هەوڵیش دەدات زۆرترین یاریزان لە سەر دەستی ئەوان دروست ببن، شایی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری سلێمانییە و، لە هیچ یانەیەك یاریی نەکردووە، ماوەی حەوت ساڵیشە ڕاهێنەری مەولەوانییە و خولی فێربوونی بەردەوامی هەیە، لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** بەردەوام لە ناو ئاودا بوون چی پێ بە خشیویت؟**
- بێگومان هێز و متمانە و ئارامیی پێ بەخشیوم.
*** بۆچی یاریی مەلەوانیت هەڵبژارد بۆکاری راهێنەری؟**
-وەك ئاشکرایە مەلەوانی بەسوودترین وەرزشە، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بوو تا خۆم لەم وەرزشەدا ببینمەوە.
*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە کە زۆر جار مەترسی گیانلەدەستدانی هەیە؟**
- بەڵێ قورسە، بەڵام حەز و خولیا بۆ هەر کارێك وا دەکات ئاسانتر قورسییەکان و بەربەستەکان تێپەڕێنیت، بە گشتیش بابەتی مەترسی لە هەموو بوارێکدا هەیە.
***وەکو راهێنەرێکی ئافرەت ئاستی یارییەکانی مەلەوانی چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**
-بە گشتی دەتوانین بڵێین باشە، بەڵام لە ئاست ئاواتی ئێمەدا نییە، دەکرێ باشتر و باشتریش بکرێت.
*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان؟**
- دروستکردنی فێرگەی تایبەت بە فێربوون لە هەر چوار وەرزەکەدا، پێویستە بکرێتە وانەیەکی سەرەکی و لە قوتابخانەکاندا کاری لەسەر بکرێت و هەموو منداڵێك مافی فێربوونی هەبێت، هەروەها کارکردن بۆ دروستکردنی پاڵەوان لەسەر ئاستی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی و جیهانیش.
*** وەکو راهێنەرێك، خەونیی وەرزشیت مەلەوانیدا چییە؟**
-ئارەزووم بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە و بەخشینی زۆرترین سوودە بە خانمان لەم وەرزشەدا.

*** تاچەند ئافرەتان روو لە مەلەوانی دەکەن؟**
-بەراستی دڵخۆشم کە خانمان بە رێژەیەکی زۆرroو ومان لێ دەکەن، دەیانەوێت فێرببن و سوود وەربگرن.
*** ئایا ئەم یارییە بووتە کولتوور لە کوردستان؟**
-لە راستیدا نەخێر، بەڵام جێگە ی دڵخۆشییە کە بە گشتی خەڵك بە گرنگییەوە لە سوودەکانی مەلەوانی دەڕوانن.
*** بڕیارت نەداوە روو لە بوارێکی دیکەی راهێنەری بکەیت؟**
- کارەکەی خۆمم زۆر خۆش دەوێت کە راهێنەری مەلەوانییە، لەبەر خۆشەویستیم بۆ ئەم کارەم، نەخێر، بڕیارم نەداوە روو لە بواری دیکەی راهێنەری بکەم، نەك راهێنەری ناشتوانم واز لەم وەرزشە بهێنم بۆ کارێکی دیکە.
*** ئەم یارییە قورس نییە بۆ ئافرەتان؟**
- هیچ شتێك ئاسان نییە، بەڵام هیچ شتێکیش ئەوەندە سەخت نییە کە ئافرەتان نەتوانن ئەنجامی بدەن.
***خانەوادەکەت تاچەند هاوکارتن؟**
-زۆر سوپاسیان دەکەم پاڵپشتی یەکەمم ئەوانن، هەمیشە بە رێزەوە لە کارەکەیان روانیوم و لێرەوە زۆر زۆر سوپاسی مامۆستا سەیران دەکەم، کە هەموو کات دەستی گرتووم و هاوکارم بووە لە هەموو بوارەکانی ژیانمدا.
*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**
- دەست خۆشیتان لێ دەکەم و ماندوو نەبن.



# بەرشلۆنە بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ تۆمارکردنی یاریزان




یانەی بەرشلۆنە بۆژانەوەی چوارەمی ئابووریی یانەکەی راگەیاند و ٢٥٪ـی ستودیۆکانی یانەکەی بەرامبەر ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ فرۆشت.

دوای فرۆشتنی ئەو بەشەی ستودیۆکانی یانەکە، بەرشلۆنە لە ماوەی دوو رۆژی داهاتوودا پەڕاوەکانی خۆی رادەستی دەستەی بەڕێوەبردنی لالیگا دەکات، لەکاتێکدا ئێستا یانەکە پێویستی بە ٣٠ تاوەکو ٤٠ ملیۆن یۆرۆی دیکە و کەمکردنەوەی مووچەی بەشێکی یاریزانەکانی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ناوی یاریزانە نوێیەکانی و ئەو یاریزانانە تۆماربکات، کە گرێبەستەکانیان نوێکراوەتەوە.

خوان لاپۆرتا، سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە رایگەیاندبوو، بەر لە ١٣ـی ئەم مانگە ناوی یاریزانە نوێیەکانیان تۆماردەکەن، بەپێی میدیای ئیسپانیا، سێرخیۆ بۆسکێس، کاپتنی یەکەمی یانەکە بە داواکاریی بەرشلۆنە رازی بووە، بۆ ئەوەی مووچەکەی کەمبکاتەوە و هاوکاریی یانەکە بکات بۆ تۆمارکردنی ناوی یاریزانە نوێیەکانی.

جگە لەوەش بەرشلۆنە لە دەستبەرداربوون لە ساموێل ئومتیتی بەرگریکاری فەرەنسی نزیکبووەتەوە و یاریزانەکە رازییە لە یانەکە بڕوات، کە ئەمەش هاوکارییەکی دیکەی دارایی بۆ یانەکە دەگەڕێنێتەوە.

میدیای ئیسپانیا دەڵێت: نیکۆ گۆنزالێس، یاریزانی لاوی یانەکەش بەشێوەی خواستن دەچێتە یانەی ڤالێنسیا.

یانەی بەرشلۆنە تاوەکو ئێستا گرێبەستی لەگەڵ هەریەکە لە فرانک کیسیێ، ئەندریاس کریستێنسن، رۆبێرت لیڤاندۆڤێسکی، رافینیا و ژول کوندێ مۆرکردووە و گرێبەستی عوسمان دێمبێلی و سێرخیۆ رۆبێرتۆش نوێکراوەتەوە، بەڵام هێشتا ناوی هیچ یەکێک لەو یاریزانانەی تۆمار نەکراوە.



# ئیسکۆ ریال مەدریدی جێهێشت

یانەی ئیشبیلیە لە بەیاننامەیەکی فەرمی رایگەیاند بە گرێبەستێکی خۆڕایی توانیان ئیسکۆی ناوەڕاستکاری ئیسپانی ببەنە ریزەکانیان.
یانەکەی هەرێمی ئەندەلوس ئاشکراشی کردووە ئیسکۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێتە موڵکی یانە ئیسپانیەکە.
ئیسکۆی تەمەن ٣١ ساڵ، بۆ ماوەی نۆ ساڵ درێسی ریال مەدریدی پۆشی و لە کۆتایی گرێبەستەکەشی لە کۆتایی وەرزی رابردوو لە یانەکەی جیابووەوە.
ئیسکۆ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٣ لە یانەی مەلەگاوە پەیوەندی بە ریال مەدرید کرد، لەگەڵ یانەی شاهانەکان لە کۆی ٣٥٣ یاری، ٥٣ گۆڵ و ٥٦ ئاسیستی کرد.



# مانچستەر سیتی لە گواستنەوەی هاوینە قازانجی کردووە

یانەی مانچستەر سیتی بە راهێنەرایەتی پێپ گواردیۆلا، لە گواستنەوەی هاوینەی ئەمساڵ کەمترین بەشداریکردنیان لە گواستنەوەی یاریزانان کردووە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراویش ٣ یاریزانیان فرۆشتووە.
پێپ گواردیۆلا پێشتر بەوە ناسرابوو، کە گوێی بە خەرجکردنی پارە نەدەدا و لە گواستنەوەی هاوینە زۆرترین یاریزانی دەگوازتەوە و دەستبەرداری کەمترین یاریزانیش دەبوو، بەڵام لەم هاوینە بەهۆی ئەم ٣ بڕیارە، دەرکەوت گواردیۆلا بۆ یەکەمجار وازی لە خووەکانی پێشووی هێناوە.
یەکەم: پێشتر گواردیۆلا تەنیا پارەی خەرج دەکرد، ئەمجارەیان بۆ یەکەمجار پێپ گواردیۆلا پارەی لە فرۆشتنی یاریزانان وەرگرت، بەهای ئەو پارانەی لە فرۆشتنی یاریزانان دەستی کەوتووە زیاترە لەو پارانەی کە، بۆ کڕینی یاریزانان خەرجی کردووە، بەمەش ئێستا خەزێنەی مانچستەر سیتی لە دۆخێکی باش دایە و هیچ کێشەیەکی نییە و بە دۆخێکی هاوسەنگی دارایی باش تێپەڕ دەبێت، دوای فرۆشتنی رەحیم ستێرلینگ، گابرێل خیسۆس و زینچینکۆ، لە بەرامبەردا تەنیا هالاند و فیلیپسی گواستەوە.
دووەم: بۆ یەکەمجار پێپ گواردیۆلا لە گواستنەوەی یاریزانێك کشایەوە بەهۆی نرخەکە و بە هۆکاری دارایی، لە کاتێکدا کوکوریلای بەرگریکاری ئیسپانی یانەی برایتۆن خواستی ئەوەی هەبوو لە مانچیستەر سیتی یاری بکات، گواردیۆلاش بەو یاریزانە سەرسام بوو، گواردیۆلا داوای گواستنەوەی لە یانەکە کردبوو، بەڵام بەهۆی نرخەکەی کە سەرووی ٥٠ ملیۆن یۆرۆ بوو، راهێنەرە کەتەلۆنییەکە لە گواستنەوەی ئەو یاریزانە کشایەوە لە کاتێکدا زۆر پێویستی بەو بەرگریکارە بوو، دواجار ئەو یاریزانە پەیوەندی بە چێلسی کرد.
سێیەم: گواردیۆلا و مانچستەر سیتی هەمیشە بەو ناسراون، کە ئامادەنین ئەستێرەکانیان بە رکابەرەکانی خولی ئینگلیزی بفرۆشن، بەڵام ئەم هاوینە پێچەوانە بووەوە، یاریزانەکانی خۆیان بە یانە رکابەرەکانی خولی ئینگلیزی فرۆشت، گواردیۆلا رازیبوو ستێرلینگ بچێتە چێلسی، هەروەها خیسۆس و زینچینکۆش پەیوەندیان بە ئەرسناڵ کرد، ئەمەش وەکو بڕیارە سەیرەکانی ئەم هاوینەی گواردیۆلا هەژمار دەکرێت کە پێشتر ئەم کارانەی نەکردووە.




# سەیدسادق دەچێتە قۆناغێکی نوێ

یانەی وەرزشیی سەیدسادق هەرە چەندە وەرزی رابردوو ژمارەیەکی قورس بووە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و، پلەی سێیەمی خولەکەی بەدەست هێناوە، ئەمساڵیش دەستەی کارگێڕیی یانەکە جارێکی دیکە متمانەی بەخشییەوە بە (رەمزی ساڵح)ی راهێنەری یانەکەی، بەڵام وەرزی نوێ بۆ یانەکە جیاواز دەبێت، چونکە هەشت یاریزانی سەرەکی ریزی یانەکەیان جێهیشتووە، لەم بارەشەوە رەمزی ساڵح بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزەش گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەی سەید سادق تازە کردووەتەوە، لەگەڵ ئیدارەی یانەکە رێککەوتووم و باسی سەرجەم خاڵەکانی نێوانمان کردووە، ئەوەشیان پێ گوتووم کە کەمتەرخەمی ناکەن، لە ٢٥ی ئەم مانگەش دەست بە ئامادەکارییەکانمان دەکەین»، لە بارەی رۆیشتنی ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکەش گوتی: «راستە ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی تیپەکەمان رۆیشتوون، بەڵام لە هەوڵی ئەوەیدان یاریزانی تازە بهێنینە ریزی تیپەکەمان، تا بتوانین یانەکە لە ریزەکانی پێشەوە بهێڵینەوە، وەکو راهێنەریش نامەوێت ئەوەتان لێ بشارمەوە کە ئەرکەکەمان زەحمەتە، لە پازدە یاریزان هەشت یاریزان ریزی تیپەکەیان بۆ خولی عێراقی جێهیشتووە، دەبێ تیپێکی تازە و توکمە دروست بکەمەوە، ئەوەشم بە یانەکە گوتووە کە لە قۆناغی یەکەم ئەرکەمان زەحمەت دەبێت، بەڵام هەوڵ دەدەین بۆ قۆناغی دووەم باشتر بین.

جێگەی بیرهێنانەوەیە یانەی سەید سادق یەکێکە لە یانە پڕجەماوەرەکانی سەر ئاستی کوردستان و بەردەوام هانی تیپەکەیان دەدەن، بۆیە ئیدارەی یانەکە ئەمساڵیش دەیەوێت بە تیپێکی بەهێز بەشداری یارییەکانی وەرزی نوێ خولی کوردستان بکەن.





# بژار ئەکرەم چاوەڕوانە

هەر چەندە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایاب و پلە یەکی کوردستان دوومانگی ماوە یارییەکانی دەست پێ بکات، بەڵام یانەکانی کوردستان لە ئێستادا خەریکی خۆڕێکخستنەوەن، بۆ سەر لە نوێ دروستکردنی تیپ و بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکان، بە هێنانی یاریزانان و راهێنەری بە ئەزموون، بژار ئەکرەم یەکێکە لە راهێنەرە بەتواناکانی کوردستان، کە چەند یانەیەك دەیانەوێت گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەن، لەم بارەشەوە بژار ئەکرەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو راهێنەرێك چاوەڕوانی گرێبەستم بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەیەك کاربکەم لە هەر خولێکی کوردستان بێ، بۆ هاتنی گرێبەستیش، لە دوو یانەی نایاب و یانەیەکی پلە یەك قسەم لەگەڵ کراوە، بەڵام فەرمی نییە، یەکێك لە یانەکان لە هەولێرە ئەوانی دیکە لە دەرەوەن، بەڵام من لە ئێستادا چاوەڕوانی گرێبەستێکی فەرمی دەکەم، بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو یانانە بکەم»، گوتیشی: «ئێمە لە وەرزش زیاتر هیچی دیکەمان نییە تاکو ئەنجامی بدەم، بە هیوای ئەوەم بتوانم خزمەتی یەکێك لە یانەکانی کوردستان بکەم و هەرچی لە توانامان بێت بۆ خزمەتکردنی وەرزشی کوردستان، کەمتەرخەمی نەکەین و بە ئەزموونی خۆمان وەرزشی کوردستان پێش بخەین».

# یانەی دەربەندیخان تیپێکی تۆکمە دروست دەکات



یانەی وەرزشیی دەربەندیخان ئەم وەرزە گۆڕانکاری لە تیپەکەیدا کردووە و (کاپتن هەرێم کەلاری) یاریدەدەری راهێنەری پێشووی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیی گواستووەتەوە ریزی یانەکە، بە ئامانجی سەرپەرشتیکردنی تیپی خولی کوردستان و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێی خولەکە، بۆ وەرزی نوێی خولەکەش راهێنەری یانەکە پلانی تۆکمەی داناوە، لەم بارەشەوە هەرێم بورهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە سەرەتادا لەگەڵ ستافی یانەی دەربەندیخان پلانێکی تۆکمەمان دانابوو، کە بتوانین تیپێکی تۆکمە و باش دروست بکەین بۆ یانەکەمان، بۆ ئەوەی بەهێزەوە بچینە ناو خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام لە ئێستادا کێشەی سەرەکیی ئەم یاریزانانە دەستبەرداربوونە لە تیپەکان، من وەکو راهێنەر قسەم لەگەڵ زیاتر لە ١٥ یاریزانی یانەکانی دیکەی کوردستان کردووە، لەگەڵ ئەم یاریزانانە رێککەوتنی سەرەتاییمان کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا یانەکان رێگرییان لێ کردوون و مۆڵەتی گواستنەوەی پێ نەداون، رەنگە ئەوەش وەکو سەرەتا کێشەمان بۆ دروست بکات، کە نەتوانین تیپێکی تۆکمە دروست بکەین»، هەرێم کەلاری گوتیشی: «من هەوڵی ئەوەم داوە و کۆمەڵێك یاریزانی لاومان هێناوەتە پێش بۆ تیپەکە، لێشیان رادەبینم، جگە لەوەش سی یاریزانی دیکەشمان هێناوە، کۆمەڵێك یاریزانی لاویشمان سەرخستووە بۆ تیپی یەکەم، بەردەوامیش لە گفتوگۆداین لەگەڵ چەندین یاریزانێك بۆ ئەوەی بیان گوازینەوە بۆ ریزی یانەکەمان، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکەین، تا بتوانین بەم یاریزانانە رکابەریی بەهێز بکەین لەگەڵ یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولی نایابی کوردستان».

# ئایا وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەی ئافرەت هۆکارە بۆ خەمۆکی؟

خەمۆکی حاڵەتێکی زۆر باوە لە تەمەنی وەستانی یەکجارەکیی سووڕی مانگانەی ئافرەتدا Menopuse. گۆڕانە هۆرمۆنییەکان بەتایبەتی دابەزینی توندی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین Estrogen کە هاوکاتن لەگەڵ ئەم تەمەنەدا، پەیوەندییان بە گرفتە دەروونییەکانەوە هەیە، بەتایبەتی خەمۆکی و پەستی، هەروەها زوو تووڕەبوون، هەستکردن بە ناڕەحەتی، دڵتوندی و بێزاریی بەردەوام، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، نەمانی ئارەزوو بۆ بەشداریکردن لە بۆنە خۆشەکاندا، هەستکردن بە نائومێدی و بێ بەهایی، گرفت لە بیرهاتنەوەدا، کەمبوونەوەی (قەناعەت)، کەمبوونەوەی تەرکیز، لەگەڵ هەستکردن بە کۆتاییهاتنی تەمەنی گەنجی و نەمانی توانای دووگیانبوون و بوون بە خاوەن منداڵ، کە کاریگەریی نێگەتیڤی دەروونی دەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانەی ئافرەت لەم قۆناغەدا. لە لێکۆڵینەوەکی تورکی ساڵی ٢٠٢٠ هاتووە کە ڕێژەی تووشبووانی ئافرەت بە خەمۆکی پاش وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانە دەگاتە زیاتر لە ٤١٪، هەروەها ئاماژە بە هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە خەمۆکی لەم تەمەنەدا کراوە، کە ڕێژەکە تا ٧٠٪ بەرزدەکاتەوە، ئەم هۆکارانە بریتین لە: تەنیابوونی ئافرەت لەبەر هەر هۆکارێك، نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری، نەخۆشیی درێژخایەن، کەموکوڕیی فیزیکی، باری دەروونیی نالەبار، بوونی چوار منداڵ یان زیاتر، هەروەها ترس لە مردن کە لەم تەمەنەدا باوە.





# چەورییە نێوەندەکان هاندەرن بۆ نەخۆشیی دڵ

چەورییە نێوەندەکان Trans fats لە پیشەسازی خۆراکدا دروست دەکرێن بە کرداری هایدرۆجینکردنی تەواو Hydrogenation، یان هایدرۆجینکردنی بەشێکی زەیتی ڕووەکی Partial hydrogenation. لە نوێترین توێژینەوەدا هاتووە کە کەمکردنەوە، یان دوورکەوتنەوە لەو خۆراکانەی کە چەورییە نێوەندەکان لەخۆدەگرن، هەنگاوێکی سادە و کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ، چونکە چەورییە نێوەندەکان هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL و کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لە خوێندا، ئەمەش هاندەرە بۆ ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك. لە لایەکی دیکەوە ئەم چەورییانە دەبنە ئەگەری زیادبوونی هەوکردن Inflammation لە لەشدا، کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تدیکە بەرزدەکاتەوە، هەروەها دەبنە ئەگەری تێکدانی چینی ناوپۆشی بۆڕییەکانی خوێن. سەرچاوە خۆراکییەکانی چەورییە نێوەندەکان وەك: خۆراکە پرۆسێسکراوەکان، کەرەی دەستکرد Margarine، ڕۆنی ڕەقی ڕووەکی (سمنە) Vegetable ghee، گەنمەشامیی ئامادەکراو بە مایکرۆوەیڤ، کێك، فینگەر جیبس، بسکویتەکان و کراکەر Crackers، کریمەری دەستکرد، خۆراکی سوورکراوە لە ناو زەیتی زۆر گەرم وەکو کەنتاکی و خۆراکی ...هتد.



# چۆن خۆت لە جەڵتەی مێشک دپارێزیت؟

جەڵتەی مێشك Stroke لە ئەنجامی تەسكبوونەوە، یان گیرانی خوێنبەر Ischemic، یان خوێنبەربوون Hemorrhagic لە ناو مێشكدا روو دەدات. هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی ئەگەری رووداني جەڵتەی مێشك بریتین لە: کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، چونکە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بە بەهێزترین هۆکار بۆ جەڵتەی مێشك هەژمار دەکرێت، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی شەکرە لە تووشبوواندا لەوکاتەی کە نەخۆشیی شەکرە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و جەڵتە تا چوار هێندە بەرزدەکاتەوە، کۆنترۆڵکردنی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە رێگەی پارێزی خۆراك و مەشقی وەرزشی، یان وەرگرتنی دەرمان بە رێنمایی دکتۆر ئەگەر پێویست بکات، وازهێنان لە جگەرەکێشان، چونکە ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشك تا چوار هێندە بەرزدەکاتەوە، پاراستنی تەندروستیی دڵ و چارەسەرکردنی دروست لە تووشبووان بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کەمکردنەوەی خوێ و شەکر و چەوریی خراپ لە خۆراکدا، زیاد خواردنی سەوزە و میوەی جۆراوجۆر، ناوە ناوە پێوانەکردنی پەستانی خوێن لە لایەن دکتۆرەوە، دووركەوتنەوە لە ئەلكهول، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بە شێوەیەکی رێك بەلای کەم هەفتانە پێنج جار.



# پیادەڕۆیی یان راکردن ؟

ئەوە روونە کە بڕینی هەر دوورییەك، بۆنموونە یەك کیلۆمەتر بەپیادەڕۆیی، یان بە راکردن، هەمان بڕی وزە، یان کالۆری دەسووتێنیت، یان سەرف دەکەیت، بەڵام بە پیادەڕۆیی کاتێکی زیاترت پێویستە، چونکە ماسوولکەکان بە چوستییەکی کەم بەکار دەهێنرێن، کەچی راکردن پێویستی بە چوستیی زیاتری بەکارهێنانی ماسوولکەکان هەیە. بە مانایەکی دی، بە راکردن ٥٠٪ زیاتر کالۆری سەرف دەکەیت و کاتی کەمترت پێویستە بۆ هەمان دووری کە بە پیادەڕۆیی دەیبڕیت. لەگەڵ هەموو ئەم جیاوازییانەدا، پسپۆڕان پێیان وایە کە پیادەڕۆیی باشترین مەشقی وەرزشییە و بۆ هەمووان گونجاوە، بەتایبەتی بۆ بەساڵاچووان. ئەگەرچی بە پیادەڕۆیی بڕێکی زۆری کالۆری ناسووتێنیت، بەڵام زیاتر کردارییە و پێویستی بە ئامادەکاریی زۆر نییە، وەکو گوتراوە «پیادەڕۆیی هەرزانترین و ئاسانترین و سەلامەتترین مەشقی وەزرشییە»، هەروەها پێویستی بە کەفشی تایبەت و مەشقکردن و کارامەیی وەرزشیی تایبەت و یاریگای تایبەت نییە، هەموو کەسێکیش دەتوانێت کە بە بێ گرفت لە هەر شوێنێکدا ئەنجامی بدات. پسپۆران رێنمایی دەکەن کە بۆ ئەوەی پیادەڕۆیی هەموو ئامانجە تەندروستییەکانی بپێکێت، پێویستە کە خێرا و چالاکانە Brisky ئەنجام بدرێت، بۆنموونە بڕینی دووری سێ میل (٤,٣٧ کیلۆمەتر) لەماوەی ٤٥ خولەکدا کە ببێتە ئەگەری زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، بێ ئەوەی پێیەوە هیچ سەخڵەت و نارەحەت و هەناسەتەنگ و ماندوو ببیت.

# بایەنجان هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێش



بایەنجان Eggplant دەوڵەمەندە بە ماددە دژەئۆکسانەکان، بەتایبەتی پۆلیفینۆلەکان Poly-phenols کە ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان و زیادبوونی ئاستی هەوکردن لە لەشدا. بایەنجان ڕێژەیەکی باش لە ڤیتامینەکانی A، C لەگەڵ کۆمەڵەی ڤیتامین B لەخۆدەگرێت، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم و سۆدیۆم، هەروەها سوودبەخشە بۆ کەمکردنەوەی کێشی لەش بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ریشاڵی تەواوە و نەتەواوە، بۆنموونە هەر ١٠٠ گرام بایەنجان نزیکەی ٢,٥ گرام ریشاڵ لەخۆ دەگرێت، سوودەکانی دیکەی بایەنجان: کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، هاندانی فرمانەکانی کۆئەندامی هەرس، خۆپاراستن لە هەندێک جۆری شێرپەنجە، باشترکردنی تەندروستیی ئێسک، خۆپاراستن لە کەمخوێنی، باشترکردنی فرمان و تواناکانی مێشک.

بایەنجان یەکێکە لەو خۆراکانەی کە دەبێتە ئەگەری هەستەوەری لە هەندێک کەسدا، کە نیشانەکانی بریتین لە: خورشت وسووربوونەوەی پێست بە شێوەی پەڵەی پەمەیی یان سوور، خورشت لە لێو و زمان و قورگدا، کۆکە، ئازاری گەدە، رشانەوە، هەروەها سکچوون.

# ئایا گوێگرتن لە مۆسیقا پێش نووستن زیانی هەیە!

ئەگەرچی گەلێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە گوێگرتن لە مۆسیقا پێش نووستن هێورکەرەوەیە بۆ سیستمی دەماریی ئۆتۆنۆمی بە شێوەی لەسەرخۆبوونەوەی هەناسە و لێدانەکانی دڵ، لەگەڵ دابەزینی پەستانی خوێن، بەڵام لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی بایلۆر Baylor University لە تەکساس هاتووە، کە گوێگرتن لە مۆسیقا راستەوخۆ پێش نووستن و لەکاتی نووستندا لەوانەیە ببێتە ئەگەری تێکدانی خەو، باسی ئەوەش کراوە کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری بێداربوونەوە لە نیوەشەودا، لەگەڵ هەستکردن بە دەنگدانەوەی بەردەوامی مۆسیقا، یان گۆرانی بە ریتمێکی خێراتر لە گوێیەکەدا، کە لە پزیشکیدا بە حاڵەتی کرمی گوێ Ear-worm ناوزەد دەکرێت، ئەوەش سەلمێنراوە کە بێدەنگی، یان هێمنی زۆر گرنگە بۆ خەوێکی ئارام و دروست. هەر چەند گوێگرتن لە مۆسیقا، یان گۆرانی پێش نووستن زیاد و بەردەوام بێت، هێندە ئەگەری تووشبوون بە کرمی گوێ لەکاتی نووستندا زیاتر دەبێت و خەو تێک دەدات. هەندێ سەرچاوەی پزیشکیی دیکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە گوێگرتن لە مۆسیقا، یان گۆرانی راستەوخۆ پێش نووستن وا لە مێشک دەکات کە بەردەوام بێت لە پرۆسێسکردنی گۆرانی لەکاتی نووستندا، ئەمەش بە رێژەی ٢٥٪ دەبێتە هۆی بێداربوونەوە لە درەنگانی شەودا، کە لە کوالێتیی خەو کەم دەکاتەوە.



# جیهانی لاپتۆپ و گۆڕانکارییەکی نوێ

**کاتێك لاپتۆپ بەرهەم هات، گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی کۆمپیوتەردا هاتە دی، ئیدی کۆمپیوتەر ئەو ئامێرە قورس و کێش زۆرە نەبوو کە قەبارەیەکی گەورەیان هەبوو و لە شوێنێك دادەنران و بەکارهێنەر نەیتوانی لەگەڵ خۆی بیباتە هیچ شوێنێك. لاپتۆپ هەوێنی سەرەکی بەرهەمهێنانی تەبلێت بوو، ڕەنگە هی مۆبایلیش. ئەوانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین، چەند لاپتۆپێکی ناوازەن هەم دیزاین و هەم کارایان جیاوازە.**

## ڕۆگ مۆزەر شیپ لاپتۆپ یا تەبلێت



کۆمپیانیای Asus کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ و بەتایبەت کۆمپیوتەر و پارچەکانی. لاپتۆپی جۆری Asus ROG Mothership GZ700 ویستی گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی لاپتۆپدا پێك بێنێ. ئەم بەرهەمە کە دەیبینی لە ڕاستیدا هیچ وەك لاپتۆپ ناچێ، چونکە ناکرێت وەك لاپتۆپێك بە ئاسانی لەسەر کۆشی دابنێی. هەروەها دیسکتۆپیش نییە، چونکە دەکرێت بەکارهێنەر لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێك بیبات. بەرهەمێکە کەوتۆتە نێوان لاپتۆپ و دیسکتۆپ. لە هیچ پێناسەیەکدا ناگونجێ، بەڵام وا باشترە ناوی بندرێ کۆمپیوتەری هەمە کارەی بێ وایەر. شاشەکەی ١٧ ئینجە و زیاتر بۆ ئەوانە بەرهەمهاتووە کە گەیم دەکەن. لە ڕاستیدا تەبلێتێکی مەزنە کە دەکرێت بەشێوەی ستوونی لەسەر پایە دابندرێ.

ئاسۆس بە بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرە سەلماندی کە دەکرێ مەودایەك لە نێوان دیسکتۆپ و لاپتۆپ و تەبلێتدا نەمێنێ.

## گۆڕانکارییەکی نوێ لە دیزاینی لاپتۆپدا



بۆ ئەوەی کە لاپتۆپ جارێکی دیکە بێتەوە ناو جیهانی ئامێرە تەکنەلۆژییە سەردەمیەکان، دەبێ گۆڕانکاری تێدا بکرێ، بەجۆرێك لە مۆبایل نزیکتر بێتەوەو ئەرکی مۆبایلیش ئەنجام بدا.

کۆمپانیای Dell بە بەرهەمهێنانی لاپتۆپی جۆری Dell XPS 12 ویستی گۆڕانکارییەکی نوێ بێنێتە ئاراوە.

ئێستا باوی ئەو لاپتۆپانەیە کە لەیەك کاتدا هەم دەبن بە تەبلێت و هەم لاپتۆپ، بۆ نموونە لاپتۆپی سێرڤیسی مایکرۆسۆفت. کۆمپانیای Dellیش بە بەرهەمهێنانی ویستی لاساییەکی زیرەکانەی مایکرۆسۆفت بکاتەوە.

یەکەم لاپتۆپیش بوو کە شاشەکە هەموو چوارچێوەیەکی گرتووە، شاشەکە لەلای ئاسۆییەوە بە چوارچێوەیەکەوە پەیوەند دەدرێ.



# ئەیسەر لاپتۆپێکی ناوازە بەرهەم دێنێ

بە فرەگیربوونی مۆبایل و پەرەسەندنی لە جیهاندا، تا رادەیەکی زۆر جیهانی لاپتۆپ تووشی قەیران یان گۆڕانکارییەکی زۆر بووە. لاپتۆپ ئیدی ئەو پێگەیەی جارانی خۆی نەماوە. هەرچەندە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی لاپتۆپ هەوڵ دەدەن گۆڕانکارییەکی نوێ لە لاپتۆپدا پێکبێنن.

ئێستا لاپتۆپ زۆرتر بۆ ئەوانە دەبێت کە سوودی لێوەردەگرن، پێشووتر بەمجۆرە نەبوو، زۆربەی خەڵك ئەوەی پێویستیشی پێ نەبا کۆمپیوتەرێك جا دیسکتۆپ یا لاپتۆپی دەکڕی، بەڵام مۆبایل بازاڕی لاپتۆپی بەرەو سستی برد.

گۆڕانکارییەکی نوێ کە لەم دواییانەدا لەلایەن Acerەوە لە مۆبایلدا کرا، بەرهەمهێنانی لاپتۆپی جۆری Acer Iconia 6120 بوو. هەموو لاپتۆپێك لە دوو پارچەی سەرەکی کیبۆرد و شاشە پێکهاتووە و کیبۆردەکان ئەو دوگمانەن کە کەوتوونەتە خوارەوەی شاشەکە، بەڵام لە لاپتۆپی ناوبراودا کیبۆردێك نابینرێ. هەردوو بەشەکە شاشەیە. بەهۆی ئەو شاشە لەمسیەوە کە بە ئاسانی دەبێتە کیبۆردێکی لەمسی، دەتوانی بەدەستخەتیش بابەتەکانت بنووسی، یان وێنەیەك بکێشیەوە. هەروەها بە دروستکردنی کلیلی تایبەت دەتوانرێ راستەوخۆ و خێرا پرۆگرامەکان بکەیەوە یا سەرێك لە وێب سایتەکان بدەی.

# هواوی نیازی هەیە پێش ئایفۆنیش بکەوێ

رکابەری نێوان ئەمەریکا و چین هەر بە ململانێی سیاسی نەوەستاوە، بەڵکو لە بواری تەکنەلۆژیاشدا ململانێیەکی بەهێز هەیە، بۆ نموونە لە بەرهەمهێنانی مۆبایلدا. هواوی کۆمپانیای چینی دونیای تەنیوەتەوە، بە بەرهەمهێنانی مۆبایلی جۆری P50 pocket نیازی هەیە پێش ئایفۆنیش بکەوێ.

مۆبایلی P50 pocket نوێترین بەرهەمی هواوییە. سێ رەنگی رەش و سپی و زێڕی هەیە. دیزاینی مۆبایلەکە لە گشت دیزاینەکانی هواوی جیایە. دەنووشتێتەوە.

شاشەکەی نزیك بە ٧ ئینجە لە جۆری OLEDیە. کامێرایەکی زۆر بەهێزی هەیە ٤٠ میگاپیکسل و لێنزێکی ١٣ میگاپیکسیلی زۆر پان و کامێرایەکی ٣٢ دوو میگاپیکسیلی جۆری Ultra Spectrum. کامێراکە بە رادەیەك بەهێزە تەنانەت ئەوەی بە چاویش نابینرێ وێنەی دەگرێ. رامەکەی ١٢ گیگابایتە و هەروەها میمۆرییەکەی ٥١٢ گیگابایت. وای-فای ٦ی هەیە. کێشی تەنیا ١٩٠ گرامە. بارستایی تەنیا ٧,٢ ملمە.





# باخەوانە زیرەکەکە

لە ماوەیەکی کەمدا، زۆربەی ئەرك و کارەکانی ژیان بەو ئامێرانە بەڕێوە دەچن کە لەلایەن پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای سەردەمەوە بەرهەم دێن. هەتا چێشت لێنان و گەسك لێدان و باخەوان و پاسەوان و چاودێری ماڵەوەش...

ئامێری زیرەکی ئاودانی گاردانا Gardena یەکێکە لەو ئامێرانە. ئەگەر حەز دەکەی ئاگاداری باخچەی ماڵەوە بی. ئاودانی باخچەکەت لەلا گرانە. ئەوە ئەرکەکان بە گاردانا بسپێرە. ئەو بەپێی ئەو پرۆگرامەی بۆی دادەنێ لەکات و ساتی خۆیدا ئاودێری دەکا. ئامێرەکە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و هەرکاتێك حەزت لێ بوو کاری ئاودان بکە. لەوەش گرنگتر دەتوانی گشت پرۆگرامەکە بە خودی گاردانا بسپێری کە هەستەوەرێکی تێدایە و هەستەوەرەکە لە ژێر خاك دادەنرێ و هەرکاتێك هەست بەوە بکا کە خاك وشك بۆتەوە خۆکار دەست دەکات بە ئاودان.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆکاری چییە هەژماری ئینستاکەم لەخۆوە سڕایەوە؟**

خوێنەری بەڕێز هۆکاری لەکارکەوتنی هەژماری ئینستا بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم ئەگەر تۆ ئەکاونتی فەیسبوکت نەبێت و ماوەی زیاتر لە مانگێك سەردانی ئەکاونتی هەژماری ئینستاکەت نەکە، ئەوە لە چالاکی دەکەوێ.

ئەگەر وێنەی نارێك دابنێی، یا ئازاری و بێڕێزی بە کەسانیتر بکەی ئەوە دەسڕێتەوە. هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە خوار ١٣ساڵییە ئەوا هەژمارەکەیان دەسڕێتەوە. جنێودان بەکەسانی دیکە، هاك کردنی بەهۆی پرۆگرامی تایبەتەوە دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەژمارەکەت. بەر لە سڕانەوەش ئاگادارییەکەت بۆ دێ، هۆکارەکەی روون دەکاتەوە.

# سامسۆنگ شاشەیەکی تایبەت بەرهەم دێنێ

لەوکاتەوە پەتای کرۆنا هەموو جیهانی تەنیوە، مەودای نێوان مرۆڤەکان زۆرتر بوو. زۆر ئامێر تایبەت بەم سەردەمە بەرهەم هاتن. شاشەی S40VA سامسۆنگ یەکێکە لەو ئامێرانە.

شاشەیەك کە مایك و وێبکەی لەخۆیدایە. رەنگە بپرسن جا مایك و وێبکەم چ رۆڵێکی هەیە چ زۆرە مایك و وێبکەم؟ پرسیارەکە بەجێیە، بەڵام هەموو مایك و وێبکەمەکان بە جیان و لەگەڵ کۆمپیوتەر یا شاشەدا نین. ئەوانەی لەگەڵ شاشەدان کوالیتیان زۆر لە خوارەوە.

شاشەکە ٢٤ ئینجە.

شاشەکە قفڵ دەدرێت و بە سیستەمی ناسینەوەی روخسار یا پەنجەمۆر دەکرێتەوە. مۆنیتۆری ناوبراو بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانسە ئۆنلاینەکان، بۆ خوێندن و وتنەی دەرس لە رێگای دوورەوە، بۆ گەمە کردن لە رێگای دوورەوە زۆر بە سوودە.

کامێراکە فوول ئیچ دییە. لە گۆشەی ١٧٨وە را دەبیندرێ. بۆیە ئەگەر کۆمەڵێك کەسیش لە پەنای یەك بن دەتوانن سوودی لێوەربگرن.





# لاپتۆپێکی نوێ بە ستایلێکی زۆر ناوازە

سەردەمی ئێستا، سەردەمی ئەو شاشانەیە کە دەنووشتێنەوە، بۆ نموونە مۆبایلە زیرەکەکانی سامسۆنگ و مۆتۆرلا و هواوی کە شاشەکانیان دەنووشتێنەوە و قەد دەکرێن و دەبنەوە بەیەك شاشە.

کۆمپانیـای لینۆڤـۆ لاپتۆپێکـی لـەم جـۆرەی بەرهەم هێنـاوە. لاپتۆپـی ThinkPad X1 Fold یەکەم لاپتۆپە ئـەو دیزاینە ناوازەی هەبێ. بەکارهێنەر دەکرێت بە پێی پێویستی خۆی بیچەمێنێتەوە، وەك لاستیك وایە بە ویستی بەکارهێنەر دەگۆڕدرێت. دەکرێت وەك کتێبێکی لێبکرێ کە کراوەتەوە. دەکرێت وەك لاپتۆپێکی بچووك سەیری بکەی یاد دەکرێت وەك تەبلێتێکی مەزنی لێبێت. کاتێك هیچ سوودی لێوەرنا گیردرێ دەکرێت وەك دەفتەری یادداشت نووسین بەکار بهێندرێت. شاشەکە ١٣,٣ ئینجە. پایەیەکی چەرمی هەیە دەکرێت تەبلێتەکە بەشێوەی ستونیش دابندرێ، هەروەها دەکرێ بەشێوەی موگناتیسی لە کیبۆردێك بخرێت. ئەوکات وەك لاپتۆپێکی بچووکی شاشە ٧ ئینجی سوودی لێوەربگیردرێ.

یەکەی لێکدانەوەی Corei5»، 8 گیگابایت رامەکەیەتی، هاردەکەی لە جۆری M2 کە ٥١٢ گیگابایتە.



## ماڵپەڕی چیای ئیڤیرێست بە شێوەی سێ ڕەهەندی

پێموایە زۆربەی خەڵکی جیهان دەزانێت کە بەرزترین چیا لە جیهاندا، چیای ئیڤیرێستە، چیایەك بە بەرزی ٨٨٤٨ مەتر بەرزی لە ئاست دەریاوە. ئەگەر حەزت لە شاخەوانییە و دەتهەوێ زانیارییەکی ورد سەبارەت بەو چیایە بزانی ئەوە سەیری ماڵپەڕی https://mount-everest3d.com/ بکە. لەو ماڵپەڕەدا بە شێوەی 3D واتە سێ ڕەهەندی دەتوانی ئەو چیایە ببینی. لەو ماڵپەڕەدا گشت ئەو ڕێگایانەی کە شاخەوانان بۆ سەرکەوتنی بەسەر کێوی ئیڤیرستدا دەیپێوین دەبینی. دەتوانی لە هەر لایەکەوە سەیری بکەی. یەکێك لە خاڵە جێگای سەرنجەکانی ماڵپەڕەکە ئەوەیە کە دەتوانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ GPS گشت ئەو شاخەوانانەی ببینی کە خەریکن بەسەر چیاکەدا سەردەکەون.

# پرۆگرامی دروستکردنی مینۆ بۆ خواردنگەکان





کاتێك دەچییە ریستۆرانت و خواردنگەیەك، لیستێکی خواردن و خواردنەوەکانت دەخەنە بەردەست بۆ ئەوەی کە خواردن و خواردنەوەی مەبەستت هەڵبژێری. دروستکردنی لیستێکی وا واتە (menu) بە زۆر پرۆگرام دروست دەکرێت، بەڵام پرۆگرامێکی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە هەیە کە بە NCH Express Menu Plus ناسراوە. لەم پرۆگرامەدا دەکرێت ڕێکخستنی جۆراوجۆر بۆ درووستکردنی مینۆ دروست دابندرێ. بەهۆی پرۆگرامەکە دەتوانرێ کێشەی نوێکردنەوەی لیستەکەت نەمێنێ. لە ڕاستیدا هەرکاتێك کە ویستیت لیستەکە دەکەیەوە و گۆڕانکاری لە بواری نرخ و جۆری خواردنەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێنی. زیاتر لە ٢٠ چوارچێوەی ئامادەیی تێدایە. بە ویستی خۆت دەتوانی چوارچێوەکان دەستکاری بکەی.



# هەڵبژاردنی خشڵی قەبارە گەورە پەسندە

بەشێکی زۆری کچان حەز بە ئێکسسواری گەورە دەکەن، ئێکسسوارە بچووکەکان زیاتر لای ئافرەتانی بەتەمەن پەسندن، ڕەنگە بیر لەوە بکەیتەوە کە پۆشینی ئێکسسواری گەورە و زۆر کاریگەری خراپی لەسەر جوانیت هەبێت، بەڵام ئەوە تێڕوانینێکی هەڵەیە، لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن دەتوانیت ئێکسسواری زۆر و قەبارە گەورە بپۆشیت، بەبێ ئەوەی جوانیت بشێوێنیت، هە روەکو لە گۆڤاری (ئۆپێرا)دا هاتووە: سەبارەت بە ملوانکەی گەورەوە، هیچ کێشەیەك بۆ جوانیت دروست ناکات، ئەگەر لەگەڵ جلێکی سینگ کراوە، یان بێیەخە لەبەری بکەیت، وەك کراس و بەدی، هەروەها نەشیاوە ئەگەر زنجیر و بەشە ئێکسسوارەکەی ملوانکەکەت هەردووانیان گەورە بن، بەڵکو پێویستە پێچەوانەی یەکتر بن لە قەبارەدا. گوارەی گەورە ئاساییە، بە مەرجێك قژت کراوە بێت و بەشێکی ون بکات و لایەکی دەربکەوێت، بەڵام هەڵگرتنی قژ و لە گوێکردنی گوارەی گەورەپێکوە ناگونجێن. سەبارەت بە بازن، دەتوانیت بازنی گەورەی تاك لە دەست بکەیت، بەبێ هیچ کێشەیەك، بەڵام کاتێك ویستت ریزێك بازن لە دەست بکەیت، هەوڵ بدە جلەکەت قۆڵدار بێت. لە بارەی ئەڵقە و ئەنگوستیلەوە، هەوڵ بدە ئەگەر ئەڵقەکانت زۆربوون، یان گەورەبوون، با سادەبن و ڕەنگاوڕەنگییان پێوە دیار نەبێت.









## جیاوازی برژانگی دەستکرد و سرووشتی


برژانگ جوانی و گەشانەوەی روخسارت دەردەخات، تەنانەت چاوەکان ئەگەر جوانیش بن، کە برژانگ نارێك بوو، ئەو کاتە هیچ سوودێکی نابیت، بۆیە تا دەتوانیت برژانگەکانت فەرامۆش مەکە، چێکردن و رازاوەکردنی برژانگ ئەرکێکی گرنگە، هەروەها دانانی برژانگی دەستکرد هۆکارێکە بۆ زیاتر ناسکبوونی چاوان، لە ئێستادا بە تایبەت بۆ کاتی بۆنە و ئاهەنگەکان، زۆربەی ئافرەتان حەز بە برژانگی دەستکرد دەکەن، بۆیە وەك خانمێك هەوڵ بدە برژانگت بە جوانترین شێواز دەربکەوێت، برژانگ بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان پێویستە کراوەتر و درێژتر بێت، شێوازەکانی برژانگ زۆرن، بەڵام دیارترینیان برژانگی لەوزیی (Lola lashes)ە، کە بە شێوەیەکی یەکسان لەسەر چاو دادەنیشێت، بۆ ئەوانە گونجاوە کە شێوەی چاویان وەك شێوەی باویە، بۆ ئەوانەی شێوەی چاویان خڕ و بازنەییە، پێویستە برژانگی harmony بەکارهێنن، بۆ کاتی دەوام و زانکۆش گونجاوە، بۆ ئەوانەی چاویان لە یەکتر نزیکە، دەتوانن برژانگی Aylurre بەکاربهێنن کە بەشی ناوەوەی چاو بەجێ دەهێڵێت، بۆ ئەوانەی چاویان قووڵە، برژانگی Ardell بەکار بهێنن، کە چاویان بەرەو دەرەوە نیشان دەدات و، بۆ رۆژانی ئاسایی و دەرچوون گونجاوە.



## قەشەنگی جلوبەرگی رەنگ پەمەیی لە وەرزی گەرمادا

کەشوهەوای وەرزی هاوین، پێویستی بە جۆرە پۆشاکێکە کە لەگەڵ مۆدەکانی ئەو ماوەیەدا بگونجێت و، هەروەها پۆشاکێك بێت کە بە دوورت بگرێت لە گەرما و ئارەقە کردن، قوماشی هەر جلێك جیاوازە لەوەی دیکە بۆ وەرگرتن و دانەوەی گەرما، خانمانیش لەم وەرزەدا پێویستیان بە بلووز و بەدی و کراسە، گرنگە بتوانیت جلێکی وا هەڵبژێریت نەبێتە مایەی بێزارکردن، لە هەمان کاتیشدا مۆدێکی نایاب و بەرچاو بێت. مارکەی (تریکۆ)ی بەریتانی، کە یەکێکە لە مارکە بەناوبانگەکانی جلوبەرگ، لە دواترین مۆدەکانی جلی هاوینەدا مۆدێکی ناوازەی پێشکەش خانمان، بە ناوی مۆدی (بۆنجۆر تریستیس) کردووە، کە زیاتر خۆی لە بلووز و بەدیدا دەبینێتەوە، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەشی گەرما، رەنگی پەمەییان هەڵبژاردووە، کە رەنگێکە لە سپی نزیکە و کاردانەوەی بۆ گەرما بەهێزە، ئەو مۆدە وای کرووەد کە زۆربەی خانمە ناودارەکانی جیهان لە فیلم و کلیپەکانیاندا بیپۆشن، وەك: کامێلا شارێیر و کاترینا ورمێرۆد، ئەو شێوازە جلە بۆ دەرچوون و دەوام و گەشتکردنیش دەگونجێت، تەنانەت دەتوانیت لەگەڵ چاکێتدا بۆ شوێنی فەرمی بیپۆشیت.

# تەمەنی کەباب
# لە کوردستان ١٠٠ ساڵە





کەباب، خواردنێکی بەتام و خۆشەویستی هەموانە، لە هەموو جیهاندا وەك خواردنێکی خێرا و ئاسایی دادەنرێت، مێژووی ئەو خواردنە بۆ سەدەکانی ١٤ دەگەڕێتەوە، سەرچاوەی کەباب بۆ وڵاتی شام دەگەڕێتەوە، پسپۆران دەڵێن: ناوی کەباب لە کەبابۆی ئەرامی سووری هاتووە، کە ئەویش بە مانای سووتاندان بە ڕەژوو دێت، جاران کەباب بە شێوەی بازنەیی بوو کە لەسەر سێر سوور دەکرایەوە، کە بە ناوی veggie kabob بوو، هەر شیش کەبابێك نزیکەی ١٥٠ گرامە و بڕی ١٨٩٠ یەکەی گەرمیی تێدایە، لەگەڵ ٩ چەوری و کولیسترۆڵ ١٠٢ و ریشاڵ ٢ و پرۆتینیش ٢٥، لە کوردستان وەستای بەناوبانگی کەباب لە دێر زەمانەوە هەن، بەڵام ئەوەی دیارە و ماوەتەوە خێزانی مەدحەت کەبابچیە لە هەولێر، کە تاوەکو ئێستا کوڕ و نەوەکانی لە کەباب دروستکردن نەوەستاون، کە نزیکەی ١٠٠ ساڵە کەبابچین و پیشەکە لە باوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە، ئێستا وەستا هیوای کوڕی مەدحەت کەبابچی ئەو کارە دەکات، ئەوەی سەیرە ئەو شیشانەی کەبابی پێی دەبرژێنن و سووردەکەنەوە نزیکەی ٧٠ ساڵە هەن و ماون، تاوەکو ئێستاش بە سەلامەتی کاری پێ دەکرێت بەبێ ئەوەی ژەنگ بگرێت.






# گەورەترین کوارگ
# لە جیهاندا

هەمیشە قەبارەی کوارگمان ئەوەندەی پرتەقاڵ و هەنارێك بینیوە، بەڵام ئەوەیان جیاوازە و دوو ئەوەندەی مرۆڤێکی ئاسایی دەبێت، ئەو جۆرە کوارگە لە ویلایەتی ئۆریگۆنی ئەمریکا دەڕوێت، بە شێوەیەك گەورە دەبێت کە مرۆڤ ناتوانێت بیچنێت، چونکە هێندە گەورەیە تەنیا بۆ وێنەگرتن و یادگاری لێی نزیك دەبنەوە، ئەو جۆرە کوارگە ناوی (Armillaria ostoyae)یە، نزیکەی (٦٠٠) تەن دەبێت، جۆرێکی دیکەش (٢٥) تەن دەبێت، ئەوەی سەیرە ڕەگەکانی جۆری یەکەم دەگاتە (٣٧٠) مەتر دووجا، ئەو جۆرە کوارگانەی کە بە کێش و قەبارە گەورەن، بریتیین لە: ostoyae و gallica و و-solidi pes و cepistipes، هەریەکە لەو جۆرە کوارگانە، لە شێوەی بچووکی خۆیان گەورەتر دەبن، هەندێك جارێك دوو هێندەی مرۆڤێکی ئاسایی دەبێت.



شەڕی ئۆکرانیا، چەند مانگێکە بەردەوامە و خەڵکی ئەو وڵاتەش لە پێشکەوتن و بەرگری بەردەوامن، هەروەها لە داهێنان و کاری ڕۆژانەیان ناوەستن، دواجار تیمی ئۆپێرای ئۆکرانیا لەژێر تۆپباران و جەنگدا نمایشەکانیان دەست پێ کردەوە، ئۆپیرای ئەو وڵاتە تەمەنی ١٣٥ ساڵە و دەکەوێتە شاری ئۆدیسا لە باشوری ئۆکرانیا، هەفتەی پێشوو هەڵسان بە پێشکەشکردنی چەندین نمایشی







## سەرکێشیی بە دەم و ددان




ئەوانەی یاریی سێرك دەكەن، بۆ بەرزبوونەوە و بازدان زیاتر دەست و بازوو بەكار دەهێنن، هەندێ جاریش حاڵەتی سەیر دەبینین، كە جێگەی سەرنجە، بەڵام ئەوەی ئەو ئافرەتە ئەمریكییە دەیكات، لە یارییەكانی سێرك و وەرزشی ناچێت، بەڵكو سەركێشییەكی بێ سنوورە، ئەو خانمە ناوی (ئریەندێرا والیندا)یە، تەمەنی (٣٦) ساڵە، لە سەیرترین نمایشی ئەوەیە كە خۆی بە هەلیكۆپتەرێكدا هەڵواسیبوو، ئەوەی زیاتر سەیرە كە دەستەكانی بەكارنەهێناوە، بەڵكو بە ددانەكانی خۆی ڕاگرتووە، نمایشەكە لەسەر تاڤگەكانی نیاگارا لە وڵاتی ئەمریكا بەڕێوە چوو، تەنیا بۆ سەلامەتیی خۆی، پشتێنی سەلامەتیی لە ناوقەدی بەستبوو، بەو كارە سەیرە توانی لە بەرزایی (٩١) بوەستێت تەنیا بە ددانەكانی، ماوەی سەركێشییەكەی گەیشتە (١٥) خولەك، ئەنجا هەستی بە ماندووبوونی دەم و ددانەكانی كرد.

## ئۆپێرا لە نێو جەنگدا بەردەوامە





میوزیك و ئۆپێرا لە خانەی ئۆپێرای ئەو وڵاتە، ئەندامانی ئۆپێرای ئۆكرانیا ١٠٠ كەسن، هەموویان لە نمایشەكە بەشداربوون، ئامادەیی خۆیان دەربڕی لە پێشكەشكردنی كارەكانیان هاوشێوەی سەربازان و خەڵكی ئەو وڵاتە، زۆربەی نمایشەكانیش گوزارشت بوون لە بەرگری و بەهێزیی ئۆكرانیا بەرامبەر داگیركاریی ڕووسیا، كە چەند مانگێكە جەنگیان لەگەڵ ئەو وڵاتە بەرپا كردووە.



## لاشە لەژێر باڵەخانە

ئەگەر لە دوورەوە چاوت بەو باڵەخانەیە بکەوێت، خۆت بۆ ناگیرێت و تاو دەدەیتە شوێنەکە، لەبەر ئەوەی وادەکەوێتە بەرچاوت کە کەسێك ژێر دیواری باڵەخانەکەدا کەوتووە، کەچی لە راستیدا ئەوە کارێکی هونەریی هونەرمەندی ئیتاڵی (فرا بیانکۆشۆك)ە، کە یەکێکە لە هونەرمەندانەی بەو جۆرە کارانە بەناوبانگە، ئەو وێنەیەی دەیبینن کارێکی ناوازەی ئەو هونەرمەندەیە لە شاری پراگی پایتەختی وڵاتی چیك، تا دواجار کەسێك پەیوەندیی بە پۆلیس کردووە، کە کەسێك کەوتووەتە ژێر باڵەخانەیەك، بەڵام پۆلیسەکان پێیان راگەیاندووە، کە ئەوە کارەکانی (فرا)یە، پێویست ناکات نیگەران بێت.





## فیلم

## دڵی وەنەوشەیی - Purple Hearts




فیلمێکی رۆمانسی و خۆشەویستییە، باس لە سەرباز و کچە گۆرانیبێژێك دەکات، سەرەڕای جیاوازی لە کارەکانیان و جیاوازی بیروڕایاندا، بەڵام دەبنە خۆشەویستی یەکتر، فیلمەکە لە مانگی حەوتی ئەمساڵ تەواو بووە، لە دەرهێنانی (ئەلیزابێت ئەلێن رۆسینباوم)ە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و حەوت خولەکە، لە ئامادەکردنی ئیشای سێتۆن و نواندنی (سۆفیا کارسۆن، نیکۆلاس گالیتزین، کیندان چیاڵ، چاواس جەیکوب، لیندان ئەشبی و ئەنتۆنی لقۆلیتۆ و جۆن هارلان کیم)ە.

## کاریکاتێر



کاریکاتێرێکە باس لە گرانبوونی نرخی سووتەمەنی و بەنزین دەکات، کە لە سەراپای جیهاندا نرخی بەنزین هەڵکشاوە و گرانبووە.

## میوزیک



**مونی لۆنگ**
**Muni Long_Hrs & Hrs**

یەکێکە لە تراکە سەیرەکانی گۆرانیبێژ لانۆ دییە، لەلایەن هونەرمەند ڤان تێرا کاری بۆ کراوە، لە ئەلبوومی Muni Long_Hrs & Hrs (Deep Soul Revisit) بڵاوکراوەتەوە، تراکەکە لە جۆری ئەماپیانۆیە، باس لە پەیوەندی نێوان دوو رەگەزی پیاو و ئافرەت دەکات کە چەندە تەبابن ژیانیان خۆشتر دەبێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەمڕۆ دەست بە کار و پرۆژەی نوێ دەکەیت و پەیوەندیی نوێ لەسەر ئاستی پیشەییت بەدەست دەهێنیت، لەرووی سۆزدارییەوە واز لە رابردوو بهێنە و پلانی داهاتو دابنێ و، باشترە راستگۆیانە رەفتار بکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەروی پیشەییەوە چارەسەری ئەو کێشانە دەدۆزیتەوە کە ئەم ماوەیە رووبەڕووت بووەتەوە، هەوڵ بدە لەگەڵ و بەهەر شێوازێك بێت خۆشەویستەکەت ناکۆکییەکانی نێوانتان وەلاوە بنێن، گرنگیی زیاتر بە تەندروستیت بدە و کەمێك ئارامیی بە دەروونت رابگرە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێش ئەوەی کارێکی نوێ دروست ببێت باشترە زیاتر بایەخ بە ئەرکەکانت بدەیت و دوای نەخەیت، هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، هەربۆیە دەکرێت بە سوپرازی خۆش ئاسوودەی بکەیت، خۆت بەدوربگرە لە توڕەیی.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەروی پیشەییەوە هەوڵ بدە بەشێوەیەکی ئاسایی بۆچوونی ئەوانی دیکە وەربگریت، بەهۆی ئەو کەسایەتییەی هەتە سەرنجی کەسانێکی زۆر لە چواردەورت بەلای خۆتدا رادەکێشیت، ئاگاداری خواردنی چەور و ناتەندروست بە، زیانی بۆ تەندوستیت هەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەپێی کات ئاستی زانیاری و تواناکانت زیاتر دەبێت، هەربۆیە بەشداریی ئەو پرۆژە و چالاکییانە بکە کە لەرووی پیشەییەوە ئارەزوویان دەکەیت، پێویستە گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت و داوای روونکردنەوە بکە لەو بابەتانەی لای تۆ نارِوونن.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کارەکان ماندووت دەکات و ئەرکێکی زۆرت هەیە، بەڵام شێوازی مامەڵەت لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە کە تواناکانت دەسەلمێنێت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت بە هاوبەشی بەشداریی هەندێك چالاکی سوودبەخش بکە، هەوڵ بدە کاتێکی گونجاو بۆ وەرزش بدۆزیتەوە.



## پەند و وتە

جۆن ڤیتزگیراڵد کنێدی، سەرۆکی ٣٥یمینی ئەمریکا و سیاسەتوان، دەربارەی کەسانی شکستخواردوو و سەرکەوتوو دەڵێت: کەسانی شکستخواردوو هەمیشە بە دوای هێنانەوەی پۆزش و ڕەخنەی کۆن و کاروباری پێشووەوەن، بەڵام کەسانی سەرکەوتوو بە دوای چارەسەر و ڕاییکردنی کارەکانیانەوەن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین کەس هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا کەسەکان بدۆزیتەوە و دیارییان بکەیت.

## بۆ زانیاریت

# بۆنی دەم

**ڕێگاکانی نەهێشتن و کەمکردنەوەی بۆنی دەم بریتیین لە:**

**١- غەرغەرەکردن بە ئاو:** وشکیی ناودەم یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بۆنی دەم.

**٢- پاککردنەوەی ناو دەم بەگشتی:** شوشتنی ددان بە فلچە و مەعجوون یەکێکە لە ڕێگە سەرکەوتووەکان بۆ نەهێشتنی بۆنی دەم، هەروەها پاککردنەوەی ددان گرینگییەکی خۆی هەیە، چونکە ددانەکان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ کۆبوونەوەی بەکتریا، کە دەبنە هۆکاری دروستبونی بۆنی دەم، وا باشترە بۆ شوشتنی ددانەکان ئەو جۆرە فلچانە بەکار بهێنرێت کە ددانەکانی بەشی دواوە بە باشی پاك دەکاتەوە.



**٣- دووركەتنەوە لە هەندێ خۆراك:** دوور کەتنەوە لە خۆراکەکانی وەك پیاز و سیر لە کاتی شەوان، لەبری ئەوە باشتر وایە ئەو جۆرە میوانە بخورێت کە دەوڵەمەندن بە ئاو.

**٤- خواردنی مۆز:** توێژینەوە نوێیەکان ئەوەیان دەر خستووە کە خواردنی مۆز دەتپارێزێت لە کێشەی بۆنی ناخۆشی ناو دەم هەتا پێنج کاتژمێر دوای خواردنی، هەربۆیە باشتر وایە لە خۆراکی پارشێواندا مۆز هەبێت.

## یاسا



ئەگەر کەسێك بە بێ تاوان بەند کرا، دواتر ئازاد بوو، مافی قەرەبووی هەیە؟

بەڵێ، بە پێی مادە ٢ لە یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠١٠ لە یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێتاوانیدا، هەر کەسێك بە بێ تاوان ڕاگیرا، یان ماوەی یاسای ڕاگیرانەکەی تێپەڕ بوو، یان حوکم درا بەبێ بەڵگەیەکی یاسایی، دواتر دەرکەوت بێتاوانە، بەپێی یاسا دەتوانێت داوای قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکات بۆ ئەو ماوەیەی بە بێ تاوان ئازادیی لێسەندراوەتەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بۆ ئەوەی لە کارەکەتدا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، دەبێ بە هێز و توانایەکی باشەوە هەنگاو بنێیت، ئەمڕۆ ڕەنگە کەسێك ببینیت کە بە دیداری سەرسام بیت و پێکەوە کاتێکی خۆش و ئاسوودە بەڕێ بکەن، ئەم ماوەیە خۆت لە هەڵچوون بپارێزە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ پرۆژەی نوێت پێ دەسپێردرێت و دەتوانیت بە ئاسانی هەنگاو بنێیت، باشترە زیاتر لەگەڵ خۆشەویستەکەت نەرمونیان بیت و بزانیت چۆن ڕەفتار دەکەیت، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی دروست بنیادبنێیت، باشترە سیستمی خۆراکیت ڕێکب خەیتەوە، لەپێناو دابەزاندنی کێشت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم ماوەیە لە ئەنجامی کارەکانت دەترسیت و زیاتر هەوڵ دەدەیت بۆ ئەوەی زیاتر پێشکەش بکەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕدەبیت، پێویستە زۆر ئاگاداری شێوازی مامەڵەکردنت بیت، هەمیشە وزە و تواناکانت لە چالاکی و بەهرەکانتدا بەکاربهێنە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت و کێشەی زۆر دەبیتەوە، بەڵام دەکرێت داوای هاوکاری لە هاوپیشەکانت بکەیت، لەڕووی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە هەمیشە خۆراگربیت، ئاگاداری خواردنی چەور و ناتەندروست بە، چونکە زیانت پێ دەگەیەنێت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


متمانەت بە تواناکانت هەبێت، ئەم ماوەیە ئەرکەکانت بەشێوەیەکی باش ئەنجام دەدەیت و هەنگاوی نوێ دەنێیت بەرەو ئامانجەکانت، بوونی متمانە لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باشتان هەبێت، پەستانی ژیان کەمێك ماندوت دەکات بەتایبەت لەڕوی دەروونییەوە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕەنگە کەسانێکی لێهاتوو و باش کاریگەرییان لەسەرت هەبێت و، هاوکارت بن تا لەڕووی پیشەییەوە هەنگاوی نوێ بنێیت، هەوڵ بدە یەکسانی لە نێوانی خۆت و خۆشەویستەکەتدا بپارێزیت، ڕێگە مەدە توڕەیی بەسەرتدا زاڵ بێت، چونکە زیانی تەندروستیی هەیە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
August 15, 2022 Issue,No.1328


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626